





## جەیلان: بەڵێن بێت خۆم فێری کوردی بکەم


**ڕووداو-دهۆک**

هونەرمەندی باکووری کوردستان جەیلان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ئاشکرای کرد کە باوکی کوردە و دایکیشی تورکە، بۆیە دەڵێت "نیوەم کوردە و نیوەم تورکە". جەیلان بەهۆی ئەوەی لە قوتابخانە و ماڵەوە و دەرەوە هەر بە تورکی قسەی کردووە، فێری کوردی نەبووە، بەڵام بەڵێنی دا خۆی فێری کوردی بکات. جەیلان کە بەشداری لە کەرنەڤاڵی ڕۆژی بە پارێزگابوونی شاری دهۆک کردبوو، گوتی "یەکەم جارمە دێمە کوردستان، بەڵام دڵنیام دواجارم نابێت". هەروەها بەڵێنی دا کە گەڕایەوە تورکیا مامۆستایەک بگرێ و خۆی فێری زمانی کوردی بکات، گوتیشی "ئەگەر جارێکی دیکە هاتمەوە کوردستان دەبێت تەنیا بەکوردی قسە بکەم".

10

### مارتن کۆبلەر:

## دۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستان دڵخۆشکەر نییە



**ڕووداو-هەولێر**

مارتن کۆبلەر، نێردەی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێت "بارودۆخی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان و لە سەرتاسەری عێراقیش دڵخۆشکەر نییە، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا کەمێک باشترە". سەبارەت بە ڕەوشی گرتووخانەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش، کۆپلەر دەڵێت "ئەشکەنجەدان لە زیندانەکان و دانپێدانانی ژێر ئەشکەنجە لە زۆر ناوچەدا دەبینرێت، هەروەها لە هەرێمی کوردستانیش شتی لەو شێوە ڕوودەدات". بەڵام ئەوەش دەڵێت "سەردانی هەولێرم کردووە و پێموایە حکومەتی هەرێمی کوردستان مافی مرۆڤ زۆر بە جدی وەردەگرێت".

9


Rûdaw
ڕووداو
خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت
چاپی کوردستان
ژمارە (263)
دووشەممە 3/6/ 2013
13ی جۆزەردانی 2713
(750) دینار
www.rudaw.net


### ئەمڕۆ ئۆپۆزیسۆن وەڵامی نامەکەی بارزانی دەداتەوە

# "ئەگەر دەستوور بخرێتە ڕاپرسییەوە دۆخەکە بەرەو شەڕ دەچێ"

**ڕووداو- هەولێر**

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی ڕایدەگەیەنێ ئەگەر دەستوور پێش هەموارکردنی بخرێتە ڕاپرسییەوە "دۆخەکە بەرەو شەڕ دەچێ". لە هەمانکاتیشدا دەڵێت "ئەگەر دەستوور خرایە دەنگدان و دەنگی هێنا ئەوە دەبێ بچەسپێ".

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەکاتی پێشکەشکردنی گوتارێک لە یادی شۆڕشی گوڵان لە 2013/5/26 ڕایگەیاند "نامەیەکم بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر مەسەلەی دەستوور ناردووە کە تێبینی خۆیان لەسەر پرۆژەی دەستوور بنووسن بۆ ئەوەی دوای ئەوەی دەخرێتە ڕاپرسییەوە ئەو تێبینیانە لەبەرچاوبگیرێن و ئەگەر پێویست کرا دەستوور هەموار بکرێت".

دوای تێپەڕبوونی هەفتەیەک بەسەر ناردنی ئەو نامەیە، وا بڕیارە ئەمڕۆ ئۆپۆزیسیۆن بۆ وەڵامدانەوەی نامەکەی بارزانی کۆببێتەوە. لەوبارەیەوە هیوا میرزا سابیر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی گوت "بڕیارە ئەمڕۆ هەرسێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆن لەشاری سلێمانی کۆببنەوە بۆ ئەوەی وەڵامی نامەکەی کاک مەسعود بدەینەوە".

دوایین هەڵوێستی یەکێتی لەسەر پرسی دەستوور، پەیامەکەی کۆسرەت ڕەسول عەلی، جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی بوو کە لە 38ەمین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبکەیدا ڕایگەیاند "دەبێ دەستوور بگەڕێتەوە پەرلەمان بۆ هەموارکردن".

کەمال کەرکووکی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بەو هەڵوێستەی جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت "هەڵوێستی یەکێتی لەسەر دەستوور بۆ پارتی زۆر ئیعتیادی بوو"، چونکە "ئەو مەسەلەیە لەلایەن پارتی حەسمکراوە و بڕاوەتەوە کە بەهیچ شێوەیەک دەستوور ناگەڕێتەوە پەرلەمان پێش ئەوەی میللەت دەنگی لەسەر بدات".

بەڵام سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان باسی پێشمەرج دەکات بۆ مەسەلەی ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەر پرۆژەی دەستوور و دەڵێت "دەبێ چارەسەرێکی سیاسی بۆ بدۆزینەوە تاوەکو هاوکاری یاساناسەکان بکرێت و دەبێ داوای لایەنە سیاسییەکانیش جێبەجێ بکرێت".

عەبدولستارمەجید، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی پێیوایە هەڵوێستەکەی یەکێتی زیاتر لە قازانجی خودی یەکێتیدایە "لەڕووی دەنگەوە بۆ هەڵبژاردنەکان، بەڵام پاڵپشتییەکی بەهێزتری بۆ ئۆپۆزیسیۆن دروستکرد".

عەبدولستار مەجید هۆشداری دەدات لە دروستبوونی دۆخێکی نائارامی کۆنترۆڵنەکراو لە هەرێمی کوردستان و دەڵێ "دۆخەکە بەرەو شەڕ دەچێ. ئێمە دەڵێین نابێ بچێتە ڕاپرسی و بەشێک لەدەسەڵات دەڵێ دەبێ ڕاپرسی لەسەر بکرێت، بەوشێوەیە هەرێمی کوردستان بەرەو ناسەقامگیری و ئاڵۆزی گەورە دەچێ بەشێوەیەک عاقڵمەندەکانیش سەریان لێدەرنەچێ".

4-3

"سەددام دوو ڕووی هەبوو"

20

85 ژن لە سلێمانی 95 کتێبیان بە ساڵێک نووسیوە

14





REKLAM



## ئاوی سلێمانی: ئاوی بیرەکانتان بێنن بۆ پشکنین



**ڕووداو-سلێمانی**

ئامانج جەلال، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی فەرمانگەی ئاوی سلێمانی داوا لە هاووڵاتیانی ئەو شارە دەکات، نموونەیەک لە ئاوی بیرەکانیان ببەنە لایان بۆ پشکنین. ناوبراو بە (ڕووداو)ی گوت "وەرزی هاوین نزیکبووەتەوە ، ژمارەیەک لە هاووڵاتیانی شاری سلێمانی ئاوی بیرەکان بەکاردێنن بۆ خواردنەوە، بۆیە وەک ڕێوشوێنێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر پەتا و نەخۆشییەک، دەمانەوێ ئاوی بیرەکانیان بپشکنین".

Asiacell

# هەموو کاتژمێرێک دیارییەک بەرەوە

**سلێمانی - عێراق:** تا بیسەلمێنێت کە سورە لەسەر پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاریی و بەرهەمی ناوازە لە بواری تەکنۆلۆژیای گەیاندن بۆ بەشداربووەکانی، کۆمپانیای ئاسیاسێڵ ڕایگەیاند کە بە تازەترین و باشترین ئۆفەر پێشوازی لە بەشداربووە نوێیەکانی دەکات کە چەندەها دیاری بەنرخی لەخۆگرتووە.

ئەم ئۆفەرە نوێیەی ئاسیاسێڵ ڕێگا خۆشدەکات بۆ بەشداربووە نوێیەکان بۆ ئەوەی ناویان بەشداربێت لە تیروپشکی بردنەوەی خەڵاتەکانی iPhone 5 و iPad ی نوێ و Galaxy S3. ڕۆژانە تیروپشک بۆ 24 براوە ئەنجامدەدرێت بە درێژایی یەک مانگ.

لەبارەی ئەم خزمەتگوزارییە نوێیەوە، عەبدوڵا حەسەن - بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکان لە کۆمپانیای ئاسیاسێڵ وتی "بەردەوام لە ڕێگەی ئۆفەرەکان و بەرهەمە ناوازەکانمانەوە هەوڵدەدەین کە هەموو پێداویستیەکانی بەشداربووەکانمان دابین بکەین و کارەکانی ڕۆژانەیان بۆ ئاسان بکەین، ئەوەش لەمیانەی بایەخدانمان بە پاراستنی ئەو ناو و ناوبانگە باشەی ئاسیاسێڵ لە بازاڕی گەیاندنی عێراقیدا هەیەتی."

پێویستە لەسەر بەشداربووە نوێیەکان ئەم ڕێگایانە بگرنە بەر بۆ ئەوەی ناوی بەشداربێت لە تیروپشکی خەڵاتەکان: "چالاککردنی هێڵە نوێیەکە، پڕکردنەوەی هێڵەکە بە پێنج هەزار دینار یان زیاتر، ئەنجامدانی پێنج خولەک پەیوەندی."

ئەم ئۆفەرە لە 5\26 دەستپێدەکات تا 2013\6\25 بەردەوامدەبێت و ڕۆژانە پەیوەندی بە براوەکانەوە دەکرێت، پێویستە براوە سەردانی بنەکانی فرۆشتنی ئاسیاسێڵ بکاتە لە ماوەیەک کە لە مانگێک زیاتر نەبێت لەڕۆژی پەیوەندییەکەوە. تەنها خەڵات دەدرێتە ئەو بەشداربووەی هێڵەکە بەناوی خۆیەوە تۆمارکراوە. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم ئۆفەرە و مەرجەکانی سەردانی ماڵپەڕی ئاسیاسێڵ بکەن www.asiacell.com.

هەروەها بەشداربووە کۆنەکان و نوێیەکانیش لە هێڵەکانی گەنجان و پۆستپەیدی تاکە کەس و کۆمپانیا و دامەزراوە حکومییەکان، دەتوانن بە نرخێکی کەمتر پەیوەندیبکەن 250 فلس بۆ سانیەیەک (15 دینار بۆ دەقیقەیەک) لە کاتژمێر 12 ی شەو تا 8 ی بەیانی بەبێ هیچ لێبڕینێکی بەشداریکردن، ئەم ئۆفەرە لە 26ی ئایاری 2013 وە دەستپێدەکات.



## ڕیپۆرتاژ

### ئاریز عەبدوڵڵا:
### دوای ڕێککەوتن بخرێتە ڕاپرسییەوە

ڕووداو- هەولێر

ئاریز عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ڕایگەیاند کە سکرتێری گشتیی یەکێتی لەگەڵ هەموارکردنی دەستووردا بووە. ئاریز لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "لە ماوەی 5 مانگ نەخۆشکەوتنی تاڵەبانی هیچ پەیامێکمان لە تاڵەبانییەوە بۆ نەهاتووە لەبارەی دەستوورەوە، بەڵام پێشووتر لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی تاڵەبانی بۆچوونی وابووە کە دەبێ دەستوور بە سازانی نیشتیمانی هەمواربکرێت". گوتیشی "ئێمە دژی ئەوە نین دەستوور بخرێتە ڕاپرسییەوە، بەڵام پێمان باشە دەستوور ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکانی لەسەر بکرێت ئەوکات بخرێتە ڕاپرسییەوە".

# ئەمڕۆ هەرسێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆن وەڵامی نامەکەی بارزانی دەدەنەوە

هێڤیدار ئەحمەد
ڕووداو- هەولێر

یەکێتی دوای تێپەڕبوونی حەوت مانگ لەسەر ڕێککەوتنی داباشان لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان، بڕیاریدا ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێبکات و دەستوور بگەڕێتەوە پەرلەمان، بەڵام پارتی کە هاوپەیمانی ستراتیژی یەکێتییە دەڵێ "هەڵوێستی یەکێتی بۆ هەموارکردنی پرۆژەی دەستوور بۆ پارتی شتێکی ئاساییە". چونکە "مەسەلەی ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەر دەستوور 100% لەلایەن پارتییەوە بڕاوەتەوە".

بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە لە شاری سلێمانی هەرسێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆن لەسەر مەسەلەی دەستوور کۆببنەوەو وەڵامی نامەکەی بارزانی بدەنەوە. کە ئاراستەی حیزبەکانی کردبوو بۆ ئەوەی تێبینی خۆیان لەسەر ڕەشنووسی دەستوور بڵێن.

کۆسرەت ڕەسول عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری تاڵەبانی کە ئێستا لە غیابی تاڵەبانی، ئەو کارەکانی یەکێتی بەڕێوەدەبات لە یادی دامەزراندنی حیزبەکەی لە شاری هەولێر ڕایگەیاند "دەبێ دەستوور بگەڕێتەوە پەرلەمان بۆ هەموارکردن". ئەمە هەڵوێستی کۆتایی جێگرەکەی تاڵەبانی نەبوو، چونکە هێشتا 24 کاژێر بەسەر ئەو قسەیەیدا ڕەتنەببوو پەیامێکی دیکەی بڵاوکردەوە لەبارەی دەستوور، بەڵام بە جۆرێکی دیکە.

لەو پەیامەدا، کوسرەت ڕەسوڵ باسی گەڕانەوەی دەستوور ناکات بۆ پەرلەمان و دەڵێ "دەربارەی مەسەلەی دەستوور، ئێمە وەک یەکێتی پێمان باشە هەموو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن و یەکێتی و پارتی کە هاوپەیمانن، پێویستە برایەتی و تەبایی و یەکڕیزیماڵی کوردی بپارێزین بۆ پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی هەمانەو دەبێ ڕێگەچارەش بۆ ئەم قەیرانەی دەستوور سازانی نیشتمانییە، کە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیکوردستانە".

گەڕانەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بۆ پەرلەمان چۆن وەک یەکێتی لەگەڵ هەرسێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆن (کۆمەڵ، یەکگرتوو، گۆڕان) داوای دەکات. یەکەم هەنگاوە یەکێتی بەبێ تاڵەبانی بیهاوێژێت، کە ئەویش ڕێککەوتنی دەباشانە کە لە مانگی ئەیلوولی 2012 لەنێوان یەکێتی و گۆڕان کە لەو ڕێککەوتنە هەردوو لایەن ڕێککەوتن پرۆژەی دەستوور بگەڕێتەوە و سیستەمی حوکمڕانیش لە هەرێمی کوردستان پەرلەمانی بێت.




**عەبدولسەتار مەجید،**
**ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان:**

**ئەگەر دەستوور خرایە ڕاپرسییەوە پێش هەموارکردنی، دۆخەکە بەرەو شەڕ دەچێ**



**کەمال کەرکووکی،**
**ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

**هەڵوێستی یەکێتی لەسەر دەستوور زۆر ئاسایی بوو**



**هیوا میرزا سابیر،**
**ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان:**

**یەکێتی پێش ئەوەی هەڵوێستی خۆی لەسەر دەستوور ڕابگەیێنێ بە ئێمەیان گوتبوو**

هەڵوێستەکەی یەکێتی هیچی لە بڕیارەکەی پارتی نەگۆڕی لەسەر مەسەلەی دەستوور، کە پارتی لەگەڵ ئەوەیە دەبێ بخرێتەوە ڕاپرسییەوە.

کەمال کەرکووکی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "هەڵوێستی یەکێتی بۆ پارتی زۆر ئیعتیادی بوو"، چونکە "ئەو مەسەلەیە لەلایەن پارتی حەسمکراوەوە و بڕاوەتەوە، کە بەهیچ شێوەیەک دەستوور ناگەڕێتەوە پەرلەمان پێش ئەوەی میللەت دەنگی لەسەر بدات".

کەرکووکی باس لەوەش دەکات بۆ ئەوەی کەس گومانی لەسەر هەڵوێستی پارتی نەبێ و بڕیاری یەکلاکەرەوەی حیزبەکەی بزانێ کە بڕیارێکی نەگۆڕە، دەڵێ "تەنانەت دەمەوێ ئەوە بڵێم و هەموو لایەنێک دڵنیابکەم لە هەڵوێستی پارتی، لە مەسەلەی دەستوور 100% بڕاوەتەوە کە ناگەڕێتەوە پەرلەمان".

بەڵام مەلا بەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەیادی دامەزراندنی یەکێتی لە شاری دهۆک هۆشداری دەداتە پارتی کە لەسەر مەسەلەی دەستوور کە "قەیرانێکی سیاسی" لەهەرێمی کوردستان دروستدەبێ، ئەگەر بینێرێتە ڕاپرسییەوە.

مەلا بەختیار داوا لە بارزانی دەکات کە گوێ لە ڕەخنەی خەڵک بگرێتو بەگفتوگۆ و سازانی نیشتیمانی کار بۆ تێپەڕاندنی دەستوور بکات، سەرەوەری بۆخۆی تۆماردەکات و سووربوونیشی لەسەر تێپەڕاندنی دەستوور بەبێ تەوافوقی نیشتمانی، قەیرانی سیاسی هەرێمی کوردستان قوڵدەکاتەوە". بۆیە "ئێستا کاتی چارەسەری ئەنجامدانی ڕیفراندۆمە لەسەر دەستوور و ئێستا کاتیەتی دەستوور بەسازانی نیشتمانی چارەسەر بکرێت".

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی باسی ناڕوونی هەڵوێستی حیزبەکەی دەکات لەسەر مەسەلەی دەستوورو ئاخۆ سازانی نیشتیمانی چییە ئەوەندە یەکێتی باسدەکات و دەڵێ "یەکێتی کاتێک ڕازی دەبێ لەسەر تێپەڕاندنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بۆ ڕاپرسی. پێش ئەوەی بخرێتە ڕاپرسییەوە هەموو لایەنەکان ڕێککەوتنێک بکەن کە دوای هەڵبژاردن حکومەتێکی بنکە فراوان دروستبکرێت و دوای هەڵبژاردن ئەو پرۆژەیە هەموار بکرێت".

سەعدی پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان باسی پێشمەرج دەکات بۆ مەسەلەی ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەر پرۆژەی دەستوور و بە (ڕووداو)ی گوت "دەبێ چارەسەرێکی سیاسی بۆ بدۆزینەوە تاوەکو هاوکاری یاساناسەکان بکرێت و دەبێ داوای لایەنە سیاسییەکانیش جێبەجێبکرێت".

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هورێمی کوردستان، لەکاتی پێشکەشکردنی وتارێک لە یادی شۆڕشی گولان لە 2013/5/26 ڕایگەیاند "نامەیەکم بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر مەسەلەی دەستوور ناردووە کە تێبینی خۆیان لەسەر دەستوور بنووسن بۆ ئەوەی دوای ئەوەی بخرێتە ڕاپرسییەوە ئەو تێبینیانە لەبەرچاوبگیرێن و ئەگەر پێویستکرا دەستوور هەمواربکرێت".

هیوا میرزا سابیر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەڵی هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر هەڵوێستیاندا نەهاتووە لەسەر دەستوور، کە ئەویش پێش ئەوەی بخرێتە ڕاپرسییەوە دەبێ هەمواربکرێت.

هیوا میرزا سابیر، بە (ڕووداو)ی گوت "بڕیارە ئەمڕۆ هەرسێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆن لەشاری سلێمانی کۆببنەوە بۆ ئەوەی وەڵامی نامەکەی کاک مەسعود بدەینەوە".

هیوا میرزا نەیشاردەوە کە ئەوان بە هەڵویستی یەکێتی دڵخۆشن و دەڵێ "یەکێتی پێش ئەوەی هەڵوێستی خۆی ڕابگەیێنێ لەسەر دەستوور، بە ئێمەیان گوتبوو، بۆیە ئەم هەڵوێستە وادەکات هەڵوێستەکەی ئۆپۆزیسیۆنیش بەهێز ببێت".

بەڵام ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی پێیوایە هەڵوێستەکەی یەکێتی زیاتر لە قازانجی خودی یەکێتیدایە. عەبدولسەتار مەجید بە (ڕووداو)ی گوت "بێگومان هەڵوێستی ئەم دواییەی یەکێتی کە یەکێتی خۆی قازانجی دەکات لەڕووی دەنگەوە بۆ هەڵبژاردنەکان، بەڵام پاڵپشتییەکی بەهێزتری بۆ ئۆپۆزیسیۆن دروستکرد".

عەبدولسەتار مەجید هۆشداری دەدات لە دروستبوونی دۆخێکی نائارامی کۆنترۆڵنەکراو لە هەرێمی کوردستان و دەڵێ "دۆخەکە بەرەو شەڕ دەچێ. ئێمە دەڵێین نابێ بچێتە ڕاپرسی و بەشێک لەدەسەڵات دەڵێ دەبێ ڕاپرسی لەسەر بکرێت، بەوشێوەیە هەرێمی کوردستان بەرەو ناسەقامگیری و ئاڵۆزی گەورە دەچێ بەشێوەیەک عاقڵمەندەکانیش سەریان لێدەرنەچێ". بەڵام لە هەمانکاتیشدا دەڵی "ئەگەر دەستوور خرایە دەنگ و دەنگی هێنا ئەوە دەبێ بچەسپێ، بەڵام ئێمە وەک کۆمەڵی ئیسلامی بە نەخێر دەنگ بە پرۆژەی دەستوور دەدەین ئەگەر خرایە دەنگدانەوە".

# ڕێککەوتنی ستراتیژی لەسەر سەکۆکەی شانەدەر درزی تێکەوت

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی پێیوایە، ڕاو بۆچوونی جیاوازی ئەوان لەگەڵ پارتی لەمەڕ پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو حیزبە "تێکنادات"، ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتیش دەڵێ ئەگەر یەکێتی زۆر لە ڕێککەوتنی ستراتیژی نیگەرانە، بەزۆر نەسەپێنراوە بەسەریدا و "دەتوانین وازی لێبێنین بەبێ ئەوەی گرفت دروستببێ".

هەموو هێزە سیاسییەکان، چاویان بڕیبووە کاژێر 5ی ئێوارەی 2013/5/26، تاوەکو بزانن دوا هەڵوێستی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەبارەی پرسی پرۆژەی دەستوور چییە. بارزانی لەو گوتارەدا ڕایگەیاند "پرۆژەی دەستوور هەموو قۆناغە یاساییەکانی بڕیوەو دەسەڵاتی هیچ کەس و لایەنێک نییە، بەر لەوەی میللەت قسەی لەسەر بکات، بۆ هەموارکردن بگەڕێنرێتەوە پەرلەمان". بەڵام تەنیا دوای هەفتەیەک، لە هەمان شوێندا، کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی گوتی "دەبێ دەستووری هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان".

پارتی و یەکێتی، هەریەکە و لە بۆنەی حیزبیدا قسەیان لەسەر دەستوور کرد، بەڵام ئەوەی دەبینرا، سەرکردەکانی یەکێتی کە هەریەکەو لە شارێکدا سەرپەرشتی ئاهەنگەکانیان دەکرد، بۆچوونی جیاوازیشیان هەبوو. د. بەرهەم ساڵح، جێگری دووەمی تاڵەبانی وەک کۆسرەت ڕەسوڵ قسەی نەکرد و گوتی دەبێ "سازانی نیشتمانی هەبێ". وتاری ئاهەنگەکانی یەکێتی زیاتر لە ناردنی مەسج بۆ پارتی دەچوون وەک چۆن بەرهەم ساڵح، گوتیشی"نابینە پاشکۆی هیچ لایەنێک".

ئاسۆ ئەڵمانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، ڕەتیکردەوە ئەو گوتارەی جێگری دووەمی تاڵەبانی و ئەو دەنگانەی لەنێو سەرکردەکانی یەکێتییەوە داوای گەڕاندنەوەی دەستوور بۆ پەرلەمان دەکەن، پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی بۆ دۆخێکی گرژ و خراپ دەبەن و گوتی "ئەو بۆچوونە جیاوازانە کاریگەری بۆ پەیوەندی نێوانمان نابێ".

گوتیشی" ئەوە تەنیا بۆچوونی جیاوازە لەسەر مەسەلەکان، نەک ململانێ و ناکۆکی گەورەی نێوان یەکێتی و پارتی بێ، پێمواپە ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوانمان وەک خۆی دەمێنێتەوە".

ئاسۆ ئەڵمانی، باسی قسەکانی نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی و سەرۆکی حکومەت دەکات، کە لەسلێمانی باسی سازان و گفتوگۆی لایەنەکانی کرد و دەڵێ "کاک نێچیرڤانیش تەئکیدی لەسەر ئەو سازانە کردەوە کە ئێمە باسی دەکەین، بۆیە وای نابینم نێوانی ئێمە و پارتی تێکبچێ و هیچ نیگەرانییەکیشمان لە پارتییەوە پێنەگەیشتووە".

کۆسرەت ڕەسوڵ، ڕۆژی شەممە 2013/6/1 لەبەردەم هەزاران لایەنگر و ئەندامی حیزبەکەیدا ڕایگەیاند دەبێ دەستوور بگەڕێتەوە پەرلەمان و هەموار بکرێتەوە، ئەوەش تەواو پێچەوانەی قسەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو. دوای ئاهەنگەکانی یەکێتیش، گرژی و وردە شەڕ لەنێوان لایەنگرانی یەکێتی و پارتی لە پیرمام ڕوویدا و دواتریش تەقە بەسەر ئاسایشی هەولێردا کرا.

ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان یەکێتی و پارتی کە لەساڵی 2007دا لەلایەن بارزانی و تاڵەبانییەوە واژۆکرا، تاوەکو 4 ساڵی دوای ڕێککەوتنەکە وردەکارییەکانی نێوی ئاشکرا نەکران. خاڵەکانی نێوی بەشێوەیەک داڕێژراونەتەوە کە لەمەسەلە ستراتیژی و گرنگەکاندا هەماهەنگی لەنێوان هەردوولادا دروستببێ و هەر ئەوەش وایکردبوو، زوو زوو تاڵەبانی و بارزانی لە هاوینەهەواری دووکان و پیرمام کۆبوونەوەی دووقۆڵی و مەکتەب سیاسییەکانیان ئەنجامبدەن و دواتر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا هاوهەڵوێستییان دووپاتدەکردەوە.

بەڵام لەماوەی 5 مانگی دوورکەوتنەوەی تاڵەبانی بەهۆی نەخۆشییەوە، زۆرترین لێدوانی دژبەیەک لە نێو سەرکردەکانی یەکێتی و دواتریش یەکێتی بەرامبەر پارتی و ڕێککەوتنی ستراتیژی دراوە. لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا، ئازاد جوندیانی، گوتەبێژی یەکێتی چەند جار ڕوونکردنەوەی لەسەر لێدوانی بەرپرسەکانی یەکێتی داوە.

ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی، دەڵێ پارتی ئومێدەوارە ئەوەی ئێستا هەیە بەرامبەر دەستوور و هەموارکردنەوەی، تەنیا ڕای جیاوازی نێو سەرکردەکانی یەکێتی بێت و هەڵوێستی یەکێتی نەبێ "چۆن لە پەرلەمان کاتی خۆی دەنگیان پێدا، هیوادارین پەشیمان نەبنەوە".

عەلی عەونی، هەروەها دەڵێ ئێمە هەستدەکەین دوای نەخۆشکەوتنی مام جەلال، هەندێک ئاڵۆزی لە بۆچوونی سەرکردەکانی یەکێتی هاتووەتە ئاراوە " بەڵام هێشتا وا تێدەگەین ڕای شەخسەکانە نەک یەکێتی". عەلی عەونی لەو بڕوایەدا نییە ئەو جیاوازییانە کاریگەری لەسەر ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوانیان دابنێن، بەڵام گوتیشی "پارتی چەندە قازانجی کردووە لە ڕێککەوتنی ستراتیژی، یەکێتی دوو هێندە قازانجی کردووە و گەلی کوردیش بە گشتی قازانجی کردووە".

عەلی عەونی هەروەها دەڵێ ئێمە واتێدەگەین یەکێتی حەزی لەوەبێ لە ڕێککەوتنی سترژاتیژی بچێتە دەرەوە "ئەمەش ئاساییە بەلامانەوە و پێمان خۆشە، بەڵام بەمەرجێک گرفت و گرژی دروستنەکات و بتوانین بەجیا کاری خۆمان بکەین".

لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، دەمێکە لایەنگرانی پارتی و یەکێتی ڕێککەوتنی ستراتیژییان هەڵوەشاندووەتەوە، تەنانەت دەگەنە ئاستی ناشیرینکردنی سەرکردە و سیمبولەکانی یەکتریش.

نەرمین عوسمان، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، دەڵێ ئەو جۆرە گرژی و شەڕانەی نێوان ئەندامان و لایەنگرانی هەردوولا "بەردەوام هەبووە و کاریگەری بۆسەر ڕێککەوتنی ستراتیژی و پەیوەندی پارتی و یەکێتی نابێ".

بەڵام مامۆستایەکی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین، پێیوایە "یەکێتی کەوتووەتە نێوان دوو گوتارەوە". د.عەبدولحەکیم خەسرۆ، گوتیشی "وتارەکەی کۆسرەت ڕەسول دوو ڕەهەندی هەیە، ڕەهەندێکیان پەیوندی بە بارودۆخی ناوخۆی یەکێتییەوە هەیە، ئێستا یەکێتی لەڕووی گوتاری سیاسییەوە لەهەموو کات لاوازترە، یەکگرتوویی لە گوتاری سیاسییاندا نییە. یەکێتی کەوتووەتە نێوان دوو گوتار، گوتاری پارتی لەلایەک و گوتاری ئۆپۆزیسیۆن لەلایەکەی دیکە".

هەروەها دەڵێ ڕەهەندی دووەم ئەوەیە ڕێککەوتننامەی ستراتیژی نەگەیشتووەتە ئاستێک کە بتوانین بڵێین "ئەوان لەسەر هەموو پرسەکان کۆکن".





## ڕیپۆرتاژ

### گرووپی کەرگەلی کوردستان: لە کورسییەک زیاتر دێنین

**ئەرکان عەلی- سلێمانی**



عومەر کلۆل، سکرتێری گرووپی کەرگەلی کوردستان بە ( رووداو)ی گوت"لەو رۆژانەدا نوێنەری بەشی یاساییمان نارد بۆ کۆمسیۆن بۆ ئەوەی ناوی گرووپەکەمان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەو جارەی پەرلەماندا بکەین ، بەڵام کۆمسیۆن پێیگوتبوو دەبێ 50 ملیۆن دینار وەک بارمتەی یاسایی بخەوێنن، بۆیە ئەو پارەیەمان پێپەیدا نەکراو ناچارین لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا بەشداری بکەین". کلۆل، سوورە لەسەر ئەوەی، ئەگەر لایەنێک هاوکاریان بکات "لە کورسییەک زیاتر دێنن".

## دەستوور یەکلایی دەبێتەوە یان هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دوادەخرێت

# پارتی و گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ: نابێ دوابخرێت

**ئەوزاد مەحموود**
**رووداو-سلێمانی**

هەموو ئەو ناکۆکییە سیاسییانەی نێوان ئۆپۆزیسیۆن و دوو پارتی دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستان، کە لەدوای رووداوەکانی 17شوباتی 2011ەوە بەردەوام خاڵی دیکەی دەچێتە سەر، ئێستا بووەتە باس و خواسێکی یەک خاڵی، کە ئەویش پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانە. بەهۆی دووپاتکردنەوەی بەردەوامی وشەی "دەستوور"ەوە، خەریکە خەڵک بەتەواوی "شەش پاکێجەکە"، و "بڕیاری ژمارە 2 ی پەرلەمان"، و "پاکێجەکانی پارتی و یەکێتی" لەبیر دەچێتەوە.

دوای وتارەکەی مەسعود بارزانی ، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ئاهەنگی شۆڕشی 26ی گوڵانی حیزبەکەیدا ، کە پوختەی قسەکانی "راپرسی پێش هەموارکردن" بوو، کاردانەوەکانی ئۆپۆزیسیۆن توندبوون و پێداگیری لەسەر "هەموارکردن پێش راپرسی" دەکەن . بۆیە رێگەی نزیکتر لەو دووانە دواخستنی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەبێ بۆ هەردوولا، بەڵام ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی، دەڵێ"رازی نابین هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دوابخرێت".

دکتۆر کەمال کەرکوکی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی ئەوە هێشتا نەبووەتە پرسی نێوان لایەنەکان و هاوکات گوتیشی "ئێمە رازی نابین بەوە ئەگەر داوابکرێت ، دەبێ لەکاتی خۆیدا ئەنجامبدرێ و ئەوە مافی خەڵکە سەرۆکی خۆی لەکاتی خۆیدا هەڵبژێرێت ، نابێ ئەو مافە لەخەڵک زەوتبکرێت".

بەرپرسی ژووری پەیوەندییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان ، تێڕوانینی بزووتنەوەی گۆڕانی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی خستەڕوو و گوتی "دەبێ لەکاتی خۆیدا ئەنجامبدرێ و نابێ دوابخرێت". محەممەد تۆفیق رەحیم هەروەها لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) دەڵێ "سوورین لەسەر ئەنجامدانی و، وەک ئۆپۆزیسیۆن کاندیدمان بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەیە و هیچ ناکۆکی و کێشەیەکمان نییە لەنێوخۆماندا بۆ دیاریکردنی کاندید".

محەممەد تۆفیق رەتیکردەوە ئاشکرانەکردنی کاندیدی ئۆپۆزیسیۆن پەیوەندی بە رێکنەکەوتنی ئۆپۆزیسیۆن هەبێ لەنێوخۆیاندا و دەڵێ "ئەوە پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە".

دوای دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە رۆژی 2013/9/21، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانیشی بۆ هەمان رۆژ دەستنیشانکرد. مقۆمقۆی پێڕانەگەیشتنی هەرسێ هەڵبژاردنەکە لەیەک رۆژدا و لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە ، بۆ ناکۆکییەکانی دەستوور زیادبوو.



بەرپرسێکی حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، هێما بۆ رێگەی سێیەم دەکات، ئەگەر کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق پێڕانەگەن یان دەستوور یەکلایی نەکرێتەوە "باشترە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دوابخرێت".

عەبدوڵڵا حاجی مەحموود، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە دەڵێ، ناکرێ بۆ "ناکۆکییەک هەموو دەستکەوتەکان بخرێنە مەترسییەوە، بە دیدی من باشترە ، هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دوابخرێ تاوەکو ئەو کێشانە چارەسەر دەکرێن".

هەرچەندە بەرپرسێکی ئۆپۆزیسیۆن ، کە نایەوێ ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ "ئۆپۆزیسیۆن لە دانیشتنەکانی ئەو دواییەیدا هەموو ئەگەرەکانی تاوتوێکردووە"، بەڵام د.سەلاحەدین بابەکر، یاریدەدەری ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێ تائێستا قسەی ئۆپۆزیسیۆن ئەوەیە "لەکاتی خۆیدا ئەو هەڵبژاردنە بکرێ و دوانەخرێت". گوتیشی "باشترە کۆمیسیۆن هەرسێ هەڵبژاردنەکە ئەنجامبدات".

ئەگەر کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان نەتوانێ هەرسێ هەڵبژاردنەکە پێکەوە و لەیەک رۆژدا ئەنجامبدات، ئەوان لەنێوان هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا، یەکێکیان هەڵدەبژێرێت. سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێ "سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژاردنی ناو خەڵکی بۆ چییە، با لەپەرلەمانەوە بێت".

کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێ کۆمیسیۆن لە 2005دا سێ هەڵبژاردنی ئەنجامدا و دەتوانێ بیکات "ئەنجوومەنی پارێزگاکان و پەرلەمان و دوو هەڵبژاردنی گرنگن و دەبێ ئەنجامبدرێن"، کاوە عەبدوڵڵا ، کە سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانە هەروەها گوتی "ناهەقییەکی گەورە دەکرێ کە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانەوە ئەنجام نادرێت، ئەوە خەڵکی ناوێ و دەبێ لە رێگەی پەرلەمانەوەبێ".

هەڵوێستەکانی یەکێتی، لە نێوان (دانیشتنی دەباشان) و ئەو (رێککەوتننامە ستراتیژییە)ی لەگەڵ پارتی هەیەتی، دابەشبوو بەسەر هەردوو خانەی ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتدا و دەستەواژەی "سازان"ی هێنایە پێشەوە.

ئارێز عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ ئێمە کە دەڵێین پێویستە سازان هەبێ "تەنیا بۆ مەسەلەی دەستوور نییە، بگرە بۆ هەر کێشەیەکی دیکە لەنێوان ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات هەیە، وایدەبینین سازان و گفتوگۆ چارەسەریان دەکات".

# پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک مشتومڕی ناوەتەوە



## عومەر جبووری: عەرەب و کورد لەسەر زۆربەی خاڵەکانی رێککەوتوون، بەڵام تورکمان رەتیدەکاتەوە

**ئاسۆ فیشەکی**
**رووداو-کەرکووک**

ئەندامێکی پەرلەمانی عێراق لەسەر پارێزگای کەرکووک رایگەیاند دیارترین بڕگەی پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بریتییە لە رێککەوتن لەسەر دابەشکردنی پۆستە باڵاکان بەدادپەروەرانە لەنێوان پێکهاتەکانی کەرکووک و دواخستنی پرسی یەکلاکردنەوەی چارەنووسی سیاسی و ئیداری پارێزگاکە بۆ دوای هەڵبژاردن.

مارتن کۆپلەر، نێردەی تایبەتی ئەمینداری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق، لە دوایین سەردانیدا بۆ کەرکووک و لە میانەی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند رێککەوتنێکی سەرەتایی هەیە لە نێوان هەموو پێکهاتەکانی کەرکووک بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا.

عومەر جبووری، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق لەسەر پارێزگای کەرکووک بە (رووداو)ی راگەیاند "پرۆژە یاسایەک لەلایەن پەرلەمانتارانی کەرکووک لە پەرلەمانی عێراق بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی ئەو پارێزگایە خراوەتەڕوو کە گرنگترین خاڵەکانی بریتین لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کەرکووک پاش رێککەوتن لەسەر دابەشکردنی پۆستە باڵاکان بەدادپەروەرانە لە نێوان پێکهاتەکان و دواخستنی پرسەکانی یەکلاکردنەوەی چارەنووسی سیاسی و ئیداری کەرکووک و پرسی سەرژمێری دانیشتووانی ئەو پارێزگایە".

گوتیشی "پرۆژە یاساکە باس لە پێکهێنانی لیژنەیەک دەکات پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی تۆماری دەنگدەران و ناسنامەی دانیشتووانی کەرکووک و رێککەوتن لەسەر دابەشکردنی ئەو پۆستانەی کە پرۆژەکە ئاماژەی پێنەکردووە".

جبووری ئاماژەشی بۆ ئەوە کرد کە "پێکهاتەی عەرەب و کورد لە کەرکووک رێکەوتوون لەسەر زۆربەی خاڵەکانی ئەو پرۆژە یاسایە ئەگەر هەمووشی نەبێ، بەڵام پێکهاتەی تورکمان پرۆژەکە رەتدەکاتەوەو داوای پێکهێنانی لیژنەیەک دەکات لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە بۆ پێداچوونەوە بە تۆماری دەنگدەران لە کەرکووک پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن"، جەختیشی لەوە کرد کە "هیچ یاسایەک نییە رێگە بە پەرلەمانی عێراق بدات لیژنەیەکی هاوشێوە پێکبێنێ و ئەو داوایەی تورکمان تەنها بیانوویەکە بۆ دواخستنی هەڵبژاردن لە کەرکووک".

لەلای خۆیەوە یاسین عوبەیدی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە هاوپەیمانی عێراقیە لەسەر کەرکووک بە (رووداو)ی راگەیاند "پرۆژە یاسای هەڵبژاردن لە کەرکووک بە فەرمی ناسراوەو لە مانگی نیسانی 2012ەوە لەلایەن پەرلەمانتارانی کەرکووک لە پەرلەمانی عێراق پێشکەش کراوەو ماوەتەوە لیژنەی یاسایی رەوانەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بکات بۆ ئەوەی بخرێتە نێو کارنامەی دانیشتنەکانی پەرلەمانەوە بەمەبەستی پەسەندکردنی".

گوتیشی "هەردوو پێکهاتەی عەرەب و کورد لەسەر تێپەڕاندنی پرۆژە یاساکە رێککەوتوون، چونکە پێکهاتەی عەرەب ناڕازییە لە رێژەی نوێنەرایەتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و ئەو رێژەیە بە کەمتر دەزانێ لە قەبارەی راستەقینەی خۆی، بەوپێیەی پێکهاتەی عەرەب لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لەساڵی 2005 لە کەرکووک بایکۆتی هەڵبژاردنی کرد"، ئاماژەشی بۆ ئەوە کرد "ئێستا تاقە رێگر لە پێش تێپەڕاندنی پێشنیازی یاسای هەڵبژاردن لە کەرکووک پێکهاتەی تورکمانە، چونکە خۆیان باش دەزانن رێژەی نوێنەرایەتییان کە 9 ئەندامە لەکۆی 41 ئەندام لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک زۆر لە قەبارەی راستەقینەی خۆیان زیاترە، بۆیە بیانووی بێبنەما دێننەوە بۆ دواخستنی هەڵبژاردن لە کەرکووک".

عوبەیدی ئاشکراشی کرد "ئێمە وەک پەرلەمانتارانی عەرەب لە کەرکووک پێشتر لەگەڵ هاوتا تورکمانەکانمان کۆبووینەوە بۆ ئاشنا بوون بە داواکارییەکانیان لەبارەی پێشنیازی یاسای هەڵبژاردن لە کەرکووک، بەڵام لەو کۆبوونەوەیەدا ئەو راستییەمان بۆ ئاشکرا بوو کە تاکە ئامانجی پێکهاتەی تورکمان دواخستنی هەڵبژاردنە لە کەرکووک، بەوپێیەی تێبینییان لەسەر بڕگەیەکی دیاری نێو ئەو پرۆژە نییە، بەڵکو رەخنەیان لە هەموو پرۆژەکە هەیە بەگشتی، چونکە باش دەزانن لە کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن قەبارەی راستەقینەیان لە کەرکووک ئاشکرا دەبێ و ژمارەی ئەندامانیان لە ئەنجوومەنی پارێزگا کەمتر دەبێتەوە لەوەی ئێستا هەیە".

ئەو پەرلەمانتارە هەروەها گوتی "وەک پێکهاتەی عەرەب لە کەرکووک بە لایەنی تورکمانیمان راگەیاندووە ئەگەر سووربن لەسەر رەتکردنەوەی پرۆژە یاسای هەڵبژاردن لە کەرکووک ئەوکات ناچار پەنا دەبەین بۆ رێگە دیموکراسییەکان بۆ تێپەڕاندنی ئەو پرۆژەیە، واتە ئەو پرۆژەیە تێدەپەڕێنین ئەگەر بە رەزامەندی تورکمانیش نەبێ، بەڵام لە کاتی خوێندنەوەی ئەو پرۆژە یاسایە لە پەرلەمان، پەرلەمانتارانی تورکمان دەتوانن رەخنەو تێبینییەکانیان لەسەر پرۆژەکە بخەنەڕوو".

وەک عوبەیدی گوتی، تورکمان ئێستا لە نێو خۆیاندا بەسەر دوو بەرەدا دابەشبوونە، بەرەیەکیان لە داواکانی پێکهاتەی عەرەب تێدەگات کە ستەملێکراون و رێژەی یاسایی خۆیان لە ئەنجوومەنی کەرکووک بەدەست نەهێناوەو بەرەی دووەمیشیان نکۆڵی لەو راستیە دەکات و دەیەوێ لەسەر حیسابی عەرەب پێگەی جەماوەری خۆی بەهێز بکات".

هاوکات گردبوونەوەی دیداری هاوبەشی عەرەب لە کەرکووک لە نوێترین




بەیاننامەیدا کە وێنەیەکی بەدەستی (رووداو) گەیشتووە، پەرلەمانتارانی حەویجەی لە پەرلەمانی عێراق بە رێککەوتن لەگەڵ کورد بۆ دابەشکردنی کەرکووک تۆمەتبار کرد و پرۆژەکەی مارتن کۆپلەری رەتکردەوە"، ئاماژەشی کرد "ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بەپێی ئەو پرۆژە یاسایە کە ئێستا خراوەتەڕوو، واتا رادەستکردنی کەرکووکە بۆ خەڵکانێکی دیکەو پووچکردنەوەی هەموو داواکارییە رەواکانی عەرەبە لەو پارێزگایە".

هەر لە بەیاننامەکەدا هاتووە: "چەند پەرلەمانتارێکی حەویجە کە ئەمڕۆ پشتگیری لەو پرۆژە یاسایە دەکەن، هەر خۆیان بوون پێشتر لە خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق دەنگیان بۆ پەسەندکردنی ماددەی (23)ی یاسای ژمارە 36ی هەموارکراوی ساڵی 2008 دا کە کاروباری کەرکووک بە دادپەروەرانە لە نێوان پێکهاتەکانی رێکدەخات".

لە ماددەی 23ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراقدا هاتووە (دەبێ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک پاش دابەشکردنی دەسەڵاتی ئیداری و تەناهی و پۆستە گشتییەکان ئەنجام بدرێ، لە نێو ئەو پۆستانەی کە ئەو دابەشکردنە دەیانگرێتەوە پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاو پارێزگار و جێگری پارێزگارە کە دەبێ بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە نێوان پێکهاتەکانی کەرکووک دابەشبکرێ).

ئاڵا تاڵەبانی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر کەرکووک لەوبارەوە بە (رووداو)ی گوت "تەنیا پێکهاتە کە تێبینی لەسەر پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی کەرکووک هەیە تورکمانە کە داوای پێداچوونەوە بە تۆماری دەنگدەران دەکەن پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن، هەرچەندە پێکهاتەکانی کوردو عەرەب لەگەڵ بەجێهێنانی ئەو داوایەن، بەڵام نەک پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن، چونکە ئەوکات دەکرێ هەڵبژاردن لە کەرکووک بۆ چەند ساڵێکی دیکە دوابکەوێ و ئەو گرفتانەی کە کەرکووک بەدەستیانەوە دەناڵێنێ وەک خۆیان بمێننەوە بەبێ رێگەچارەیەک".

تاڵەبانی گوتیشی "هەندێک لایەن وا دەزانن پێداچوونەوە بە تۆماری دەنگدەران لە کەرکووک بە زیانی کورد دەشکێتەوە، بەڵام ئەو بۆچوونە راست نییە، لەبەرئەوەی ئەو کوردە ئاوارانەی کەرکووک کە لە پاش ساڵی 2003 وە گەڕاونەتەوە زێدی خۆیان، ژمارەیان زۆر کەمترە لە ژمارەی راستەقینەی ئاوارەکانی کەرکووک، بەو پێیەی هێشتا زۆر لەو ئاوارانە لە هەرێمی کوردستان دەژین".

ئاڵا تاڵەبانی بە پشتبەستن بە بۆچوونی زۆر لە لایەنەکان، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ئەمجارەیان بە قازانجی کورد دەشکێتەوە بەوپێیەی هەموو لایەن و حیزبە کوردییەکان بەیەک لیست بەشداری لەو هەڵبژاردنە دەکەن و نیمچە مەحاڵە عەرەب و تورکمان لەو هەڵبژاردنە هاوپەیمانی پێکبێنن، هاوکات تورکمانەکان بەسەر دوو بەرەی شیعەو سوننەدا دابەشبوونە".

گوتیشی "ئەگەری ئەوە هەیە کوردو تورکمان پاش هەڵبژاردن هاوپەیمانی پێکبێنن لەنێو ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک"، جەختیشی کردەوە کە لە حاڵەتێکدا ئەگەر تورکمان سووربوون لەسەر داواکارییەکانیان لەبارەی پرۆژە یاسای هەڵبژاردن لە کەرکووک دەبێ ئەو پرۆژەیە بە دەنگی زۆرینە لە پەرلەمانی عێراق تێپەڕێنرێ، بەڵام بەهۆی تایبەتمەندی رەوشی کەرکووک و پێگەی تورکمان نەک لەرووی قەبارەوە بەڵکو لەڕووی ئەوەی پێکهاتەیەکە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی کەرکووک، کورد پێی باشە پرۆژە یاسای هەڵبژاردن لە کەرکووک رەزامەندی تورکمان بەدەستبێنێ پێش تێپەڕاندنی".

هاوکات بەرەی تورکمانی لە کەرکووک گوتەکانی کۆپلەر و پرۆژەکەی رەتکردەوە و داوای پێداچوونەوەی بە تۆماری ناوی دەنگدەران کرد لە کەرکووک کە بۆ ساڵی 2010 دەگەڕێتەوەو لەبری ئەو تۆمارە داوای پشتبەستن بە تۆماری ساڵی 2004ی دەنگدەران دەکات، جگە لە داوای نوێکردنەوەی پێکهاتەی نووسینگەی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان لە کەرکووک پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەو پارێزگایە.

هاوکات تەحسین کەهیە، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە بەرەی تورکمانی بە (رووداو)ی راگەیاند "وەک پێکهاتەی تورکمان نووسراوێکمان بە داواکارییەکانمانەوە پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان و هەردوو پێکهاتەی کورد و تورکمان کردووە لەبارەی پرۆژەیاسای هەڵبژاردن لە کەرکووک، تێیدا جەختمان لەسەر ئەوە کرد کە ئەو هۆکارانەی پێشتر هەڵبژاردنی کەرکووکیان دواخست، هێشتا وەک خۆیان ماون بە تایبەتی پرسی پێداچوونەوە بە تۆماری دەنگدەران لەو پارێزگایە".

گوتیشی "پێکهاتەی تورکمان ئەوەندەی پێداگیری لەسەر بوونی زەمانەت دەکات لە دابەشکردنی پۆست و دەسەڵاتەکان بە دادپەروەرانە، ئەوەندە پێداگیری لەسەر هیچ داوایەکی دیکە ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ هەڵبژاردن لە کەرکووک ئەنجام بدرێ بەو مەرجەی ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە نەبێتە بنەمایەک بۆ دابەشکردنی پۆست و دەسەڵاتەکان لە کەرکووک، بەڵکو دەبێ بە هاوسەنگی بێت لە نێوان پێکهاتەکان و بەرێژەی 32% بۆ هەر پێکهاتەیەک لە پێکهاتە سەرەکییەکان".


تەحسین کەهیە پێیوایە دەکرێ پرۆژە یاسای هەڵبژاردن لە کەرکووک بەزۆرینە لە پەرلەمانی عێراق تێپەڕێنرێ و ئەو کات هەموو لایەک بە تورکمانەوە دەبێ پابەندی بن، بەڵام بەبڕوای ئەو پرۆژەی لەو شێوەیە دەبێ بە تەوافوق تێپەڕێندرێ، هەرچەندە بە گومانە سەرۆکایەتی پەرلەمان رێگە بدات ئەو پرۆژەیە بەبێ بەدیهێنانی تەوافوق بخرێتە نێو کارنامەی دانیشتنەکانی پەرلەمانەوە".

20ی نیسانی رابردوو پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق لە 12 پارێزگا بەڕێوەچوو، جگە لە پارێزگاکانی کەرکووک و ئەنبار و نەینەواو هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا لە ساڵی 2005ەوە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بەهۆی ناکۆکی نێوان پێکهاتەکانی ئەنجام نەدراوە، سەرەرای ئەنجامدانی دوو هەڵبژاردنی دیکەی پارێزگاکانی عێراق لە ساڵانی 2009 و 2013.

پارێزگای کەرکووک دیارترینی ناوچە دابڕاوەکانە کە ماددەی 140ی دەستووری عێراق دەیگرێتەوە.

لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کە لە 41 کورسی پێکدێ، لیستی برایەتی و پێکەوە ژیانی کەرکووک خاوەنی 26 کورسیەو بەرەی تورکمانیش خاوەنی ٨ کورسیە و گردبوونەوەی کۆماری عێراقیش 5 کورسی و هەر یەکە لە هاوپەیمانی ئیسلامی تورکمان و گردبوونەوەی نیشتمانی عێراقیش خاوەنی کورسییەکن.

## ئۆجەلان: خوازیارم مام جەلال پرۆسەی ئاشتی بەچاوی خۆی ببینێت



**ڕووداو-ANF**

محەممەد ئەمین پێنجوێنی، ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK ڕایگەیاند کە "عەبدوڵڵا ئۆجەلان و موراد قەرەیلان نامەیەکیان بۆ مام جەلال ناردووە و هیوایان خواستووە مام جەلام زوو چاکببێتەوە و بەچاوی خۆی پرۆسەی ئاشتی ببینێ". پێنجوینی ئاشکرایکرد ئەو نامەیەی لە ڕۆژی 2013/5/1 گەیاندووەتە دەست هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و ئەویش گەیاندوویەتییە تاڵەبانی. ئۆجەلان و قەرەیلان، هیوای تەندروستی و دووبارە ڕۆڵبینینەوەی تاڵەبانی لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا دەخوازن.



### زەکی شەنگالی، ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان:

# ئەگەر بەرێکەوتیش گەریلایەک شەهید بێت، پرۆسەی کشانەوە رادەگرین

**فەرمان چۆمانی**
**ڕووداو- قەندیل**

ئەندامێکی کۆنسەی بەڕێوەبردنی کۆما جڤاکێن کوردستان KCK ڕایگەیاند، پرۆسەی کشانەوەی گەریلاکانیان لە باکووری کوردستانەوە بۆ بناری قەندیل درێژەی هەیە، بەڵام گوتی کشانەوەکە کاتی پێویستە "چونکە گەریلاکانمان بەپێ دەکشێنەوە". هۆشداریشی دایە سوپای تورکیا و گوتی "هەر گەریلایەک بە ڕێکەوتیش شەهید بێت، پرۆسەی کشانەوە رادەگرین".

دوای دەستپێکردنی گفتوگۆی ئاشتی لە نێوان عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان و حکومەتی تورکیا، وەک پێشاندانی نیازپاکی بەرامبەر پرۆسەکە، ئۆجەلان داوای لە گەریلانی PKK کرد لە نێو خاکی تورکیا بکشێنەوە.

موراد قەرەیلان، سەرۆکی کۆنسەی بەڕێوەبردنی کۆما جڤاکێن کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە کۆتایی نیسانی ڕابردوو، ڕایگەیاند کە ڕۆژی 8ی مایسی 2013 دەستدەکەن بە کشانەوە. لەو ڕۆژەدا یەکەم کاروانی گەریلان دەستیان بە کشانەوە کرد. پرۆسەی کشانەوە تاوەکو ئێستا بەردەوامە و مەزەندە دەکرێت 2000 گەریلای PKK لە نێو خاکی تورکیادابن.

زەکی شەنگالی، ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی کۆماجڤاکێن کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند سەرەڕای کشانەوەی گەریلاکان، بەڵام تورکیا فڕۆکەی سیخوڕی بەسەر ئاسمانی قەندیلدا دەسووڕێنێتەوە.

هەرچەندە وا بڕیار بوو یەکەم گرووپی گەریلاکان لە ڕۆژی 8ی مایس بگەنە بناری قەندیل، بەڵام لە 13ی مایس گەیشتن، زەکی شنگالی هۆکارەکەی بۆ بەفر و باران و جموجۆڵەکانی سوپای تورکیا لەسەر سنوور گەڕاندەوە. ناوبراو ئاشکرای کرد کە تا ئێستا 9 گرووپ گەیشتوونەتە باشووری کوردستان".

سەبارەت بە وادەی تەواوبوونی پرۆسەی کشانەوە، زەکی شنگالی گوتی "پرۆسەی کشانەوە بەردەوام دەبێ، بەڵام دیار نییە کەی تەواو دەبێت، چونکە گەریلاکانمان لە ئەرزەڕووم، دێرسم دەریای ڕەش و ئامانۆس بڵاوبوونەتەوە، تا لەوێوە دەگەنە ئێرە کاتی پێویستە". گوتیشی "جگە لەوەش گەریلاکانمان بەپێ دەکشێنەوە، ئەوەش کاتی دەوێت".

زەکی شنگالی ڕەخنەی لە حکومەتی تورکیا گرت، کە تاوەکو ئێستا وەڵامی ئەو هەنگاوە پراکتیکییەی PKKی نەداوەتەوە و گوتی "تورکیا بە پراکتیکی هیچ هەنگاوێکی نەهاوێشتووە، ئەوەی هەیە زیاتر گوتنە و دەڵێن دەخوازین کێشەی کورد چارەسەر بکرێت و هەنگاو دەهاوێین، بەڵام چ هەنگاوێک و چۆن؟ ئەوە تا ئێستا لە پراکتیکدا نەبووە، ئێستاش جارجار سنوور تۆپباران دەکەن، جموجۆڵی سەربازی هەیە، ڕۆژانە فڕۆکەی سیخوڕی بەسەر ئاسمانی هەرێمی میدیا دەسووڕێنەوە". گوتیشی "بەرامبەر کشانەوەی گەریلا، تەنیا ئۆپەراسیۆنی فراوان لە باکوور و تۆپبارانی سەر باشوور کە هەبوو نەماوە، بەڵام بەرهەمێک پێی ڕازی بین نەمانبینیوە و دەمانەوێت دەوڵەت ئەوەی بە قسە دەیڵێت بە پراکتیکیش بیکات، چونکە یەک لایەنە ئاشتی دروستنابێت و پێویستە ئەویش هەنگاو بهاوێت تا ئاشتی پێکبێت".

> ✦ ڕۆژانە فڕۆکە سیخوڕییەکانی تورکیا بەسەرماندا دەسووڕێنەوە
>
> ✦ 9 گرووپی گەریلا گەیشتوونەتەوە باشووری کوردستان
>
> ✦ گەریلاکانمان بەپێ دەکشێنەوە و کاتی پێویستە

بەڵام ئەوەی ئەو بەرپرسەی PKKی دڵخۆشکردووە ئەوەیە کە لە کاتی پرۆسەی کشانەوەی گەریلا هیچ گەریلایەکی PKK شەهید نەبووە و هیچ سەربازێکی تورکیاش گیانی لەدەستنەداوە ئەوەش وەک ئەو دەڵێت ڕای گشتی ئاسوودە کردووە. بەڵام گوتی "ئەگەر بەرێکەوتیش گەریلایەک شەهیدبێ پرۆسەی کشانەوە رادەگرین".

پێشتر سەرچاوەکانی هەواڵ بڵاویانکردەوە کە گەریلاکانی PKK لە دێرسیم ناکشێنەوە، بەڵام زەکی شنگالی ئەو هەواڵانەی ڕەتکردنەوە و گوتی "بڕیاری کشانەوەی گەریلا بۆ هەموو ناوچەکانی باکوورە کە گەریلای لێیە، لە هیچ ناوچەیەکی باکووری کوردستان نامێننەوە، ئەوە بڕیاری ئێمەیە، بەڵام ڕەنگە لە هەندێک شوێن درەنگتر بکشێینەوە".

بەپێی قسەی شنگالی، نزیکەی 2000 گەریلا لە نێو خاکی تورکیا و باکووری کوردستاندان "گەریلاکانمان تاوەکو نزیک دەریای ڕەش چوون، نزیکەی 1000 کیلۆمەتر چوار گۆشە لە خاکی تورکیا لە ژێر کۆنترۆڵی ئێمەدایە".

زەکی شنگالی، بە دووری زانی کشانەوەی ئەو دوو هەزار گەریلایە بۆ قەندیل گرفتی شوێن و داراییان بۆ دروستبکات و گوتی "ئێمە سیستەمی خۆمان هەیە و پارتێکین ڕێکخستنەکانمان لە بارودۆخی زۆر ناخۆشدا تێکۆشانیان کردووە، باوەڕناکەم گرفتی داراییمان بۆ دروست ببێ".



# کلدانەکان دەگەڕێنەوە باکووری کوردستان

**ڕووداو- al-monitor**

دوای ئەوەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا داوای لە کەمینەکانی تورکیا کرد بگەڕێنەوە زێدی خۆیان، کلدانەکانی باکووری کوردستان یەکەم کەس بوون وەڵامی داواکارییەکەیان دایەوە و بڕیاریاندا بگەڕێنەوە گوندەکانیان.

لە شارۆچکەی سلۆپی سەر بە پارێزگای شرناخ گوندێکی نوێ خەریکە ئاوەدان دەبێتەوە. ئەو گوندە ناوی سلۆپە و هەواری ئەو کلدانانەیە کە لە ساڵی 1991 بەدواوە بەهۆی نائارامی ناوچەکەیان بەجێهێشت و ڕوویان لە دەرەوەی وڵات کرد. بەڵام ماوەیەکە گەڕانەوەی کلدانەکان بۆ زێدی باب و باپیرانیان ڕووی لە زیادبوون کردووە. تاوەکو ئێستا 27 خێزانی کریستیان کە پێشتر لە دەرەوەی وڵات بوون، گەڕاونەتەوە گوندەکانی ئەو ناوچەیە.

پێترۆس کاراتای، خەڵکی گوندی (ئاکسو)ەو کۆچی کردووە بۆ فەرەنسا. ئەو دەڵێت کار لەسەر ئەوەدەکەن تاوەکو گوندەکەیان ئاوەدان بکەنەوە. ئاکسو دووەم گەورەترین گوندی سەر بە شارۆچکەی سلۆپییە. کاراتای دەڵێت لە ساڵانی نێوان 1980 بۆ 1990 کۆمپانیاکانی خەڵووز بۆ سوودی خۆیان زەوی گوندەکانیان بەکارهێناون، بۆیە حکومەت زەوی دیکەی پێداون بۆئەوەی گوندی لەسەر بنیاتبنێن، بەڵام ئەوە دواتر ناکۆکی لێکەوتووەتەوە و کلدانەکانیش ڕازی نەبوونە ببنە پاسەوانی حکومەت بۆ پاراستنی گوندەکانیان و کۆچیان کردووە.

حاڵی حازر نزیکەی 4 هەزار کلدانی خەڵکی گوندی ئاکسو دانیشتووی وڵاتانی فەرەنسا و بەلجیکا و ئەڵمانیا و عێراقن. کاراتای دەڵێت ئەگەر تەنیا 50%ی کلدانەکان بگەڕێنەوە ئەوا دەکاتە نزیکەی 2000 کەس. ئەو دەڵێت "دەمانەوێت گوندێک دروستبکەین کە بەهۆی کلتوور و هونەر و زمانەوە ببێتە پردێک لە نێوان ئەورووپا و ناوچەکەدا".

ئێستا سێ خانوو لەو گوندە دروستدەکرێن. کاراتای دەڵێت "ئەگەر خانووی زیاتر دروستبکرێن، ئەوا خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیش بنیات دەنرێت. ئێمە چاوەڕێین کاربەدەستان هاوکاری ژێرخانی ئابووری گوندەکە بکەن".

کلدانەکان سەر بە کڵێسەی کاسۆلیکی کلدانین و لە بۆنە و ڕێوڕەسمە ئاینییەکانیاندا زمانی سریانی بەکاردێنن. لە بنەڕەتدا پێیان دەگوترێت نستۆرییەکان کە لە ساڵی 1304 لەگەڵ کڵێسەی کاسۆلیکی یەکیانگرتووە. بەڵام هەندێک پێیانوایە ئەم ناوە پەیوەندی بە کڵێسەی کاسۆلیکییەوە نییە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگوڕیشەی کلدانییەکانی باشووری میزۆپۆتامیا. ئێستا لە کۆبوونەوەی کڵیسەکانیاندا زمانی عەرەبی بەکاردێنن. بۆماوەیەکی زۆر کلدانەکان گوندی کۆناک کە دەکەوێتە پارێزگای هەکاری، بە شوێنەواری خۆیان دەزانی، بەڵام دوای خراپبوونی ڕەوشیان لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی لەنێوان ساڵانی 1015 تاوەکو 1918، کۆچیان کرد بۆ ئێران، دواتریش هەندێکیان ڕوویان لە عێراق کرد.

### حدکا 8 جار هەوڵی دانوستاندنی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران داوە

# عەبدوڵڵا حەسەن زادە: خومەینی ئامادە نەبوو گوێ لە داوای کورد بگرێ

**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕایدەگەیێنن تاوەکو ئێستا 8 جار هەوڵیان داوە بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران ببینن بۆ قسەکردن لەسەر پرسی کورد، بەڵام ئێرانییەکان ئامادەنەبوونە دانوستاندنیان لەگەڵ بکەن.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە، ڕێبەری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە بەرنامەی "گوڵستان" لە کەناڵی ئاسمانی (ڕووداو) ڕایگەیاند، بۆ خستنەڕووی پرسی نەتەوەکانی ئێران ء چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ویستوویانە لەگەڵا ئایەتوڵڵا خومەینی، ڕێبەری پێشووی کۆماری ئیسلامی دانیشتن بکەین، بەڵام ئەو قەت ئامادە نەبوو چاوی بە لایەنی کوردی بکەوێ.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە بەر لە ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی ئێران، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووەء کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دانانی سیاسەت ء بەرنامەکانی حیزبی دیموکرات هەبووە ء ئاگاداری مێژووی حیزبەکەیەتی.

حەسەن زادە کە کەسێکی نزیکی د.عەبدولڕەحمان قاسملۆ، سکرتێری تیرۆرکراوی (حدکا) بووە، بە (ڕووداو)ی گوت پاش ئەوەی ئایەتوڵڵا خومەینی لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو هاتە شاری نەجەف لە باشووری عێراق، بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد سەردانی کردووە، بەڵام دامەزرێنەری دواتری کۆماری ئیسلامی ئێران ئامادە نەبووە چاوی پێبکەوێ ء یەکێک لە هاوکارەکانی بە ناوی مەحموود دوعایی ڕاسپاردووە کە لەگەڵا حەسەن زادەء حەمەدەمین سیراجی هاوڕێی دابنیشێ.

خومەینی بەهۆی چالاکییە سیاسییەکانی دژی ڕژێمی پاشایەتی، لە 1964/11/4 دوورخرایەوە بۆ تورکیا، پاش چەند مانگێک تورکیای بەرەو شاری نەجەف بەجێهێشت. خومەنیی 14 ساڵا لە نەجەف مایەوەء سەرەڕای وانە گوتنەوە، ڕێکخستنەکانیشی بەهێزکرد. دواتر لە عێراقیش دەرکراء ڕووی لە فەرەنسا کرد کە تا ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لەوێ مایەوە.

د.عەبدولڕەحمان قاسملۆ ساڵی 1978 لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئایەتوڵڵا خومەینی لە نزیک پاریس، سەردانی کردووە، بەڵام ئامادە نەبووە بە تایبەتی لەگەڵی دانیشێ، بەڵکو لە ژوورێکی گشتی کە پێشوازی لە هەموو میوانەکانی کردووە د.قاسملوشی بینیوە. بەمجۆرە د.قاسملوو نەیتوانیوە داواکارییەکانی کوردی لەگەڵا باس بکات.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران، هەوڵی داوە لە شاری قوم لەگەڵا خومەینی دابنیشێ، دیسان سەرکەوتوو نەبووە. حەسەن زادە دەڵێت "هەوڵمان دا بەشێوەی ئاشتی لەگەڵا خومەینی پێکبێین، پیرۆزباییمان لێکرد. تازە کۆماری ئیسلامی دامەزرابوو، د.قاسملۆ لەگەڵا وەفدێک کە پێکهاتوو لە کەسایەتییەکانی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان سەردانی شاری قومی کرد، زۆر هەوڵیان دا، بەڵام لەهەوڵەکانیان سەرکەوتوو نەبوون.

بەگوتەی عەبدوڵڵا حەسەن زادە، خومەینی بە ئاشکرا نا، بەڵام لەناخی خۆیدا بڕیاری دابوو کە نە ئازادی بە خەڵک بدات ء نە مافی نەتەوایەتی بە نەتەوەکانی دیکەی ئێران وەکو کورد، ئازەری، عەرەب، بەلووچ ء تورکمان بدات "بۆیە کاتێک ئێمە داوای ئەوەمان لێکرد، یەکسەر فەرمانی دا هێرش بکرێتە سەر کوردستان".

عەبدوڵڵا حەسەن زادە ساڵی 1979 بۆ جاری دووەم دەیەوێ خومەینی ببینێ و بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ وەفدێکی هەشت کەسی دەچنە شاری قوم، حەسەن زادە وتەبێژی ئەو وەفدە بووە کە وەک وەفدێکی مەدەنی سەردانیان کردووە، چونکە دەڵێت "خومەینی بە وەفدی حیزبی زۆر هەستیار بوو".


هەرچەندە وەفدەکە خومەینی دەبینن، بەڵام خومەینی پێیاندەڵێت "تازە شۆڕش کراوەء دەبێت چاکسازی لە شتەکاندا بکرێ ء مافی هەمووان دەدرێ". حەسەن زادە باسی ئەو سەردانەی کرد و گوتی "ویستم شتێکی لێدەربێنم و بیدەمە ڕۆژنامەکان تا لەسەری ببێتە مالأ، بەڵام ئەو زیرەکانە وەڵامی دەدایەوە".

ساڵی 1980 دیسان وەفدێکی کوردی سەردانی تاران دەکاتەوە، ئەوجارە ئەبولحەسەن بەنی سەدر وەک سەرۆک کۆماری ئێران هەڵبژێردرابوو. ئەووەفدە ویست و داخوازییەکانی کوردیان لە شەش ماددەدا گونجاندبوو کە دواتر وەک گەڵاڵەی شەش ماددەیی ناسرا، بەنی سەدر بە قسە داخوازییەکانی کورد قبوڵأ دەکات و بەڵێن دەدات کە لە ڕادیۆ ء تەلەفزیۆنەوە ڕاییبگەیەنێت، بەڵام "شورای ئینقلاب" ئەو داوایانەی کوردی ڕەتکردەوە.

شورای ئینقلاب بە بڕیاری ئایەتوڵڵا خومەینی لە سەرەتای 1979 دروستبوو. بەر لە دامەزراندنی پارلەمان، ئەم شورایە وەک دامەزراوەیەکی یاسادانەر کاری دەکرد.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە بەمەبەستی چاوپێکەوتن لەگەڵا خومەینی دوو جاری دیکەش سەردانی شاری قومی کردووە، بەڵام خومەینی نەبینیوە. جاری یەکەمیان لەگەڵا ئایەتوڵڵا مەکارم شیرازی کە ڕاوێژکاری خومەینی بووە دانیشتووە، جاری دووەمیش چووەتەماڵی سەید ئەحمەد خومەینی، کوڕی خومەینی. بەڵام ئەمجارە خومەینی نەخۆش بووە ء بە مەبەستی چارەسەری لە تاران بووە.

دوایین جار کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەوڵی دانوستاندنی لەگەڵا کۆماری ئیسلامی داوە، دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران ء عێراق بووە لە نەمسا کە جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سەرەتا ناوبژیوان بووە، بەڵام دواتر گفتوگۆکە بە تیرۆرکردنی د.قاسلمۆ لەسەر مێزی دانوستاندن کۆتایی هات.



## موقتەدا سەدر: عێراق بەبێ سەرۆک کۆمار کێشەیەکی گەورەیە



**ڕووداو ـ بەغدا**

موقتەدا سەدر، سەرۆکی ڕەوتی سەدر نامەیەکی ئاراستەی ئەو سەرکردە سیاسیانەی عێراق کرد کە ڕۆژی شەممە 2013/6/1 لەماڵی عەمار حەکیم، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی کۆبوونەوە . سەدر لە نامەکەیدا کە لە 14 خاڵ پێکهاتووە دەڵێت "عێراق بەبێ سەرۆک کۆمار کێشەیەکی گەورەیە". لەوبارەیەوە حوسێن کازم موسا خەفاجی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی سەدرییەکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "سەرۆک کۆمار سیمبوولی وڵاتەو پێویستە ئامادەیی هەبێت، چونکە سەرۆک کۆمار بەرپرسی یەکەمە لەسەر پەرلەمان و حکومەت".


### ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:

# ئێران و تورکیا ڕازیبوونە لەسەر بەستنی کۆنفرانسی نەتەوەیی کوردستان

**ئەحمەد دەنیز ، بەرپرسی پەیوەندییەکانی PKK:**

**بارزانی و قەرەیلان مانگێک پێش ئێستا یەکدیان بینیوە**





**ڕووداو- هەولێر**

خەونەکە خەریکە دەبێتە ڕاستی ، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئاشکرابوو مەسعود بارزانی ، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و موراد قەرەیلان، سەرۆکی کۆنسەی بەڕێوەبردنی کۆما جڤاکێن کوردستان چاویان بە یەکدی کەوتووە و باسی بەستنی کۆنفرانسی نەتەوەیی کوردستانیان کردووە .

ئەحمەد دەنیز، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK ، هەواڵی دیداری بارزانی و قەرەیلانی بۆ (ڕووداو) پشتڕاستکردەوە و گوتی "مانگێک لەمەوبەر یەکدییان بینیوەو باسی بەستنی کۆنفرانسی نەتەوەیی کوردیان کردووە".

پێدەچێ یەکتربینینی ئەو دوو سەرکردەیەی باکوور و باشوور ، تەکانێک بداتە هەنگاوەکانی بەستنی کۆنفرانسی نەتەوەیی کوردستان کە دەمێکە قسەی لەسەر دەکرێت ، پێدەچێ قسەی ئەو دوو سەرکردەیە سەنگی مەحەک بێ بۆ بەستنی ئەو کۆنفرانسە .

دەنیز لەبارەی ئەو دیدارە گوتی "پرسی کۆنفرانسی نەتەوەیی باسی لێوەکرا، ئێمە لەبارەی پلاتفۆرم و کۆنفرانسی نەتەوەیی بۆچوونی خۆمان گەیاند و بۆچوونی ئەوانیشمان وەرگرت".

گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە باڵی کێشاوەتە سەر دۆزی کورد لەهەر چوار پارچەکەی کوردستان، بەتایبەتی ڕۆژئاوا و باکووری کوردستان ، زۆربەی حیزبەکان پێیانوایە کاتی بەستنی ئەو کۆنفرانسە نەتەوەییە هاتووە کە دەمێکە باسی دەکرێت.

بارزانی لە پەیامێکدا کە ئاراستەی کۆنفرانسی سێیەمی لاوانی هەر چوار پارچەی کوردستان کردبوو، بە پێویستی دەزانێت کۆنفرانسی نەتەوەیی ساز بکرێت و بنەمایەک دابنرێت بۆ مەسەلە ستراتیجییەکانی کورد لە ناوچەکەدا، هەروەها لە پەیامێکدا بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ، جەختی لەسەر هەمان مەبەست کردەوە .

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە کار بۆ سازکردنی ئەو کۆنفرانسە دەکرێت و ئێستا هەلومەرجی ناوچەکە لەبارە بۆئەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان لەسەر چارەنووسیان کۆببنەوە و بڕیار لە دوارۆژی دۆزی کورد بدەن، گوتیشی "لەگەڵ تورکیا و ئێران قسەمان کردووە بۆ سازکردنی کۆنفرانسی نەتەوەیی کوردستان و ئەوانیش ڕەزامەندییان نیشانداوە".

هەروەها باسی لەوەشکرد کە دوو ساڵ لەمەوبەر و لە کۆبوونەوەی یەکێتی و پارتیدا بڕیار لەسەر بەستنی ئەو کۆنفرانسە دراوە و، بڕیارە کۆنفرانسەکە لەژێر ناوی پڕۆژەی ئاشتی سازبکرێت، گوتیشی "وەک تاقیکردنەوەیەک، کۆنفرانسی لاوانی هەر چوار پارچەی کوردستان پێش سێ ساڵ لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان و ساڵی دواتر لە هەولێر سازکرا، هەروەها کۆنفرانسی ژنانی هەر چوار پارچەی کوردستانیش سازکرا".

هاوکات محەممەد عەلی ئایدن ، نوێنەری پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP لە هەولێر لەبارەی بەستنی ئەو کۆنفرانسە گوتی "داوامان لە هەموو پارتە کوردستانییەکان کردووە پەلە لە سازکردنی کۆنفرانسەکە بکەن، بۆ سەرخستنی کۆنفرانسەکەش ئەوەی لەدەستمان بێت دەیکەین". گوتیشی "بەڕێز ئۆجەلان زۆر بە پەرۆشە بۆ بەستنی ئەو کۆنفرانسە و بارزانیش هەوڵی جدی بۆ دەدات".

ئەحمەد کانی ، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ، باسی هەوڵەکانی پارتەکەی کرد بۆ بەستنی ئەو کۆنفرانسە و گوتی "کۆنفرانسی نەتەوەیی بیرۆکەی جەنابی بارزانی بوو، پێشتر هەلومەرجی ناوچەکە لەبار نەبوو، بەڵام ئێستا کاتی هاتووە".

حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستانیش بە ئومێدەوە دەڕواننە سازکردنی کۆنفرانسەکە ، چونکە پێیانوایە کۆنفرانسەکە پاڵنەر دەبێ بۆ چارەسەرکردنی بەشێکی زۆر لە گرفتەکان.

محەممەد ساڵح قادری ، بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەبارەی سازکردنی ئەو کۆنفرانسە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێستا بارودۆخی کورد لە هەموو کاتێک باشترە و دۆزی کوردیش لە ناوچەکە هەنگاوی باش دەنێت، بۆیە پێویستەکات بیر لە یەکێتی نەتەوەیی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان بکرێتەوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی پۆزەتیڤی دەبێت لەسەر بارودۆخی ناوخۆیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان".

جەعفەر حەنان ، نوێنەری پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD لە هەولێر پێیوایە بەستنی کۆنفرانسی نەتەوەیی کاریگەری لەسەر هەموو هێزە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەبێت و بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی کورد دەخاتە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکە .

حیزبە کوردییەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان جەخت لەسەر پێویستی بەستنی کۆنفرانسەکە دەکەنەوە، بەڵام بە پراکتیک هیچ هەنگاوێک نەنراوە . بەستنی ئەو کۆنفرانسە لە ڕێگەی بەستنی کۆنفرانسی لاوانی هەر چوار پارچەی کوردستان تاقیکرایەوە، بەڵام تاقیکردنەوەکە سەرکەوتوو نەبوو، ڕێکخراوەکانی لاوانی سەر بە PYD و یەکێتی و گۆڕان لە ڕمێلان کۆنفرانسێکیان سازکرد ، بەڵام لاوانی پارتی و چەند حیزبێکی دیکە بایکۆتیان کرد ، دواتر پەنجا ڕێکخراوی دیکە کە لاوانی پارتی سەرپەرشتی دەکردن ، کۆنفرانسێکی دیکەیان لەکەمپی دۆمیز سازکرد.

# ئەمنستی ئینتەرناشناڵ ڕەخنە لە هەرێمی کوردستان دەگرێت

### حکومەتی هەرێمی کوردستان:

### بەنیازین بەدواداچوونی جیدی بۆ ڕاپۆرتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بکەین

**هاوار عەبدولڕەزاق**
**ڕووداو- هەولێر**

لە تازەترین ڕاپۆرتدا ، ڕێکخراوی ئەمنستی ئەنتەرناشناڵ جارێکی دیکە ڕەخنە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێت کە هێشتا ڕەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی خراپدایە ، بەرپرسێکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ڕایدەگەیێنێ بەنیازن بەدواداچوونی جیدی بۆ سەرجەم ئەو ڕاپۆرتانە بکەن، کە لەلایەن ڕێکخراوە بیانییەکانەوە دەکرێن .

هەفتەی ڕابردوو ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی (ئەمنستی ئەنتەرناشناڵ) ڕاپۆرتی ساڵانەی لەبارەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە 159 وڵات بڵاوکردەوەو ئەو ڕێکخراوە لە ڕاپۆرتی ئەمساڵدا ئاماژەی بە ڕەوشی نالەباری پەنابەران لە جیهانداوە، کە چۆن حکومەتی زۆر وڵات سنوورەکانیان لە بەردەم پەنابەراندا دادەخەن.

لەسەرەتای ڕاپۆرتەکەدا هاتووە " جیهان بەرەو جیهانێکی مەترسیدار دەچێت بۆ ئەو پەنابەرانەی لەبەر مەترسی ، ناوچەکانیان بەجێدەهێڵن. ئێمە لەو ڕاپۆرتەدا گلەیی لە پێشێلکردنی مافی ملیۆنان کەس دەکەین، ئەوانەی لەبەر شەڕ و بندەستی هەڵاتوون ، یاخود بوونەتە پەنابەر، بۆ دۆزینەوەی ژیانێکی باشتر. داواکاری حکومەتەکانی جیهان بۆ پاراستنی سنوورەکانیان زۆرترە لە داواکاری بۆ پاراستنی مافی هاووڵاتیان، یان مافی ئەو کەسانەی کە بۆ دیتنی شوێنێکی نیشتەجێبوون یان پەناگەیەک ڕوو لەو وڵاتانە دەکەن".

ئەمنستی ئینتەرناشینال لەو ڕاپۆرتەدا باسی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە سووریا ، عێراق ، تورکیا و ئێرانیش دەکات. بەڵام لەبارەی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژئاوای کوردستان هیچ شتێکی تایبەتی بڵاونەکردووەتەوە ، تەنیا باسی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی کردووە لە سووریا .

لەبارەی باشووری کوردستان ئەمنستی ئینتەرناشناڵ ڕایگەیاندووە لە چەند لایەکەوە دەسەڵات بەردەوامە لە ڕێگرتن لە چالاکی سیاسی و ئەوانەی ڕەخنە لە گەندەڵییەکانیان دەگرن. ئەمنستی ئینتەرناشناڵ هەروەها دەڵێ کە "ئەشکەنجە و ڕەفتاری نابەجێ" لە هەندێ بواردا بەردەوامە، لەوبارەوە ئاماژە بە ڕووداوی خاوەنکار حوسێن حەمەعەلی تۆفیق دەکات کە لە 27ی ئاداری 2012 دەستگیرکرابوو و لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە "(حوسێن)یان بردە ناوەندی ئاسایشی سلێمانی و دەست و چاویان گرێدان و، بە بۆکس و پێلەقە لێیاندا. داوایان لێکرد ببێتە شایەتحاڵ دژی هەندێک کەس لە دۆسیەکی گەندەڵیدا، بەڵام ئەو داواکەیانی قبوڵ نەکرد. دواتر تاوانباریان کرد بە وەرگرتنی بەرتیل و خرایە ناو زیندانەوە، لە مانگی تشرینی دووەم ئازادیان کرد، بەڵام نازانرێ ئایا لێپرسینەوەی لەگەڵ کراوە لەبارەی گلەییەکانی لەسەر مەسەلەی ئەشکەنجەدان یان نا".

بەڵام د. دیندار زێباری، یاریدەدەری بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی ، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی جیدی هاویشتووە سەبارەت بە باشکردنی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی خۆپیشاندان.

لەوبارەوە زێباری گوتی "پەرلەمانی کوردستان چەند یاسایەکی پەسەندکردووە بەمەبەستی باشترکردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ ، هەنگاوی جیدیش نراوە بۆ ئەوەی بتوانین ڕەوشەکە باشتر بکەین ، بەڵام ئەوەش ئەوە ناگەیێنێ کە کەیسێکی تاکە کەسی گەورە بکەی و بڵێی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە تەواوی کوردستان خراپە یانیش پێشێلکراوە".

هەروەها زێباری گوتیشی "ئێمە وەک حکومەتی هەرێمی کوردستان بەنیازین بەدواداچوونی جیدی بکەین بۆ ڕاپۆرتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و هەوڵیشدەدەین کە سەرجەم پێشنیازەکانی ئەو ڕێکخراوانە لەبارەی باشترکردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان جێبەجێبکەین".

ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە لەبارەی ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوونکردنەوە دەدات و باسی محەممەد سەدیق کەبوودوەند، ڕۆژنامەنووس و دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان دەکات و دەڵێ "سزای 10 ساڵ زیندانی بۆ محەممەد دەرکراوە لەسەر چالاکییە ڕۆژنامەنووسی و مافەکانی مرۆڤ".

لەراپۆرتەکەشدا ئاشکرابووە کە بۆ ناڕەزایی دەربڕین لە هەڵوێستی حکومەت کە نەیهێشت منداڵە نەخۆشەکەی ببینێت، ئاشکرایکرد کە لە مانگەکانی گوڵان و حوزەیرانی رابردوو مانی لە خواردن گرتووە و باری تەندروستیشی بەرەو خراپی دەڕوات، بەڵام هیچ چارەسەرێکیان پێشکەش نەکردووە. ئەمنیستی ئینتەرناشناڵ هەروەها ئاشکرایکردووە کە لە 20ی ئەیلوولی پێشوودا سێ کورد لەبەر چالاکی سیاسی لە زیندانی ناوەندیی ورمێ لەسێدارە دراون.

ئەمنیستی ئینتەرناشناڵ ئاماژەی بە بەرتەسککردنی ئازادییەکان داوە لە تورکیا و باکووری کوردستانیش و، هەروەها دەڵێ ئەوانەی سزا دەدرێن بریتین لەوانەی بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە لە بواری سیاسی و مەسەلەی مافەکانی کوردا.

ئەمنیستی ئاماژە بە دادگاییکردنی بە کۆمەڵی ئەو کەسانە دەکات کە گومانیان لێدەکرێت ئەندامی کۆما جڤاکێن کوردستان KCK بن، لەناویانیشدا هەردوو چالاکڤانی بەنێوبانگ ڕاغب زاراکۆلو و بوشرا ئەرسانلی.

کورسییەکانی پەرلەمان وەک خۆیان دەمێننەوە

# 267 هەزار دەنگدەری نوێ بۆ هەڵبژاردنەکانی کوردستان زیادبوون

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

مانگی ئەیلولی داهاتوو بۆ رەوەز، سەردەمێکی نوێیە و وەک چوار ساڵ لەمەوبەر نییە کە لەگەڵ خێزانەکەی شەوانە دەچووە سەر شەقامەکانی سلێمانی بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن بەبێ ئەوەی بتوانێ دەنگ بە کاندید و لایەنێکی سیاسی بدات.

دەنگەکەی رەوەز ئازادی تەمەن 20 ساڵ، بە نهێنی دەمێنێتەوە تاوەکو ئەو کاتەی سندوقی هەڵبژاردن دادەنرێ "بەڵام پێمخۆشە بەشداری هەڵبژاردن بکەم، چونکە ئەوە یەکەمینجارە بچمە ئەو ژوورانەی دەنگی تێدا دەدرێ". گوتیشی "ئەوەی دەنگی پێدەدەم، مەرج نییە لە چوار ساڵی داهاتوودا جارێکی دیکە دەنگی بۆ بدەمەوە".

هەموو دەنگدەرە نوێیەکان بیرکردنەوەی هاوبەشیان نییە، رێبەر عەلی 19 ساڵ، دەڵێت "من پێموایە دەنگدەری تازە و گەنج بۆ ئۆپۆزسیۆن دەنگ دەدەن"، بەڵام هێمن رەئوف گوتی "هەموو کەسێک دەتوانێ راست و چەپی خۆی لە هەڵبژاردندا لەیەک جیابکاتەوە".

بانگەشەکانی هەڵبژاردنی 2009، بێ وێنەترین بانگەشە بوون لە مێژووی هەڵبژاردنی کوردستاندا. چونکە جگە لەوەی 24 لیست کەوتنە کێبڕکێی 111 کورسی پەرلەمانەوە، سلێمانی و گەرمیان دەبوو بەو هەڵبژاردنە ململانێی نێوان دوو لەتەکەی یەکێتی یەکلایی بکەنەوە.

بەپێی ئەو ئامارەی لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە دراوەتە (رووداو)، لە هەڵبژاردنی ئەیلولی ئەمساڵدا 267 هەزار دەنگدەری نوێ بەشداری دەکەن.

ئەو زیادبوونە هەرچەندە بابەتێکی سروشتییە و پەیوەندی بە زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانەوە هەیە، بەڵام وەک زانا رووستایی، بەرپرسی پێشووی مەکتەبی هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی گوتی، هیچ حیزب و لایەنێکی سیاسی ناتوانێ مەزەندەی ئەوە بکات "لەنێو ئەو ژمارە زیادبووەدا چەندی هی ئەوە".

بەپێی ئامارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا 2 ملیۆن و 651 هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەیە لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، کە ملیۆنێک و 83 هەزار و 792 کەسیان لە سلێمانین و 991 هەزار و 960 دەنگدەر لە پارێزگای هەولێرن و 615 هەزار و 368 دەنگدەریش لە دهۆکن.

هەندرێن محەممەد، بەرپرسی نووسینگەی هەولێری کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان گوتی لە پارێزگای هەولێر نزیکەی 80 هەزار و لە پارێزگای دهۆک نزیکەی 50 هەزار دەنگدەر لە ماوەی ئەو 4 ساڵەدا زیادی کردووە".

هەروەها مەحمود عوسمان، بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی گوتی کە لە ماوەی ئەو 4 ساڵەدا لە سنووری پارێزگای سلێمانی، ژمارەی دانیشتووان 226 هەزار و 392 کەس زیادی کردووە، "138 هەزار کەس لەوانەش مافی دەنگدانیان دەبێت".

لە ساڵی 1992 کە یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدرا، ملیۆنێک و 500 هەزار دەنگدەر هەبوون و ئەوکات رێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن 98 %بوو.

### "هەر 111 دەبێت"

ئەوەی هەمیشە وەک خۆی دەمێنێتەوە، ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستانە کە ژمارەیان 111 کورسییە. گۆران ئازاد، پەرلەمانتاری یەکێتی و ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت لەبەر ئەوەی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان لەسەر بنەمای ئاستی دەنگدەر دانەنراوە "زیاد بوونی ژمارەی دەنگدەر کاریگەری نابێت لەسەر کورسییەکانی پەرلەمان".

گۆران ئازاد، هەڵبژاردنی 4 ساڵ لەمەوبەری وەبیرهێنایەوە کە هەر کورسییەک 19 هەزار دەنگی بەرکەوت "ئەگەر ژمارەی دەنگدەر زۆر ببێ، کورسی زۆر نابێ، رەنگە هەر کورسییەک ژمارەی دەنگەکانی بۆ زیاد بکرێ".

عومەر سدیق هەورامی، پەرلەمانتاری پارتی پێشبینی کرد بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دەنگدەران، ئەمجارە هەر کورسییەک 20 هەزار دەنگی پێویست بێت و گوتی "دواجار ژمارەی ئەوانەی بەشداری دەنگدان دەکەن، قسەیەکی دیکەیە، لەوانەیە خەڵک وەک ساڵانی پێشوو بەشداری نەکەن، یان زیاتر بەشداری بکەن".

ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان تاوەکو ساڵی 2005، پێکهاتبوو لە 105 کورسی، دواتر زیادکرا بۆ 111 کورسی و 11 کورسییەکە وەک کورسی کۆتا درایە تورکمان و مەسیحی و ئەرمەن.

بەرپرسی ژووری هەڵبژاردنەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، پێیوایە زیاکردنی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە و دەڵێت "لەجیاتی ئەوەی کورسییەکانی پەرلەمان بەسەر ژمارەی دەنگدەراندا دابەشبکرێت، بە پێچەوانەوە ژمارەی دانیشتووان و دەنگدەران بەسەر کورسییەکاندا دابەش دەکرێن".

ئارام شێخ محەممەد، ئەوە بە پێچەوانەی سیستمی نوێنەرایەتی دانیشتووان دەزانێ و دەڵێت لە عێراق ئەوە پەیڕەو نەکراو ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان زیاد کران "بەڵام لە کوردستان ئەوە نییە و یەکلایی نەکراوەتەوە".

### "دەنگە نوێیەکان رەنگیان چۆنە؟"

بەرپرسی ژووری هەڵبژاردنەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، بە روونی نەیگوت ئەو 267 هەزار دەنگە نوێیە فۆرمەکانی دەنگدان بە قازانجی کێ پڕدەکەنەوە، بەڵام پێیوایە "ئەزموون سەلماندوویەتی، بەشی زۆری دەنگدەری گۆڕان لە نەوەی نوێن".

بەڵام هەردوو پەرلەمانتارەکەی پارتی و یەکێتی زانینی ئەوە بە کارێکی دژوار دەزانن، بەو پێیەی خەڵک دەنگی خۆی بە نهێنی دەهێڵێتەوە. بەڵام زانا روستایی گوتی "دەنگی هەموو لایەنەکان وەک یەک زیاد دەکات لەنێو ئەوانەی بەشداری هەڵبژاردن دەکەن".

بەبۆچوونی نەسرەت سۆفی، سەرۆکی پەیمانگای کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان، دروست نییە لەسەر ئەو جۆرە دەنگانە بڕیار بدرێ "بەڵام بێگومان ئەو دەنگدەرانەی ئەمساڵ پەیدا دەبن، لەڕووی بیرکردنەوەوە جیاوازن لەوانەی لە 2009 هەبوون". گوتیشی "بەپێی ئەو راپرسییانەی ئێمە کردوومانە لەسەر گەنجان، ئەوان بە پلەی یەک کاریگەری راگەیاندنەکانیان بەسەرەوەیە، ئینجا خێزان و هاوڕێکانیان".


هیچ راپرسییەک دەربارەی ئەوەی کە دەنگدەرە نوێکان دەنگ بە کێ دەدەن نییە
(فۆتۆ: رووداو)



**عەبدولڕەحمان سدیق ***
asidiq1962@yahoo.com

## ئاگاتان لەخانەنشینی هەژاران بێت

گومان لەوەدا نییە کە زۆربەمان دەزانین مووچەی توێژی خانەنشینان بەگشتی و خانەنشینانی پێشتر بەتایبەتی، بەشی پێداویستییەکانی ژیانیان ناکات و بەرگەی ئەم هەڵاوسان و بەرز و نزمییەی دۆلار بەرامبەر دینار و بێویژدانیی هەندێک لەبازرگانانی بازاڕی ئازادی ئەمڕۆ ناگرێت.

ئێستا لەسەر ئاستی عێراق پرۆژە یاسایەک بەڕێوەیە بەناوی یاسای یەکگرتووی خانەنشینی (قانون التقاعد العام) بۆ یەکخستنی مووچەی خانەنشینان بەوانەی بە 80 %ی مووچەکانیان خانەنشین بوونەو ئەوانەش کە پێشترو پێش یاسای 80 % خانەنشین بوونە، بەڵام تا بەو کاتەو بەو شوێنە دەگەن دیارە کاتی زۆری دەوێت، بۆیە حکومەتی عێراق لەبودجەی ئەمساڵدا کە بەناوی یاسای ژمارە (7)ی ساڵی (2013)ناسراوە، ئەو برگەیەی پەسەند کرد کە دەقەکەی لە ماددەی (29)دا دەڵێت: اولا - یمنح المتقاعدون الذین یتقاضون راتبا تقاعدیا مقداره 400،000 دینار(اربعمائه الف دینار) شهریا فما دون منحه مقدارها 100 ألف دینار (مائه ألف دینار) شهریا و یمنح المتقاعدون الذین یتقاضون راتبا تقاعدیا شهریا ما بین 400،000 الی 500،000 دینار منحه شهریه لیصبح راتبه التقاعدی 500،000 دینار شهریا. ولا تصرف المنحه للذین یتقاضون راتبا تقاعدیا بموجب قوانین خاصه وتشمل المنحه المتقاعدین من العمال وتمنح کما یأتی:

**1- (100 %) من المبلغ اعلاه للمتقاعد**
**2- (100 %) من المبلغ اعلاه اذا کان للمتقاعد المتوفی ثلاثه مستفیدین فأکثر.**
**3- (75 %) من المبلغ اعلاه اذا کان للمتقاعد المتوفی مستفیدان اثنان**
**4- (60 %) من المبلغ اعلاه اذا کان للمتقاعد المتوفی مستفید واحد**
**ثانیا- لمجلس الوزراء مناقله مبالغ المنحه أعلاه من تخصیصات وایرادات موازنه عام (2013).**

ئێستا خانەنشینانی عێراق مانگانە ئەو زیادەیە وەردەگرن و ئەم مینحەیەش بەدرێژایی ئەمساڵی دارایی عێراق بەردەوام دەبێت.

بەڵام خانەنشینانی هەرێمی کوردستان ئەوانەی کە ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوەو مووچەی خانەنشینییان لە (400) هەزار دیناریش کەمترە، هێشتا ئەم برە زیادەیەیان وەرنەگرتووەو هەر لەچاوەڕوانیدان.

لەم بارەیەشەوە بەرپرسانی دارایی هەرێمی کوردستان دەڵێن : پێویستە حکومەتی فیدراڵی ئەو برە زیادەیەمان بۆ بنێرێت، حکومەتی فیدراڵیش دەڵێت لەنێو (17 %)دا نێردراوە .

لەلایەکی دیکەشەوە هەندێک لەبەرپرسانی دارایی هەرێمی کوردستان دەڵێن: پەرلەمانی هەرێمی کوردستان پێش پەرلەمانی عێراق یاسای بودجەی پەسەند کردووەو برگەی زیادکرنی مووچەی خانەنشینانی تێدا نییە وەک مینحە بۆ ساڵی (2013)، بۆیە خەتاکە دەخەنە ئەستۆی پەرلەمانی عێراق.

پەرلەمانتارانی عێراق و حکومەتی عێراقیش دەڵێن: هەر زیادەیەک لەمووچەدا کە لەعێراقدا پەسەند بکرێت پێویستە هەرێمی کوردستانیش بگرێتەوە.

کەواتە ئێستا خانەنشینانی هەرێمی کوردستان ئەوانەی کە ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوەو مووچەی خانەنشینییان لە (400) هەزار دیناریش کەمترە، چی بکەن و کێ ئەم مافەیان بۆ دابین دەکات؟

دەگوترێت وەک ئێمە داوای پارەی کۆمپانیا بیانییەکانی بەرهەمێنانی نەوت لەبەغدا دەکەین لەرێگەی پاشکۆیەک لە دەرەوەی یاسای ژمارە (7) ی ساڵی (2013) ی بودجەی عێراقی فیدراڵدا، هەر ئاواش پەرلەمانی کوردستان دەتوانێت لەپاشکۆیەکدا بۆ یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان رەزامەندیی لەسەر ماددەی (29)ی نێو یاسای ژمارە (7) ی ساڵی (2013) ی بودجەی عێراقی فیدراڵ بدات و ئەم مافە رەوایە بۆ خانەنشینانی هەرێمی کوردستان بگێڕێتەوە.

بۆیە خانەنشینانی خاوەن مووچەی کەمتر لە (400) هەزار دینار کە سوودمەند دەبن لەم بڕیارە، چاوەڕوانی هیممەت و کۆششی ئێوەی پەرلەمانتار و نوێنەری گشت توێژەکانی گەلن، ئێوەش لەپێناوی دابینکردنی ئەم مافە رەوایەدا پێویستە هەوڵی راستەقینەی خۆتان بدەن و، بشزانن کە لەبەردەم ماندووبوون و پشت چەماوەیی و پیری و پەککەوتەیی و هەژاریی ئەوان و ماڵ و منداڵیاندا بەرپرسیارن.

www.abdulrahmansidiq.com
www.prdek.com

*نووسەر و لێکۆڵەر، یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق لەدوای رووخاندنی رژێمی سەدام.

# ئایا هەرێمی کوردستان دەتوانێ سێ هەڵبژاردنەکە لە یەک کاتدا بکات؟



## با سەرۆکایەتی دوابخرێ

**عەبدوڵڵا حاجی مەحموود**


ئێستا گفتوگۆ و مشتومڕی زۆر هەیە کە گوایە ناکرێ ئەو سێ هەڵبژاردنە لە یەک رۆژدا بکرێن، گوایە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان لە توانایدا نییە ئەو کارە بکات، بە بڕوای من چارەسەرەکە ئەوەیە هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان ئەنجام بدرێت و سەرۆکایەتی هەرێم دوابخرێ، چونکە ئێستا مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی گرفتی تێدایە و مقۆمقۆی زۆر لەسەر رەشنووسی دەستوور هەیە.

هەرچەندە وردەکاری ئامادەکاری و لایەنی تەکنیکی و هونەری لای کۆمیسیۆنە و کاری ئێمە نییە، بەڵام دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە رەنگە بەڕێوەچوونی پرۆسەکە لە یەک کاتدا بۆ خەڵک ئاسان نەبێ، جیاکردنەوەی قەوارەکان و کاندیدەکان و هێماکان، ئەمە ئامادەکاری باشی بۆ نەکراوە و چارەسەر ئەوەیە کەناڵەکانی راگەیاندن و رێکخراوە ناحکومییەکان بە ئەرکی خۆیانی بزانن هوشیارییەکی باش بدەنە هاووڵاتیان.

بەداخەوە لەو وڵاتەی ئێمەدا موزایەدەی سیاسی لایەنەکان ناهێڵێ هیچ کارێک بچێتە پێش، وای لێهاتووە هەڵبژاردنەکان لە کاتی خۆیدا ئەنجام نادرێ. ناکرێ لەبەر خاتری هەڵبژاردنێک کە دوابکەوێ هەموو شتێکی ئەو وڵاتە تێکبدەین.

من لەو باوەڕەدام ئەگەر لایەنەکانیش شتەکان بشێوێنن و کێشە دروستبکەن، پێویستە خەڵکی کوردستان هوشیار بن و هوشیارانە مامەڵە لەگەڵ دەنگدان و دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان بکەن. بۆ ئەوەی موزایەداتی سیاسی گرفتی گەورەتر نەخوڵقێنێ.

**سەرۆکی فراکسیۆنی سۆسیالیست لە پەرلەمانی کوردستان**



## رەنگە خەڵک سەریان لێ بشێوێت

**بورهان رەشید**

بەبڕوای من دەتوانرێ هەرسێ هەڵبژاردنەکە ئەنجام بدرێ، ئەگەر کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بیەوێ بیکات، یان حکومەت پارەی پێویستیان بۆ دابین بکات. جگە لەوەش خۆ هێشتا کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان گرێبەستی لەگەڵ کارمەند و فەرمانبەران ئیمزا نەکردووە و کەرەستە و پێداویستییەکانی دوو هەڵبژارنەکەی ئامادە نەکردووە تاوەکو بڵێ ئەمەی پارێزگاکانمان بۆ ناکرێ. ئەگەر بیەوێ دەتوانێ حیساباتی ئەو هەڵبژاردنەی ئەنجوومەنی پارێزگاکانیش لەبەرچاو بگرێ بۆ ئەوەی گرێبەستەکانی لەگەڵ فەرمانبەران زیاتر بکات و کەرەستە و ئامێری زیاتر ئامادە بکات.

لەوانەیە خەڵک تووشی جۆرێک لەسەرلێشێوان بێت لەکاتی هەڵبژاردنەکەدا، ئەگەر هەرسێ هەڵبژاردنەکە بەیەکەوە ئەنجام بدرێ، لەوانەیە سەرئێشە بۆ کۆمیسیۆن دروست بکات و ئەرکی قورستر بکات، بەڵام لەهەموو جێگایەک وانابێ و لەو شوێنانە زیاتر سەرلێشێوان دروستدەبێ کە ئاستی هۆشیاریی خەڵکەکەی کەمترە.

خۆی ئەوەی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەبێ بکرێ، پارتی پێشتر لەبەر راگرتنی دڵی یەکێتی دوایخست و دوای ئەوەی یەکێتی لە مەسەلەی دەستووردا بە دڵی پارتی قسەی نەکرد، پارتیش وەک کاردانەوە بڕیاریدا ئەو رۆژە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانیش بکرێ. بەداخەوە دیسان ئەوەش ململانێی سیاسییە.

ئێستا گرفتێکی دیکە هەیە، ئەویش زیادبوونی ژمارەی دەنگدەرانە، ئێمە پێشنیازمان کرد لە جیاتی مەرەکەب دەنگدانی ئەلیکترۆنی پەیڕەو بکرێ، داوامانکرد چیدی پشت بە فۆرمی خۆراک نەبەسترێ بۆ ئەوەی ئەوەندە ساختەکاری نەکرێ. بەڵام بەهەموو شێوەیەک هەر سێ هەڵبژاردنەکە گرنگن.

**پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان**



## دەبێ بەیەکەوە بکرێن

**سالار مەحموود**

بەدیدی من هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا بکرێ متمانەی زیاتر دەداتە پرۆسەکە و گەرموگوڕی زیاتر دەبەخشێتە هەڵبژاردن، دواکەوتنی هەر پرۆسەیەک، هەر بیانوویەکی هەبێ، کارێکی خراپە و زیان لە پرۆسەی سیاسی دەدات. لەلایەکی دیکەوە ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی هەڵبژاردن دروستدەکات.

ئەوەی ئێستا گرنگە، تەنیا ئەوە نییە کۆمسیۆن وەڵامی حکومەت و لایەنەکان بداتەوە، بەڵکو ئەوەیە کاتێک دەڵێ ئەو کارەم پێناکرێ، روونیبکاتەوە بۆچی ناکرێ، ئاستەنگ چییە، چۆن دەتوانێ ئەنجامی بدات. دەبێ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان یان ئەنجامیان بدات، یان بیانووەکان بۆ خەڵکی کوردستان و رای گشتی روون بکاتەوە. دەبێ هەموو لایەنە سیاسییەکان بەیەکەوە سووربن لەسەر ئەوەی هەر سێ هەڵبژاردنەکە بە یەکەوە بکرێن.

خەڵکی کوردستان ئەگەر لە حیزبە سیاسییەکان هۆشیارتر نەبن لە رووی سیاسییەوە ئەوا کەمتر نین، نابێ بیانووەکان ببەسترێ بەوەی خەڵک هوشیار نییە و ناتوانێ لەیەک کاتدا بەشداری سێ هەڵبژاردن بکات یان سەری لێدەشێوێ. ئەگەر کۆمیسیۆن بۆ هەموو عێراق کە 18 پارێزگایە بتوانێ 2 یان 3 هەڵبژاردن لە رۆژێکدا ئەنجام بدات، ئەوا لە هەرێمی کوردستان دەتوانێ بە ئاسانی ئەوە بکات، چونکە تەنیا سێ پارێزگایە و دانیشتووانەکەی زۆر زۆر لەوەی عێراق کەمترن.

هیوادارین هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدرێ و دوانەکەوێ، بەڵام کۆمیسیۆن کە نەیتوانی دەبێ بیانووەکان روون بکاتەوە، ئەگەر هەر پێی نەکرا، پێویستە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان تەنیا دوو مانگ دوابخات.

**پەرلەمانتاری یەکێتی لە فراکسیۆنی کوردستانی لە پەرلەمانی کوردستان**



## ئۆپۆزیسیۆن رەخنەی خۆی هەر دەگرێت

**فازل بەشارەتی**

لە راستیدا ئێمە دەزانین پرۆسەی هەڵبژاردن چەند گرنگە و چەند بە گرنگییەوە باس دەکرێ، ئێستا یەکخستنی ئەو سێ هەڵبژاردنە هەموومانی سەرقاڵکردووە بەخۆیەوە و کۆمیسیۆنیش داوای ئەوە دەکات توانای ئەو رەچاو بکرێ بەوەی ناتوانێ بەیەکەوە و لەیەک رۆژدا ئەنجامی بدات. بەڵام بە بڕوای من هەرسێ هەڵبژاردنەکە لە یەک رۆژدا بێت باشترین چارەسەرە.

من دڵنیام خەڵکی کوردستان بە باشی دەتوانن بەشداری هەر سێ هەڵبژاردنەکە بکەن لە یەک رۆژدا، بەبێ ئەوەی سەریان لێ بشێوێ، چونکە گومانی تێدا نییە هەر هاووڵاتییەک لایەنگر و هەواداری لایەنێکی سیاسییە و بەباشی هێما و لۆگۆ و کاندیدەکانی ئەو حیزبە دەناسێتەوە و هەڵە ناکات.

خۆ هەڵبژاردنەکان هەرچۆن بکرێن و بەهەر لایەکدا بکەون، ئۆپۆزیسیۆن رەخنەی خۆی هەر دەگرێ، لەو ساڵانەی رابردوو تێگەیشتین لەوەی ئۆپۆزیسیۆن هیچی دەستنەکەوێ رەخنەی لێبگرێ، رەخنە لە سێبەری خۆی دەگرێ، دەڵێن دەنگدەر زیاد کراوە، دەڵێن ساختەکاری دەکرێ، دەڵێن دونیا وێران دەبێ، ئێ باشە چاوەڕێ بن با پرۆسەکە دەستپێبکات.

ئەگەر هەڵبژاردنێکیان دوابکەوێ خراپە، چونکە پاش چەند مانگێکی دیکە خەڵک تاقەتی نییە دیسان بێتەوە بۆ دەنگدان، خەڵکی ناوچە دوورە دەستەکان و ئاواییەکان جارێکی دیکە ناتوانن بێنەوە بۆ دەنگدان. هەر بۆیە باشترین چارەسەر ئەوەیە خەڵک هەموو دەنگەکانی لە یەک رۆژدا بدات و کۆتایی پێبێت.

**پەرلەمانتاری پارتی لە فراکسیۆنی کوردستانی لە پەرلەمانی کوردستان**

# ئابووری

## بیرە نەوتێکی دیکە لە دهۆک دەدۆزرێتەوە

رووداو- Bloomberg

بەپێـــی راپۆرتێکی ماڵپەڕی Bloomberg-ی ئەمریکی: "هـــەردوو کۆمپانیای گەنەل ئینێرجی تورکی و گۆڵف کیســـتۆنی بەریتانی بیرە نەوتێکی نوێیان لە پارێزگای دهـــۆک دۆزیوەتەوە". بەپێی راپۆرتەکە کۆمپانیای گەنێل ئینێرجی تورکی لە کێڵگەی نەوتی "بەربەهاری" لە پارێزگای دهۆک، بیرێکی نوێیان لێداوە، کە رۆژانە 2100 بەرمیل نەوتی خاو بەرهەمدێنێت. لەوبارەوە د.جۆن هۆرستی، بەرپرسی بەشی گەڕان و بەرهەمهێنان لەو کۆمپانیا تورکییە، گوتی "ئەو بیرە نوێیە، دەستکەوتی دۆزینەوەی گەنەل ئینێرجی لە هەرێمی کوردستان زیاتر دەکات".

| | | |
|---|---|---|
| 100 $ = 125.000 | 810 $ = 1تەن شیشی خۆماڵی | 720 $ = 1تەن شیشی هاوردە |
| 100 € = 163.700 | 100 $ = 1تەن چیمەنتۆی خۆماڵی | 70 $ = 1تەن چیمەنتۆی ئێرانی |

ئەگەر بەغدا بیدات

# داهاتی ساڵانەی کەرکووک لە بودجەی پترۆدۆلار 290 ملیۆن دۆلارە

هیوا حوسامەدین
رووداو- کەرکووک

بەرپرسـانی ئیـداری لە شـاری کەرکووک دەڵێـن، ئەنجوومەنـی وەزیرانی عێـراق مافی کەرکووک لە بودجەی پترۆدۆلار نادات و ئەوەش کاریگەری هەبووە لەسـەر جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لە شارەکەدا.

بەپێی ئامارێک کە دەست (رووداو) کەوتووە، لە چوار مانگی یەکەمی ئەمسـاڵدا 37 ملیۆن و 300 هـەزار بەرمیل نەوت لە بیـرە نەوتەکانی کەرکـووک هەناردە کراوە، بەوپێیەش 37 ملیۆن و 300 هـەزار دۆلار داهاتی ئـەو چوار مانگەی پترۆدۆلاری کەرکووک دەبێت، کەچی حکومەتی عێراق تەنیا 530 مليـار دیناری وەکو بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان و بودجەی پترۆدۆلار بۆ کەرکووک ناردووە بۆ ساڵی 2013.

ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی لیژنەی پرۆژەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە (رووداو)ی راگەیانـد "ئێمە تەواوی بودجـەی پترۆدۆلارمان نادرێتێ، بـۆ نموونە بودجەی سـاڵی 2013ی پارێزگای کەرکووک بە بودجەی پترۆدۆلاری ساڵی 2012 وە 530 مليـار دینار بوو، ئەمەش تەواوی ئەو بودجەیە نییە کە لەداهاتی نەوتی کەرکووک بۆ شـارەکە رەوانە دەکرێت، بەڵکو بودجەیەکی تەخمینیە".

ئەحمەد عەسکەری ئاماژەی بەوەدا کە چەند جارێـک ئەو بابەتەیان لەگـەڵ وەزارەتی دارایی عێراق باسکردووە "بەڵام وادیارە بەبیانووی ئەوەی ساڵانە زیاد و کەم هەیە لە داهاتی نەوت، بۆیە ئەم پارەیە بەم شێوەیە دەنێردرێ، بەڵام پێشتر وا نەبوو، سـاڵانە بەپێـی داهاتی ئەو پارێزگایە بودجەکە رەوانەی شارەکان دەکرا".

بودجەی پتـرۆدۆلار دەچێتە پـاڵ بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان و سـاڵانە ئەنجوومەنی پارێـزگای کەرکـووک خشـتەی چۆنیەتـی خەرجکردنی ئـەو پارەیە دەخاتە بەر گفتوگۆ و دەنگی لەسـەر دەدات و پرۆژەی خزمەتگوزاری پێ جێبەجێ دەکات، عەسـکەری گوتی "ساڵانە لە بودجـەی پتـرۆدۆلار 224 مليـار دینار بە کارەبا دەدەیـن، لەگەڵ مووچـەی دامەزراوانی پترۆدۆلار و دروستکردن و جێبەجێکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری، هەندێکجاریش کەلێنەکانی بواری ئەمنی پێ پڕدەکەینەوە".

### "ناکرێت بودجە مانگانە بنێردرێت"

دلێـر قـادر، ئەندامـی لیژنـەی دارایی لە ئەنجوومەنـی نوێنەرانی عێراق بـە (رووداو)ی راگەیاند "ئێمە لە لیژنەی دارایی مانگانە راپۆرتی وەزارەتی نەوتمان پێدەگات لەسەر داهاتی نەوت و غاز و پاڵاوگەکان و لێکۆڵینەوەی ورد بۆ ئەو بوارە دەکەین و هەموو ساڵێک لە مانگی 10 وەزارەتی نەوت خشـتەی داهاتی نەوتی پارێزگاکانمان بۆ دەنێرێ".

ناوبراو رەتیکردەوە کە لە بودجەی پترۆدۆلار غەدر لە کەرکووک کرابێ و گوتی "بەپێی مادەی 94ی سـاڵی 2004 لەسـەردەمی پۆل برێمەر حاکمی ئەوکاتی عێراق، سـاڵانە پارەیەک وەکو بودجەی تەخمینی رەوانەی پارێزگاکان دەکرێت و لەگەڵ گەیشتنی داهاتی نەوت ئەگەر پێویستی کرد بودجەی بۆ زیاد دەکرێت یان کەم دەکرێتەوە".

دلێـر قادر ئاماژەی بـەوەدا کـە زۆرجار هەناردەکردنـی نەوتـی کەرکـووک بەهـۆی تەقاندنـەوەی بۆرییەکانی گواسـتنەوەی نەوت رادەوەسـتێت "ئەوەش کاریگەری دەبێت لەسەر داهاتی پترۆدۆلار و کەم دەبێتەوە".

### ناشەفافیەت لە بودجەی پترۆدۆلار هەیە

شاڵاو محەممەد، کە رۆژنامەنووسی ئابوورییە لە شـاری کەرکووک دەڵێت "نا شـەفافیەتێکی زۆر هەیـە لە بودجـەی پتـرۆدۆلار و بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان لەبەرئەوەی تاوەکو ئێستا نازانرێت وەزارەتەکان لەسەر چ سیستەم و پلانێک ئەم بودجەیەیان تەرخانکـردووە و لەبەرامبەردا پارێزگاری کەرکووک هەرسێ بودجەی پترۆدۆلار و پەرەپێدانی هەرێمەکان و بودجەی وەبەرهێنانی هەمـووی کۆکردووەتەوە و ناوی لێناوە بودجەی گشـتی، بۆیە دیار نییە ئەو پرۆژانەی جێبەجێ دەکرێـن لەسـەر چ بودجەیەکە و ناشـەفافی دروستکردووە".

### "بودجەکەی بە تەواوی دراوە"

بـەڵام فازڵ نەبی بریـکاری وەزارەتی دارایی عێراق رەتیکردەوە بودجەی پترۆدۆلاری کەرکوک بە تەواوی نەدرێت و گوتی "سیستەمی ئێستای وەزارەتی دارایی عێراق هیچ کێشـەیەکی نییە، ئێمە لیستی داهاتی هەموو پارێزگاکانمان هەیە و بودجەی پترۆدۆلار جاری وا هەیە لە ساڵێکدا بە چەنـد قۆناغێک خەرج دەکرێـت و تاوەکو ئێسـتاش حکومەتی عێراق پارەی پترۆدۆلاری هیچ پارێزگایەکی کەم نەکردووەتەوە".

نەجات حوسێن، ئەندامی لیژنەی نەوت و غاز لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە (رووداو)ی راگەیاند "لە جێبەجێکردنی پرۆژەکاندا لەسـەر بودجـەی پتـرۆدۆلار، بـەو شـێوەیەی ئێمە دەمانەوێت وا نییە و زۆرجاریش کێشـەمان بۆ دروستدەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاری باش لەسەر ئەو بودجەیە کراوە، ئێستا برۆکەیەکمان هەیـە بودجەی پترۆ دۆلار بکەیـن بە مانگانە، لەبەرئەوەی زۆربەی مانگەکان ئێمە هەناردەکردنی نەوتمـان دەگاتە نزیکەی 800 هەزار بەرمیل لە رۆژێکـدا و ئەگەر بەم شـێوەیە مامەڵە لەگەڵ ئێمـەدا بکـەن بودجەی کەرکـووک دەفرێت و نزیکـەی 290 ملیۆن دۆلار داهاتی پترۆدۆلارمان دەبێت لە ساڵێکدا".



نەدانی پارەی تەواوی پترۆدۆلار لەلایەن بەغداوە کاریگەری لەسەر پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی کەرکووک داناوە (فۆتۆ: رووداو)

# گەشتوگوزاری سلێمانی چاوەڕوانی 10 ملیۆن دۆلارە



جەمال ئەحمەد جەمیل
رووداو- سلێمانی

گەشـتوگوزاری سـلێمانی، ناتوانێ پێشوازی لە گەشـتیارانی وەرزی داهاتـوو بـکات ئەگەر ناوچە گەشتیارییەکانی دیکەی سلێمانی زیندوو نەکاتەوە. بەڕێوەبەری گشتی گەشـتوگوزاری سلێمانی دەڵێ "پلانێکی سـتراتیژیمان دارشتووە، بەپێی ئەو پلانە کەرتی گەشتوگوزار دەبووژێنینەوە".

یاسـین فەقـێ سـەعید، بەڕێوەبەری گشـتی گەشـتوگوزاری سـلێمانی باس لەوە دەکات ئەگەر بودجەی پێویسـتیان بۆ تەرخـان بکرێت، دەتوانن لەمـاوەی 5 سـاڵی داهاتـوودا سـەرجەم پرۆژە گەشـتیارییەکان تـەواو بکەن "دەتوانیـن زۆرترین گەشتیار رابکێشین بۆ سلێمانی".

لە کوردسـتان تەنیا داهاتی گەشـتیاری 100% زیاد بووە، بەپێی ئامارەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە، سـاڵی رابردوو 54 هەزار گەشتیار روویان لە ناوچە گەشتیارییەکانی سـلێمانی کردووە، بەڵام لە پێنج مانگـی رابردوودا ژمارەکە زیـادی کردووە بۆ 110 هەزار گەشتیار.

لە گەڕەکی سەرچنار، کە بەناوبانگترین گەڕەگی گەشـتیاری هەشـتاکانی سـلێمانی بوو، عوسمان محەممـەد، باسـی ئەو هەموو ناوچە بە سروشـت گەشتیارییەی کوردستان دەکات کە بایەخی ئەوتۆیان پێنەدراوە "سروشـتی کوردستان و هەڵکەوتەکەی، جوانترین ناوچەی گەشـتیارییە بۆ گەشـتیاران"، ئەو هاووڵاتییە گوتیشـی "هەر شوێنێکی کوردستان بگری، تەنیا پێویستی بەدەستی حکومەت هەیە بۆ ئاوەدانکردنەوە".

چەند رۆژێکی کەم پێش کردنەوەی پرۆژەی چاڤی لاندی گەشـتیاری کە بەیەکێک لە پرۆژە گەورەکانی نێوشـاری سـلێمانی دادەنرێ و پـڕۆژەی کەرتی تایبەتە لەو بوارەدا، خەڵـک چاوەڕوانی ئەوەن کە ئاخۆ چاڤی لاند بەڕاستی و لە کوالێتیدا پڕۆژەیەکی نوێیە یان نا.

بەڕێوەبەری گشتیی گەشتوگوزاری سلێمانی دەڵێ "گەورەترین پڕۆژەی گەشـتیارییە لەسـەر ئاستی هەرێمی کوردستان، لەهەندێ رووەوە لەسەر ئاستی ناوچەکەش بە گەورەترین پڕۆژە دادەنرێت".

تاوەکو ئێسـتا یـەک هۆتێلی 5 ئەسـێرەیی لە شاری سـلێمانی هەیە، بەڵام بەقسەی بەڕێوەبەری گەشـتوگوزاری سـلێمانی، چەندین براندی جیهانی دیکەی وەکو رۆتانـا و هێڵتن و گراند ملینیۆم، کە ژمارەیـان 7 براندە، بڕیاریانداوە بێنە سـلێمانی و چەندین هۆتێلی گەشتیاری بکەنەوە.

زۆرتر لە هەزار شـوێنی گەشـتیاری لە سنووری پارێزگای سلێمانی مۆڵەتی یاساییان هەیە، بە قسەی بەڕێوەبـەری گەشـتوگوزار، چاوەڕوانی رەزامەندی حکومەت دەکـەن بۆ جێبەجێکردنـی 11 پڕۆژەی گەشتیاری دیکە بە بڕی 10 ملیۆن دۆلار.

لە وەرزی بەهار و هاویندا، 80%ی گەشـتیارانی سـنووری پارێزگای سـلێمانی، روو لە هەورامان و دووکان دەکەن، بەو پێیەی شوێنە گەشتیارییەکانی دیکە وەک ئەو دوو ناوچەیە گەشـتیاران راناکێشێ. یاسـین فەقێ سـەعید دەڵێ ئـەو 11 پڕۆژەیەی لەبەرنامەیاندایـە کاری لەسـەر بکەن دابەشـبووە بەسـەر ناوچـە جیاوازەکانی پارێزگای سـلێمانی "بۆ ئـەوەی گەشـتیاران رووبکەنە هەمـوو ناوچە گەشتیارییەکان".

بەڕێوەبـەری گەشـتیاری تەنیـا بووژاندنەوەی ناوچە گەشـتیارییەکان بە پێویست نازانێت لەپێناو پێشخسـتنی کەرتی گەشـتیاریدا و پێیوایە دەبێت بایەخ بدرێت بەو فەرمانگانەی پەیوەندیان بەکەرتی گەشـتیارییەوە هەیە و دەڵێ فەرمانگەی نشینگەی سلێمانی لە سـاڵی 2010 چۆن بووە و چۆن کاری کردووە ئێسـتاش هەروایە "بەڕاستی ئێستا ناتوانێ وەڵامی هەموو ئەو گەشتیارانە بداتەوە کە لەچاو ئەو ساڵەدا بەڕێژەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە".

ئەحمەد عەلی، پێش ئەوەی باسی سەرنجڕاکێشی دیمەنەکانـی کوردسـتان بکات بۆ پەلکێشـکردنی گەشتیاران، باسـی ئاسایشی کوردستان دەکات کە وای کردووە گەشـتیاران روو لە هەرێمی کوردستان بکەن، بەڵام یاسین فەقێ سەعید، دەیەوێت بایەخی زیاتر بدرێت بە کەرتی تایبەت "سەرنجی وەبەرهێنانی بیانی رابکێشـین بۆ زیاتر ئاوەدانکردنەوەی ناوچە گەشتیارییەکانمان".

ئەنجوومەنـی بـاڵای ئابـووری کوردسـتان لەدوایین کۆبوونەوەیدا بڕیاری داوە راسـپاردەکانی کۆنفرانسەکانی گەشتوگوزار جێبەجێ بکەن". یەکێک لەو راسپاردانە ئەوە بوو کە گەشتوگوزار لە شارەوانی جیابکرێتەوە و یاسـایەکی تایبەت بەخۆی هەبێت، لەگەڵ بودجـەی زیاتر و تایبـەت. ئەنجوومەنەکە هـۆکاری ئـەو جیاکردنەوەیـەی روونکردووەتەوەو دەڵێت "بۆ ئەوەی بتوانیـن ئابوورییەکی بەدیل بۆ هەموو ئابوورییەکی دیکـە بدۆزینەوە دەبێت بایەخ بدرێت بە گەشتوگوزار".

لیژنەی فەتوا دەڵێت حەرامە

# هاووڵاتیان زانیارییان لەسەر کۆمپانیاکانی دڵنیایی نییە



نەبەرد حوسێن
رووداو- هەولێر

سەرەڕای بوونی چەند کۆمپانیایەکی تایبەت بە بواری دڵنیایی، بـەڵام هاووڵاتیان جگە لەوەی کەلوپەلەکانیان لـەلای ئەو کۆمپانیایانـە بیمە ناکەن، لـە هەمانکاتدا زانیارییەکی زۆر کەمیان لەسەر بیمە هەیە.

بەپێـی قسـەی خـاوەن کۆمپانیاکانـی دڵنیایی، ئاسانترین بیمە بیمەکردنی ئۆتۆمبێلە، بۆیە خەڵک زیاتر ئۆتۆمبێلەکانیان بیمە دەکەن.

محەممەد مەهدی، خاوەنی پێشانگایەکی ئۆتۆمبیل، خەمـی ئەوەی نییە ئۆتۆمبێلەکانی بدزرێن یان گڕبگرن، چونکە سەرجەم ئۆتۆمبێلەکانی لە یەکێک لە کۆمپانیاکانی دڵنیایـی بیمە کـردووەو دەڵێـت "ئۆتۆمبێلەکانم هەر شـتێکیان لێبێـت قەرەبـوو دەکرێمەوە". گوتیشـی "بەداخەوە خەڵک لە گرنگی بیمە تێناگەن".

هەرچەندە کۆمپانیاکانی دڵنیایی مێژوویەکی کۆنیان هەیـە لە عێـراق و چەندین شـارەزای ئەو بـوارە لە عێراقدا هەبوون، بەڵام لەسـەردەمی شەڕی ئێران عێراق وڵاتەکەیان بەجێهێشت، بۆیە ئێستا بەلای بەشی زۆر لە هاووڵاتیانەوە بیمە شتێکی نامۆیە.

محەممەد سابیر، 26 سـاڵ، وەستای چاککردنەوەی ئۆتۆمبیلـە لە ناوچەی پێشەسـازی باکوور لە شـاری هەولێر گوتی "هەر نازانم کۆمپانیای دڵنیایی چییە، ئەوە یەکەمجـارە لە ئێوەی ببیسـتم". محەممەد کە دەمێکە لەو ناوچە پیشەسـازییە کار دەکات، دەڵێت "تا ئێستا نەمبیستووە کەسێک هاتبێ لەسەر حیسابی کۆمپانیایەک ئۆتۆمبێلی خۆی چاک کردبێتەوە".

شـارەزایانی ئەو بوارە دەڵێن بەهۆی گەشـەکردنی بواری ئابـووری و ئاوەدانی و هاتنی ژمارەیەکی زۆر لە وەبەرهێنەران بۆ هەرێمی کوردسـتان، ئێسـتا ئێرە پتر پێویستی بە کۆمپانیاکانی دڵنیاییە.

د.هەیسـەم ئەبولعەینەیـن، بەڕێوەبـەری گشـتی کۆمپانیایەکی دڵنیایی لە هەولێر دەڵێت "بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردسـتان خاوەن ئابوورییەکی باشە و نەوتی هەیە، زۆرتریـن کۆمپانیای وەبەرهێنان روو لەم هەرێمە دەکـەن، هەربۆیە رۆژ بە رۆژ پێویسـتی کۆمپانیاکانی دڵنیایی زیاتر دەکات". بەڵام گوتی "هۆشـیاری خەڵک لەسـەر کۆمپانیاکانـی دڵنیایـی کەمە، لـە وڵاتانی پێشـکەوتوو کەس ناتوانێ ئۆتۆمبیـل لێبخوڕێ ئەگەر ئۆتۆمبیلەکەی بیمە نەکردبـێ". ئەو خاوەن کۆمپانیایە بە پێویسـتی دەزانێ کە حکومەت دڵنیایی بکاتە مەرج لەسەر هەموو هاووڵاتیان.

وەزارەتی دارایی و ئابووری بەمەبەستی جێبەجێکردنی بڕیاری سـەرۆکایەتی هەرێمی کوردسـتان ژمارە 2445 رایگەیاند هەموو کۆمپانیاکانی دڵنیایی ناوخۆ و دەرەکی دەتوانن داوا لە لیژنەی تایبـەت لەو وەزارەتە بکەن بە مەبەستی کارکردن بەمەرجێک سەرجەم ئەو مەرجانەیان تێدا بێت کە وەزارەتی دارایی بۆ ئەو مەبەستە دایناوە.

رەنگـە هۆکارێکـی دیکەی بـە پیـرەوە نەچوونی کۆمپانیاکانی بیمە لەلایەن هاووڵاتیان لایەنە ئاینییەکەی بێت، چونکە بەپێی قسـەی ئەندامێکـی لیژنەی فەتوا مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانە "حەرامە".

مـەلا عەلی فەقـێ، ئەندامی لیژنەی بـاڵای فەتوای هەرێمی کوردسـتان لەو بارەیەوە بـە (رووداو)ی گوت "مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانـە حەرامە و لە ئاینی ئیسلامدا رێگە پێنەدراوەو بە قومار هەژمـار دەکرێت، چونکە تۆ پارەیەک دەدەی دیـار نییە بۆت دەگەڕێتەوە یان نا".



## موراد قەرەیلان، سەرۆکی کۆنسەی کۆما جڤاکێن کوردستان KCK بۆ (ڕووداو):



# لە شاخ چۆن بووین لە شاریش هەر وا دەبین

موراد قەرەیلان، سەرۆکی کۆنسەی کۆما جڤاکێن کوردستان KCK لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا دەکات و دەڵێ تائێستا تورکیا هیچ هەنگاوێکی بە ئاراستەی ئاشتی نەهاوێشتووە و پێویستە دوای کشانەوەی گەریلا لەباکووری کوردستان ئەویش هەنگاو بنێت. قەرەیلان، کە یەکێکبووە لە بەنێوبانگترین فەرماندە مەیدانییەکانی گەریلا ، هەر لەو هەڤپەیڤینەدا باسی ئایندەی خۆیشی دەکات دوای چارەسەری پرسی کورد لە باکووری کوردستان.

**هەڤپەیڤین: فەرمان چۆمانی**

**دەبووایە حکومەتی عێراق لە کشانەوەی گەریلاکانمان ئاگادار بکەینەوە**

**گەریلا کشاوەکان لە شارەکانی کوردستان نیشتەجێ ناکرێن**

**ئینشاڵڵا وەک باشوور نابین**

**ڕووداو: بەرنامەتان هەیە گەریلا کشاوەکانی PKK لەناو شارەکانی هەرێمی کوردستان نیشتەجێبکەن؟**

**موراد قەرەیلان:** کشانەوەی گەریلاکانی PKK بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ نییە و پرۆسەکە قۆناغ قۆناغ دەڕوات، پاش کشانەوە دەبێ دەوڵەتی تورکیا هەنگاوبنێت و لە دەستووری تورکیا گۆڕانکاری بکات و نکۆڵیکردن لەبوونی کورد نەهێڵێت و کورد قەبوڵ بکات و ماف و ئازادی گەلی کورد بدات . کشانەوەی ئەو گەریلایانە بۆ ئەوە نییە ساڵان و ساڵان بمێننەوە و بۆ ماوەیەکە ، لەو شوێنانە نیشتەجێیان دەکەین کە خەڵکی لێ نییە ، لەوێ کاروباری خۆیان دەکەن تاوەکو ئەنجامێک بەدەستدێت و نایێنە ناو شارەکانی هەرێمی کوردستان.

**ڕووداو: ئێوە قۆناغی کشانەوەتان دەستپێکرد، ئایا تورکیا هیچ هەنگاوێکی هاوێشتووە؟**

**موردا قەرەیلان :** تورکیا چی کردووە؟ ئۆپەراسیۆنی وەستاندووە و دوو لایەنە پرۆسەکە درێژەی هەیە و بەبێ ئاستەنگ دەڕوات، بەڵام هەندێک شت هەن کە پێویستبوو تورکیا بیانکات ، بۆ نموونە زەمینە سازکردن و پاککردنەوەی ڕێگە، دەبووایە بیکات. ئێستا سیاسەتمەدارانی کورد کە تەنیا لەبەر کوردبوون ، تەنیا لەبەرئەوەی سیاسەتی کوردبوونیان پەیڕەوکردووەو چەکیان بەکارنەهێناوە، لە زینداننن. دەبێ ئەو سیاسیانە لە زیندان بێنە دەرەوە، دەبێ گۆڕانکاری لە یاسای دژە تیرۆردا بکرێت ، هەروەها دەبێ بەربەستی بەردەم هەڵبژاردن کە 10%یە کەمبکرێتەوە، چونکە بەهۆی ئەو بەربەستەوە پارتە کوردییەکان ناتوانن بەشداری هەڵبژاردن بکەن ، بەڵام تورکیا هیچ کام لەوانەی نەکردووە ، شتێک کە پێویست بێت تورکیا نەیکردووە ، هەروەها دەوڵەت سیاسەتی خۆی ئاشکرانەکردووە لەبارەی ئەو پرسە ، ئێمە ئەرکی خۆمان جێبەجێکردووەو کشانەوەی گەریلا بەردەوام دەبێت و لە ماوەیەکی نزیکدا ئەگەر هەموشیان نەکشێنەوە زۆربەی دەکشێنەوە. ئەوەی ماوە دەکەوێتە سەرشانی

**هیوادارم هەوڵەکانی نێچیرڤان بارزانی بۆ ئازادکردنی سەرۆک ئاپۆ بەردەوام بن**

ئەوان و دەبێ تورکیاش هەنگاوبنێت.

**ڕووداو: پلانی ئێوە چییە لە باشووری کوردستان؟**

**موراد قەرەیلان:** باشووری کوردستانیش وەک پارچەکانی دیکەی کوردستان کێشەی هەیە ، لە باشوور کێشەی کەرکووک هەیە، هیوادارم بە ڕێگەی ئاشتیانە ئەو پرسە چارەسەربکرێت . لە باشوور دەرفەت هەیە زیاتر ئاوەدان ببێت و وەک دەوڵەتێکی ئازاد پێشبکەوێت ، ئێمە بێلایەنین لە سیاسەتی باشوور و پشتیوانی هەمووان دەکەین ، ئێمە دەڵێین هەر کوتلە و حیزبێک ڕەخنەیان هەبێ لەیەکتر ، بەڵام دەبێ یەکگرتووبن . بە مانەوەمان لێرە ئێمە زیاتر ڕۆڵمان دەبێ لە سەقامگیری ئەو پارچەیەی کوردستاندا .

**ڕووداو: هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن دەبینن سەبارەت بە پرۆسەی ئاشتی لە باکووری کوردستان؟**

**موراد قەرەیلان:** سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرهەق بەو سیاسەتەی ئێمە و سەرۆک ئاپۆ دەستمان پێکردووە باشە و هەموو کەس بۆ ئازادی ئاپۆ ئیمزای کردووە، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت ئیمزای کردووە و هەوڵیشدەدات بۆ ئەو بابەتە، هیوادارم بەردەوامبێ لە هاوکارییەکانی.

**ڕووداو: حکومەتی عێراق نارەزایی هەبوو لە پرۆسەی کشانەوەی گەریلاکانی ئێوە بۆ قەندیل، ئەو هەڵوێستەی ئەوان چۆن دەبینن؟**

**موراد قەرەیلان:** هەندێک کەموکوڕی هەبوو لە ئێمەوە، دەبوو هەموو لایەک ئاگادار بکەینەوە و ئاگاداریمان پێشنەخست و ئەوانیش بە هەڵە لەئێمە تێگەیشتن و پێیانوابوو کە هێز بکشێنینەوە دەیبەینە کەرکووک و دژی ئەوان بەکاریدێنین ، کە ئەوە ڕاست نییە و لەجێی خۆی نییە . ئەو پرۆسەیەی ئاشتی کە لە باکووری کوردستان پێشدەکەوێت لە دژی هیچ وڵاتێک نییە، سیاسەتی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەوەیە کە خەتی سێیەم دەگرین و گەلی کورد برایەتی و دیموکراسی گەلان بە بنەما دەگرێت و لایەن نابێ لە کێشەکان و لای هیچیان ناگرێت. دەخوازین حکومەتی بەغدا وا تێبگات و نیگەران نەبێ لە پرۆسەی ئاشتی و پشتیوان بێت. ئێمە دژی ئەوان نین و دەمانەوێ کێشەی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستانیش بە ئاشتی چارەسەر ببێت، ئەوان هەڵە لە ئێمە تێگەیشتوون، بۆیە هەندێ لێدوانیاندا، بەڵام ئێمە دەڵێین پێویستە هەموو کەس بزانن هێزی کشاوەی ئێمە لە باکوور نە لە دژی هیچ لایەنێکە و نە هیچ وڵاتێکە، تەنیا بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی کشاوینەوە. ماوەی 30 ساڵە لەم شوێنەین و کشانەوەمان هیچ قورساییەک ناخاتە سەر عێراق و کاریگەری لەسەر ئەوان نابێت، کە هەشبێت بۆ برایەتی و ئاشتی دەبێت و هیوادارم ئەوانیش لەگەڵ ئەوەبن.

**ڕووداو: دەگوترێ گەریلاکانتان دەبەنە ڕۆژئاوای کوردستان؟**

**موراد قەرەیلان:** پێویست ناکات گەریلاکانمان ببەینە ڕۆژئاوای کوردستان، ئەوان هێزی خۆپاراستنیان هەیە، پەیوەندی و تێکەڵاوی ئێمە لەگەڵ پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD لە ڕۆژئاوای کوردستان پەیوەندییەکی کۆنە، بەڵام ئێمە جیاوازی لەنێوان حیزبەکانی ڕۆژئاوای کوردستاندا ناکەین . ڕاستە PYD لەسەر فکری ڕێبەر ئاپۆ خەبات دەکات، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە PKK بن. ڕێبەر ئاپۆ خەتێکە و فەلسەفەی خۆی هەیە و لەسەر ئەوە هاوکاریمان کردوون ئەوان کە کێشەیان لەگەڵ حیزبەکانی دیکەی ڕۆژئاوای کوردستاندا هەیە، لایەنگرییان ناکەین ، دەمانەوێ کێشەکە بە ئاشتی چارەسەر ببێت، دەخوازین لە ڕۆژئاوا هەموو حیزبەکان یەکبن و ئەگەر دەسەڵاتێک هەیە هەموو ببنە دەسەڵاتدار ، نەوەک تەنیا یەک لایەن. حیزبەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەڵێن PYD گوشارمان دەخاتە سەر، ئەوانیش دەڵێن وانییە و حیزبەکان نایێن بەشداربن، ئەوانیش قسەی خۆیان هەیە.

**جیاوازی لەنێوان PYD و حیزبەکانی ڕۆژئاوای کوردستاندا ناکەین**

**دەبێ پژاک درێژە بە ئاگربەست بدات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

**بێلایەنین لە سیاسەتی باشووردا و پشتیوانی هەمووان دەکەین**

**ڕووداو: لەڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکدادان ڕوویداوە لەنێوان پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) و کۆماری ئیسلامی، ئەو ڕووداوە چۆن دەبینن؟**

**موراد قەرەیلان:** پژاک و کۆماری ئیسلامی لە 2011/9/5 ەوە ئاگربەستیان هەیە و بەڕای ئێمە دەبێ درێژە بە ئاگربەستەکە بدرێت، بەتایبەت لەو قۆناغەی ئێستادا نابێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەڕ بەرپاببێت.

**ڕووداو: ئایا ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا دەیانەوێ PKK لە لیستی تیرۆر دەربێنن ، مەرجیان چییە بۆ دەرهێنانی ئێوە لە لیستی تیرۆر؟**

**موراد قەرەیلان:** بە فەرمی پشتیوانی خۆیان ئاشکراکردووە و هیواداریین ئەوەی بە قسە دەیکەن کرداریش بێت و تەنیا قسە هەڵویستی ئەوان ناگۆڕێت . بۆ نموونە سەرۆکی PKK لەگەڵ تورکیا دادەنیشێ ، سێ ساڵ بوو PKK لە ئۆسلۆ لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا گفتوگۆی دەکرد، هەموو دەزانن پرسی کورد لە باکوور پرسێکی نەتەوەیی و جڤاکییە ، تورکیا نکۆڵی لە کورد کردووە، تورکیا لەباکووری کوردستان کردەوەی تیرۆرستی ئەنجامداوە، دەبێ ئەوان هەموو لایەنەکان ببینن ، دەبێ گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانیاندا بکەن دەرهەق بەکورد لە باکوور . سێ سەرکردەی کورد لەپاریس تیرۆرکران و تائێستا قسەیەکیان نەکردووە، ئێمە لە ئەوروپا بە گومانین .

**ڕووداو: تۆ وەک سەرکردەیەکی PKK دوای سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی چی دەکەی؟**

**موراد قەرەیلان:** بەردەوام دەبم لە خەبات و خزمەتی نەتەوەیی، لەکوێ پێویست بکات من خەباتکاری گەلی کورد و خزمەتکاری کوردستانم، ژیانم بۆ گەلی کورد بووە و هەرواش دەمێنمەوە.

**ڕووداو: لە باشوور ڕەخنە لە سەرکردەکان دەگیرێت کە لە شاخ جۆرێک بوون لە شار جۆرێکی دیکە دەژین، ئایا ئێوەش واتان لێنایێت دوای سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی؟**

**موراد قەرەیلان:** ئێمە ئینشاڵڵا وەک باشوور نابین. لە شاخ چۆن بووین لە شاریش وادەبین، ئێستا زۆر بیر لەوەش ناکەینەوە کە چۆن دەبین، چونکە لەقۆناغی یەکەمداین و ڕێگەیەکی دوورمان ماوە، ئێستا زیاتر لە بیری چارەسەریداین.



قەرەیلان لەگەڵ پۆلێک گەریلا یاری بالە دەکات

### پاش سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی

# تورکیا دەبێت پتر لە دوو ملیۆن و 600 هەزار مین هەڵبگرێتەوە

**فەرهاد چۆمانی**
**ڕووداو- هەولێر**

پاش سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا کە هەنگاوی یەکەمی بە کشانەوەی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ چیای قەندیل دەستیپێکرد، حکومەتی تورکیا بەرەوڕووی ئەرکێکی زەحمەت دەبێتەوە کە بریتییە لە هەڵگرتنەوەی پتر لە دوو ملیۆن و 600 هەزار مین لە ناوچەکانی باکووری کوردستان.

بەپێی ئامارێک کە ناوەندی ڕاهێنانی پیشەیی و توێژینەوەی سەر بە زانکۆی ئایدن لە ئیستەنبوڵ ئەنجامی داوە، لەماوەی 12 ساڵی ڕابردوودا 975 کەس لە باکووری کوردستان کە 128یان منداڵ بوونە، بوونەتە قوربانیی مین.

بەگوێرەی ڕۆژنامەی (تودەی زەمان)ی تورکی، حکومەتی تورکیا دەبێت لە قۆناغی داهاتوودا دوو ملیۆن و 616 هەزار و 770 مین هەڵبگرێتەوە.

کوبلای کاپتان، سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە لەوبارەوە ڕایگەیاند "لە ساڵی 2003وە ڕێککەوتنی (ئۆتاوا)مان واژوو کردووە، وێڕای ئەوەی ناوەندی هەڵگرتنەوەی مین لە تورکیا نییە، لەگەڵ ئەوەش دەبێ تا ساڵی 2014 ئەو 982 هەزار و 777 مینەی لەنێو خاکی تورکیا چێنراون، هەڵبگیرێنەوە".

گوتیشی "لەم ژمارەیە 818 هەزار و 220 مینی دژە مرۆڤ و 164 هەزار و 497 مینی دژە تانک چێنراون، هەر ساڵێکیش 100 ڕووداو دەخەنەوە".

کاپتان هەر لە درێژەی ئەو قسانەدا گوتی "دوای کشانەوەی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK، ئەو ناوچانەی چۆڵدەکرێن، دەبنە شوێنی گەشت، لەوەڕگا و ژیانی گوندییەکان، ئەمەش مەترسی لەسەر گیانیان دروستدەکات، چونکە مینەکان دوای 75 ساڵ لە چاندنیان هێشتا کارا دەمێننەوە و ئەگەری تەقینیان هەیە".

تورکیا لە ساڵی 2007ـەوە دەستیکردووە بە هەڵگرتنەوەی ئەو مینانەی لە ماوەی 30 ساڵی شەڕی چەکداری نێوان سوپای و پارتی کرێکارانی کوردستان چاندبوونی، ژمارەی ئەو مینانەش بە 2 ملیۆن و 616 هەزار و 770 مین مەزەندە دەکرێ، بڕی تێچووی هەر مینێک بۆ تورکیا 3 دۆلارە و هەڵگرتنەوەشی هەزار دۆلاری دەوێ.





## کچە میر دەچێتە ئیسپانیا و پۆڵۆنیا



**رووداو- هەولێر**

لە درێژەی کارە هونەرییەکانیدا، ئەبەز موکریانی بە نیازە بەرهەمێکی نوێ بڵاوبکاتەوە. موکریانی دەربارەی ئەو بەرهەمە نوێیەی بە (رووداو)ی راگەیاند "بەمزووانە تازەترین بەرهەمی گۆرانیم بڵاو دەکەمەوە بەناوی کچە میر". ئەو بەرهەمە لە تێکستی حەمە سەعید ئیبراهیمە و لە ئاواز و میوزیکی ئاریۆسە. بەشێک لەو بەرهەمە لە ئیسپانیا و پۆڵۆنیا کلیپ کراوە. کاری وێنەگرتن و مۆنتاژیشی لەلایەن کۆمپانیایەکی ئیسپانی کراوە.





جەیلان:

# بەڵێن بێت خۆم فێری کوردی دەکەم

**کاروان و هیوا**
**رووداو- دهۆک**

ماندووبوونێکی زۆر بە سیمایەوە دیار بوو، ئەمەش زیاتر بۆ دووری رێگای کوردستان و تورکیا دەگەڕایەوە، لەگەڵ بەردان ماردینی زۆر هاوڕێن و بەردەوام پێکەوە دەبیندرێن، لەکاروباری هونەریش بۆچوونی یەکدی وەردەگرن و پێشنیاز بۆ یەکدی دەکەن. بەردان ماردینی بە پێکەنینەوە گوتی "من کەفیلی جەیلانم کردووە لە ماڵەوەیان".

### دواجارم نابێت

بۆ یەکەمجارە سەردانی کوردستان دەکات، بەڵام گوتی کە دواجاری نابێت، جەیلان بە گۆرانییە بەسۆزەکانی هەوادارێکی زۆری لە تورکیا و کوردستانیش هەیە، هەفتەی رابردوو بۆ کەرنەڤاڵی رۆژی بەپارێزگابوونی دهۆک لەگەڵ چەند گۆرانیبێژێک هاتبووە کوردستان و کۆنسێرتێکی هونەرییان پێشکەشکرد.

جەیلان خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە لە کوردستان داوەتیان کردووە "پێشوازییەکی زۆر گەرمم لێکرا، بەڕاستی خەڵکی کوردستان زۆر میواندۆستن و حەز لە هەموو خەڵکی دەکەن، ئەمەش وادەکات میوان هەست بە غەریبی نەکات و وابزانێت لە ناو خزم و کەسوکاری خۆیەتی". جەیلان گوتیشی "یەکەم جارمە دێمە کوردستان، بەڵام دڵنیام دواجارم نابێت، زۆر سەرسامم بە سروشتی کوردستان و هیوادارم رۆژ بە رۆژ بەرەوپێش بچێت".

### نیوەم کوردە و نیوەم تورکە

هەندێک کەس دەڵێن جەیلان تورکە و هەندێکیش دەڵێن کوردە، بەڵام ئەو خۆی دەڵێت "من نیوەم کوردە و نیوەی دیکەشم تورکە، چونکە باوکم کوردە و دایکیشم تورکە، بۆیە من خۆم هەم بە کورد دەزانم و هەمیش بە تورک".

بەڵام جەیلان تا ئێستا نازانێت بە کوردی قسە بکات، هونەرمەند بەردان ماردینی قسەکانی دەکردەوە کوردی، جەیلان هۆکاری فێرنەبوونی زمانی کوردی باسکرد و گوتی "لەبەر ئەوەی لە قوتابخانە و ماڵەوە و شوێنی کارکردنم هەر بە تورکی قسەم کردووە، نەمتوانیوە فێری کوردی ببم، بەڵام سۆزبێت هەر کە چوومەوە تورکیا مامۆستایەک دەگرم و خۆم فێری کوردی دەکەم، بەردان ماردینیش سۆزیداوە هاوکاریم بکات تا بە تەواوی فێری کوردی ببم". بەڵێنیشی دا کە ئەگەر جارێکی دیکە هاتەوە کوردستان دەبێت تەنیا بەکوردی قسە بکات.

پرۆسەی ئاشتی کە ئێستا لە تورکیا لە ئارادایە، هونەرمەندان و رۆشنبیرانیشی هێناوەتە سەرخەت. بۆ ئەوەش جەیلان قسەی خۆی هەبوو "ئێمە دەبێت دوور لە سیاسەت و شەڕو ئاژاوەی سیاسیەکان بین و نابێت ببینە بەشێک لەو کارانە، بەڵام دەبێت هاوکار بین بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان، هونەرەکەمان خزمەت بە مرۆڤایەتی بکات".

### لە مێردەکەم جیانەبوومەتەوە

لە ماوەی رابردوودا ئاژانسەکانی هەواڵی تورکیا بڵاویانکردەوە کە جەیلان لە مێردەکەی جیابووەتەوە، بەڵام لە قسەکانیدا بۆ (رووداو) تەواوی ئەو هەواڵانەی رەتکردەوەو گوتی "ئەوانە دەیانەوێت ئەو خۆشەویستییە بە تینەی نێوانمان تێکبدەن، بەڵام ئێمە زۆر لەوە گەورەترین بەو قسانە نێوانمان تێکبچێت".

جەیلانی سترانبێژ لەساڵی 2011 لەگەڵ کوچ ئاڵتان، کە بە ئۆج ئۆران ناسراوە هاوسەرگیری کرد و لە کەناری دەریای نیوەڕاست بەرامبەر زوومی کامێرای رۆژنامەنووسان بە جلی بوکێنییەوە ئەو هاوسەرگیرییەی راگەیاند. کوچ ئاڵتان چوارەم مێردی جەیلانە، پاش جیابوونەوەی لە مێردەکانی پێشتری کە یەک لەوان کوڕی هونەرمەند ئیبر ا هیم تاتلیسەس بوو.

### بەڵێنی داوە گۆرانی کوردی بڵێت

لەناو ئەلبوومی گۆ را نییە کا نی جەیلان زۆر بە کەمی سترانی کوردی دەبیندرێت، ئەمەش نیگەرانی لای هەوادارە کوردەکانی دروستکردووە، جەیلان بەڵێنی دا ئەمجارە چەند گۆرانییەکی کوردی بڵاوبکاتەوە و گوتی "ئێستا خەریکم چەند گۆرانییەکی کوردی تۆمار دەکەم، بە تایبەتی بۆ هەموو گوێگرانی کورد کە شەیدا و هۆگری دەنگی منن، لەگەڵ بەردانیش بەرنامەمان بۆ دارشتووە کە چۆن و چی بکەین، لەو ماوەیەش ئەمە بە کردەوە دەبینن، نەک تەنیا سۆز و پەیمان".

هەر گۆرانیبێژێک دەنگی چەند سترانبێژێکی لا خۆشەو لاسایی دەکاتەوە و وەک پێشەنگ و مامۆستای خۆی سەیری دەکات، جەیلان دەڵێت "زۆر زۆر شەیدای دەنگی هونەرمەندانی کورد شوان پەروەرو جوان حاجۆم، بەردەوام گوێیان لێدەگرم و چێژیان لێ دەبینم".



بەردان ماردینی:

# دەبمە پردی نێوان هونەرمەندانی باکوور و باشووری کوردستان

**میرا سەلاح خەیری**
**رووداو- دهۆک**

بەبۆنەی کەرنەڤاڵی یادی 44 ساڵەی بە پارێزگابوونی دهۆک هاتبووە ئەو شارە، لە کاتی پشوودا لە هوتێلی ژیان لە ژوورەکەی خۆی، ئەو وێنانەی پێشانی جەیلان دەدا کە لە چەند شوێنێکی کو ر د ستا ن گرتبوونی. جەیلان لە سیمایەوە دەردەکەوت کە زۆر سەرسامە بە سروشتی کوردستان.

بەرلەوەی وەڵامی پرسیارەکانی (رووداو) بداتەوە، بەردان ماردینی گوتی زۆر خۆشحاڵە کە تەلەفزیۆن و رادیۆی (رووداو) دەستیان بە پەخش کردووە "هیوادارم ببێتە پردێک بۆ بەیەکگەیشتنی هەموو هونەرمەندانی کوردستان".

بەردان ماردینی لەساڵی 1978 لە شاری مێردینی باکووری کوردستان لەدایکبووە و خێزاندارەو منداڵێکی هەیەو وەک خۆیشی ئاشکرای کرد، ئێستا خێزانەکەی دووگیانەو حەزیش دەکات پێنج شەش منداڵی هەبێت.

بەردان چەندین ئەلبوومی گۆرانی بە تورکی و کوردی هەیە. ئێستا لە کەناڵی TRT6 بەرنامەیەکی هونەری پێشکەش دەکات و میوانداری گۆرانبێژان و دەنگبێژانی کورد و تورک دەکات.

بەردان ماردینی باسی پرۆسەی ئاشتی کرد کە لە نێوان PKK و حکومەتی تورکیا دەستیپێکردووە، ئەو گوتی "زۆر خۆشحاڵم ئەو پرۆسەیە دەستیپێکردووە، ئێمەش وەک هونەرمەندان و رۆشنبیران دەبێت هاوکار و پاڵپشتی بەردەوامی ئەم پرۆسەیە بین، بەڕاستی بەسە یەکدی کوشتن و شەڕو ئاژاوە".

هەندێک لە کوردانی باکووری کوردستان بەردان ماردینی و ئەوانەی لە TRT6 کاردەکەن بە نۆکەری دەوڵەتی تورکیا دەزانن و بەردەوام رەخنەیان لێدەگرن، بە تایبەتی بەرنامەکەی بەردان ماردینی کە بە "بەتورککردنی گۆرانی و هونەری کوردی" تۆمەتباری دەکەن.

بەردان لەوبارەیەوە دەڵێت "خەڵک ئازادە چۆن بیر دەکاتەوە و چی دەڵێت، منیش رەخنەم هەیە، ئەو قسانە بە هەموو شێوەیەک رەتدەکەمەوە، خەڵکێکی یەکجار زۆر سەیری بەرنامەکەی من دەکەن، تا ئێستا نەمزانیوە گلەییان هەبووبێت، بەڵام ئەوەی گرنگە من هەمیشە هەوڵمداوە رەسەنایەتی و کولتووری کوردی بپارێزم و زیندووی بکەمەوە، لەسەر ئەو کارانەی کردووشمن بەردەوام دەبم".

زوو زوو هونەرمەندانی بیانی وسترانبێژانی باکوور و رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی کوردستان، سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن و کۆنسێرت و ئاهەنگ ساز دەکەن، بەردان ئەمە بە کارێکی باش دەزانێت بۆ تێکەڵبوونی هونەر و کولتووری نەتەوەکان.

### دەبمە پردی باکوور و باشوور

بەردان ماردینی لە رێگەی بەرنامەکەی لە TRT6 دەیەوێ ببێتە پردێک لە نێوان هونەرمەندانی باکوور و باشووری کوردستان، لەوبارەوە گوتی "لەبەرنامەکەی خۆم هەموو هونەرمەندێک داوەت دەکەم، چ لە باکوور یان لە باشوور و لە هەر شوێنێک دەنگبێژ یان سترانبێژی کورد هەبێت من بێ دوودڵی دەیهێنمە بەرنامەکە".

ماردینی ئاماژەی بەوەدا کە ئەو هونەرمەند جەیلانی هێناوە بۆ کەرنەڤاڵی دهۆک و دەڵێت "لە بەرنامەمدایە هونەرمەندی دیکەش بێنم بۆ باشووری کوردستان تا ئەو پەیامەی کە پێکەوەژیانە بکەینە کردار".

کەرنەڤاڵی هونەریی دهۆک بۆ یەکەمجارە بەو شێوە فراوانە بەڕێوەدەچێت کە چەندین گۆرانیبێژی شارەکەو دەرەوەی کوردستان ئامادەی ببوون. زۆربەی خەڵک تاوەکو درەنگانی شەو لە دەرەوە مانەوە. لە شارەکانی دیکەی کوردستانیش بەردان ماردینی هەواداری زۆری هەیە، بۆیە دەڵێت "لە بەرنامەمدایە لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی دیکە کۆنسێرت لە زۆربەی شارەکانی دیکەی کوردستان ساز بکەین".

بەڵام گوتی جارێ زووە کاتی کۆنسێرتەکە دیاری بکەین، چونکە بە قسەی خۆی جگە لە گۆرانی و کلیپ بە نیازە کار لە فیلمێکدا بکات، لەگەڵ ئەوەشدا بڕیارە ئەلبوومێکی گۆرانی بە کوردی بڵاوبکاتەوە. هەروەها گوتی "هەفتەی رابردوو ریکلامی بازرگانیم بۆ چەند کۆمپانیایەکی کوردی کردووە لەو رۆژانە بڵاو دەبێتەوە".

### بۆ شۆیەک لە باشووری کوردستان ئامادەیە

لە چەند کەناڵێکی تورکی داوای لێکراوە بەرنامەی شۆ پێشکەش بکات، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێک رەتیکردووەتەوە، لەبارەی ئەوەی ئەگەر لە باشووری کوردستان داوای لێبکرێت بەرنامەیەک لە یەکێک لە کەناڵە کوردییەکان پێشکەش بکات چی دەڵێت؟ بەردان گوتی "زۆر پێمخۆشە، ئەگەر ئەو داواکاریانەی من جێبەجێ بکەن، بە تایبەتی لە رووی تەکنیک و میوزیک ئامادەم بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ بەرنامەیەکی شۆ پێشکەش بکەم کە ببێتە جێگای خۆشحاڵی هەموو کوردێک".

### عاشقی دەخالۆی کاوێس ئاغایە

زۆرجار لە بەرنامەی ماردین شۆ بەردان ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە زۆر شەیدای دەنگبێژانی کوردە و بەردەوام لاوک و بەستە کۆنەکان بە ستایلی نوێ پێشکەش دەکات، ماردینی لەو بارەیەوە دەڵێت "زۆر سەرسامی لاوکی (دەخالۆی) کاوێس ئاغام، هەروەها عاشقێکی سەرسەختی دەنگی هونەرمەند شوان پەروەرم".



ئالین:

# کلیپەکانم 3 ملیۆن جار بینراون

**زەکی ئۆزمەن**
**رووداو- کۆڵن**

گۆرانیبێژی کورد، ئالین بەهۆی کارەکانی توانیویەتی سەرنجی میدیای ئەڵمانی بۆخۆی رابکێشێت. ئێستا ئالین لەگەڵ بەڕێوەبەری تازەی کارەکانی کە کەسێکی ئەڵمانە، سەرقاڵی ئامادەکردنی ئەلبومێکی نوێیە. لە ماوەی رابردووشدا کلیپی گۆرانییەکی تازەی کە بۆ منداڵان بوو، بڵاوکرایەوە.

ئالین خەڵکی شاری دێرکی رۆژئاوای کوردستانە، بێجگە لە کاری هونەری دەرمانسازیشە. تاوەکو ئێستا 2 ئەلبوومی دەرکردووە و چەند گۆرانییەکیشی لە ئەڵمانیا، باکوور و باشووری کوردستان کلیپ کردووە. وا بڕیار بوو ساڵی رابردوو ئەلبوومی سێیەمی دەربکات، بەڵام بەهۆی کۆچی دوایی دایکی، ناچار بوو ئەلبوومەکەی دوابخات.

ئالین کە لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە، سەبارەت بە کارە هونەرییەکانی بە (رووداو)ی گوت "لەگەڵ کۆمپانیایەکی بەناوبانگی ئەڵمانی بۆ بەرهەمهێنانی میوزیک رێککەوتووین، هیوادارم تاوەکو سەری ساڵ سوپرایزێک پێشکەشی رای گشتی بکەم لەگەڵ هونەرمەندێکی بەناوبانگی ئەڵمان".

ئالین ئامادەکاری بۆ بەرهەمهێنانی چەند کلیپێک دەکات کە یەکێکیان بە زمانی ئینگلیزی دەبێت، یەکێکیش بە زمانی ئەڵمانی و ئەوی دیکەش بە شێوازێکی هارمۆنی گۆرانی و هۆنراوە دەبێت.

ئێستا لەگەڵ هانس یواخیم زیگمان، بەڕێوەبەری کارەکانی سەرقاڵی پرۆژەیەکە. میدیای لۆکاڵی ویلایەتی تورینگین لە رۆژهەڵاتی ئەڵمانیا لە رۆژانی رابردوودا گرنگی بە کارە هونەرییەکانی ئالین دا. بڕیاریشە ئەم مانگە بەشداری بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی (ZDF) ی ئەڵمانی بێت، هەروەها لە داهاتووشدا تەلەڤزیۆنی (RTL) هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ سازدەکات

### گۆرانیەک بۆ منداڵان بە کوردی و ئەڵمانی

ئالین لەو ماوەیەدا گۆرانییەکی منداڵانی بەناوی "خالخالۆک" بە زمانی ئەڵمانی و کوردی کلیپ و بڵاوکردەوە. زۆر منداڵی کورد و ئەڵمانیش بەشدارییان لەو کلیپەدا کردووە. لەبارەی ئەو کلیپەوە گوتی "من منداڵم زۆر خۆشدەوێن، ئەوە چوار ساڵە هەوڵدەدەم بەرهەمێکیان پێشکەش بکەم."

ئالین دەڵێت لەساڵی 2007ەوە، کلیپ و گۆرانییەکانی نزیکەی 3 ملیۆن جار بینراون و بیستراون لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت.

# تاراوگە



## پارتی ژینگەی سوێد: پشتگیریتان دەکەین

ڕووداو-سوێد

45 ڕێکخراوی کوردی لە سوێد داواکارییەک ئاراستەی پارتەکانی نێو پەرلەمانی سوێد دەکەن و داوایان لێدەکەن کە پشتگیریان بکەن لە بەرزکردنەوەی دۆسیەی ئەنفال بۆ پەرلەمانی ئەورووپا تاوەکو ئەو دۆسیەیە بە جینۆساید بناسێنێ. ئەو ڕێکخراوانە لە بەیاننامەیەکدا ڕایانگەیاند کە بۆدیل سیبەلۆس، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوە لە پارتی ژینگە وەڵامی داوەتەوە و دەڵێت "ئێمە پشتگیری داواکەتان دەکەین و دەیخەینە ناو بەرنامەکانی کارکردنمان، هەر وەک پێشووتر کارمان لەسەر هەندێ لەو داوایانە کردوە، بەڵام ئێستا ناتوانین بیکەنە پێشنیاز بۆ گفتوگۆی پەرلەمان".

# کچە کوردێک لە بێژەرە یەکەمینەکانی سوێدە





**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

کچە کوردی تاراوگەنشین خەزەر فاتیمە، کە یەکێکە لە ڕۆژنامەنووسە ناسراوەکانی سوید، بۆ خوێندنەوەی هەواڵی تەلەفزیۆنی فەرمی سوێد SVT دەستنیشانکرا و هەفتەی ڕابردوو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەو تەلەفزیۆنەدا هەواڵی خوێندەوە.

ڕادیۆی سوید کە لە ڕوماڵی هەواڵەکە لەگەڵی بوو، قسەکانی خەزەری بە زمانی کوردی گواستنەوە. لە چاوپێکەوتنەکەی ڕادیۆی سویددا خەزەر ڕووی قسەکانی لە دایکی کرد و گوتی "دایە گیان ئەگەر تۆ لەکارەکەم ڕازی بیت، منیش ڕازیم".

فاتیمە زۆر خۆشحاڵ بوو کە ئیدارەی تەلەفزیۆنەکە ئەو متمانەیان پێبەخشیوە و ڕێگەیان پێداوە ڕاستەوخۆ هەواڵەکان بخوێنێتەوە.

خەزەر کە بۆ کاری ڕۆژنامەوانی چەند ناوچەیەکی جیهان گەڕاوە، گوتی "خۆشحاڵ بووم بە کاری ڕۆژنامەوانی خۆم لە ناوچەکانی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئەفغانستان". هەروەها گوتی "لەسەر داوای بەڕێوەبەرانی تەلەڤزیۆنی سوید هاتمە بەشی هەواڵەکان".

خەزەر فاتیمە، لە ساڵی 1983 لە شاری تەبرێز لە ئێران لەدایکبووە، بەهۆی ڕەوشی سیاسی خێزانەکەیان ناچار بوونە ڕوو لە ئەفغانستان بکەن، دواتر ڕوو لە سوێد دەکەن کە ئەو کات خەزەر تەمەنی 8 ساڵان بووە. دوای وەرگرتنی مافی پەنابەری لەو وڵاتە، خێزانی خەزەر ڕەچەڵەکی خۆیان ئاشکرا کرد و ڕایانگەیاند کە ئەوان کوردن.

خەزەر ئێستا یەکێکە لە ڕۆژنامەنووسە ناسراوەکانی سوید و جگە لە چەندین کاری ڕۆژنامەوانی ناسراو لە کوردستان و تورکیا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پاکستان و ئەفغانستان، هاوکات بەهۆی چەند فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری، توانی پرسی ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە جیهان بناسێنێ.

بایەخی ئەو بۆ پرسەکانی مافی مرۆڤ و ژنان یەکێکە لە کارەکانی، دوای بڵاوکردنەوەی فیلمە دۆکیۆمێنتاریەکەی لەبارەی ئەفغانستان بەناوی (Where my heart beats) لە ساڵی 2012دا و ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانیەکانی لەو وڵاتانە، توانی ئاراستەیەکی نوێ بداتە سیاسەتی حکومەتی سوید لە بەرامبەر پرسی مافی مرۆڤ و مافی ژنان بەتایبەت لە پاکستان و ئەفغانستان.

یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی کە دەنگدانەوەیەکی زۆری لەو وڵاتە و کاریگەری لەسەر سیاسییەکان و نوخبەی ئەو وڵاتە هەبوو بەرامبەر بە پرسی کورد لە باکوور، لە ژێر ناوی (نەوەیەک کە یەکدی دەکوژن) بڵاوکرایەوە.

خەزەر فاتیمە بەم ڕاپۆرتە گوزارشتی لە پرسی کورد لەو وڵاتە کرد کە ناچار کراوە بە شەڕ و کوشتار. فاتیمە دیوێکی دیکەی پرسی کوردی لە باکووری کوردستان نیشاندا. ڕۆژنامەنووسێکی سویدی لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکانیدا لەبارەی خەزەر دەڵێت "تێڕوانینی سویدییەکانی گۆڕی لە تیرۆرەوە بۆ خەباتکردن".

> **ڕۆژنامەنووسێکی سوێدی:**
> **خەزەر تێڕوانینی سوێدییەکانی لەسەر کورد لە تیرۆرەوە گۆڕی بۆ خەباتکردن**

خەزەر بەتەنیا وەک سویدییەکی بەرەچەڵەک کورد و وەک نوێنەری نەتەوەیەک نەناسراوە، بەڵکو سیمبولێک بووە لە دەرخستنی ڕاستییەکانی پرسی ژنان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا و هەر لەسەر ئەم بنەمایە وەک سەرەکیترین ڕیپۆرتێری ئاژانسەکانی سوید و تەلەڤزیۆنی ئەو وڵاتە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا دەستنیشانکراوە و بەهۆی کارە دۆکیۆمێنتاری و ڕۆژنامەوانییەکانی لەسەر پرسەکانی ژن و مافی مرۆڤ و شەڕ لەو ناوچانە، بووەتە وەرگری چەندین خەڵات و سوپاسنامە.

# ئاگرەکەی سوێد کوردیشی سووتاند



**شاد محەممەد**
**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

هێرشکردنە سەر بنکەکانی پۆلیس و بازاڕ و شوێنە گشتییەکان لە هەشت کۆمۆن و دەیان گەڕەکی ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد بەردەوامە و بەو هۆیەشەوە چەند شوێن سووتێندراون کە پریشکی ئەو ئاگرە بازرگان و کاسبکارانی کوردیشی گرتووەتەوە.

سەرەتای ڕووداوەکان لە ناوچەی هیوزبی و رینکەبی و شیستا کە بە ناوەندی بیانییە سەر ڕەشەکانی ئەو وڵاتە دادەنرێت دەستیپێکرد و کۆمۆنەکانی شارهۆڵمن و ڤۆرباری و فیتیا و چەند ناوچەیەکی دیکەشی گرتەوە.

### لە نێو زیانلێکەوتووان چەند کوردێک هەن

سەلام کوردە، کە خاوەنی مارکێتێکی کاڵا و خواردەمەنییە ڕۆژهەڵاتییەکانە، ئۆتۆمبێلی کارەکەی و بەشێک لە بازاڕگەکەی تووشی زیان و هێرش هاتن، سەلام زیانە مادییەکانی بە سەتان هەزار کرۆنی سوێدی مەزەندە کرد و بە (ڕووداو)ی گوت "من 30 ساڵە لە سوێدم، ئەوە یەکەمین جارە شتی لەو شێوەیە لێرە ڕوویدات". سەلام گوتیشی "هەموویان گەنجی سەرلێشیواو و بێ ئیقامەن".

### "پاشخانی ئاینییان هەیە"

ئاسۆس بەرواری، کە کوردێکی دانیشتووی گەڕەکی هیوزبی و نزیک لە ڕووداوەکەیە بە (ڕووداو)ی گوت "زۆر لەوانەی بەشداری خۆپیشاندانەکان دەکەن، ئەو گەنجە سۆماڵی، میسری، مەغریبیانەن کە سەردانی مزگەوتەکەی ئەو گەڕەکە و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان دەکەن، ئەوان دروشمی ئاینییان بەرز کردبووەوە.

ئاسۆس گوتی ماوەیەکە لەو ناوچەیە کە زۆربەی دانیشتووانی عەرەب و ئەفریقین، زۆر لە تابلۆی ڕێکلامەکانیان شکاندووە کە کچی ڕووتیان تێدا بووە". بە بڕوای ئاسۆس "ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە پاشخانێکی ئاینی لە پشت ڕووداوەکانەوە هەیە".

ئێریک ئۆلنهاگ، وەزیری گونجاندنی سویدی لە لێدوانێکیدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سوێدی گوتی "ئەو ناوچە پەراوێزیانەی ستۆکهۆڵم پۆلیسی زیاتریان دەوێت و ئارامگیری زیاتریان پێویستە". گوتیشی "خەڵکی ئەم ناوچەیە دژی ئەو جۆرە کارەن و ئەوەی ڕوویدا گوزارشت لە خواستی خەڵکی ئەو ناوچەیە ناکات". هێمای بۆ ئەوەش کرد کە "خەڵکی ئێرە و ناوچەکانی دیکە کێشەیان هەیە و دەبێت گوێیان لێ بگیرێت و کێشەکانیان چارەسەر بکرێن".

### سەرۆک وەزیران: دەبێت بەئیدارەی وڵاتدا بچینەوە

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا فریدریک ڕاینفێڵد، سەرۆکی حکومەتی سوێد هێمای بۆ خراپی ڕەوشی خەڵک کرد کە کاریگەری لەسەر ئەم جۆرە ڕووداوانە هەیە و گوتیشی "ڕووداوەکانی ئەم دوو شەوەی هیوزبی نەفرەتییە و کاری خەڵکانێکی تووڕەیە و کاری توندوتیژی دەتوانێ کۆمەڵگە بگۆڕێت".

ڕاینفێڵد ئەم ڕووداوانە وەک مەترسی بۆ سەر کۆمەڵگە وەسفکرد و گوتی "دەبێت لەسەر ئاستی هەموو کۆمەڵگەی سویدی کار بۆ ئاشتەوایی بکرێت".

دوای ڕووداوەکە و دەستگیرکردنی 6 گەنج، ڕووداوەکە وەک کارێکی توندوتیژی گەنجان ناوزەد کراو لەو بارەیەشەوە ڕاینفێڵد، کە سەر بە پارتی مۆدێراتی ڕاستڕەوی سویدییە، گوتی "باشکردنی ڕەوشی گەنجان و قوتابخانەکان کاریگەری لەسەر نەهێشتنی کاری توندوتیژی گەنجان هەیە".

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گوتی "بەڵگەیەک نییە کە ئەم جۆرە کارانە پەیوەندی بە ناڕەزایی دژ بە پۆلیسەوە هەبێت".

هەرچەندە دەگوترێ تووڕەیی ئەو گەنجانە دوای کوشتنی پیاوێکی تەمەن 69 ساڵان دێت کە لەلایەن پۆلیسی گەڕەکی هیوزبی کوژرا، کاتێک چەقۆیەکی بەدەستەوە بووەو ئامادە نەبووە خۆی بدات بە دەستەوە. بەڵام بەپێی بۆچوونی چاودێرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، پاشخانی قووڵتر لەپشت ئەم ڕووداوانەوەیە کە زۆر تازەیە بەنیسبەت وڵاتێکی وەک سوید.. ئەمەش بە بڕوای ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ پرۆتستۆکردنی خەڵک بۆ بانگی ئاشکرای مزگەوتەکان لە سوید.

### ڕووداوەکە کاریگەری لەسەر پەرەسەندنی ڕاسیزم هەیە

دوای هەڵکشانی جەماوەری پارتە ڕاست و ڕەگەزپەرستەکان و لەنێویاندا پارتی سڤاریا دیموکرات (سویدییە دیموکراتەکان)، زۆر لە پارتەکان تووشی ڕەخنە هاتن و ئێستاش خەڵکانی مرۆڤدۆست و بەتایبەت چالاکوانەکانی مافی مرۆڤ ترسی ئەوەیان هەیە کە ئەم ڕووداوە زیاتر زەمینە خۆش بکات بۆ زیادبوونی هزری ڕەگەزپەرستی و ململانێی توند لە نێوان دانیشتووانی ئەو وڵاتە لە بیانیان و سویدییە ڕەسەنەکان.

ستیفان لۆرەنس، چالاکوانێکی کاری ڕێکخراوەیی لە سوێد دەڵێت "بیانییەکان هەڵە بوون لەم دەربڕینە و لەم وڵاتە ڕێگەی دیکە بۆ دەربڕینی ڕەخنە و پرۆتستۆ هەیە". ستیڤان لە درێژەی قسەکانیدا بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو ڕووداوانە دەبنە ڕێگر لەبەردەم ئێمە کە کارمان بۆ نەهێشتنی هزری ڕەگەزپەرستی دەکرد". گوتیشی "بە ترسەوە لە پێشهاتەکان دەڕوانم".



### پەنابەرێک: پۆلیس پێیگوتین مەیمون و سەر ڕەش

داڤید کار، ڕیپۆرتەری ڕادیۆی سوید لە ڕاپۆرتێکی ڕادیۆکەیداسەرسوڕمانی خۆی نیشاندا کە کار گەیشتووەتە سووتاندنی ئۆتۆمبێلی خەڵک و هۆڵی کۆمەڵەی کولتووری و هونەری و ئەو شێوە شاڵاوە بۆ سەر ناوەندەکانی پۆلیس.

لە ڕاپۆرتێکی ڕادیۆی سوید، ئەحمەد عەبدوڵڵا، کە خەڵکی یەکێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە دەڵێت "سووتاندنی ئەم شتانە زیان لە ئێمەی دانیشتووان دەدات". بەڵام پەنابەرێکی دیکەی ئەو وڵاتە بە ڕادیۆی سوێدی گوت "پۆلیس توندوتیژی و چەکی دژی ئێمە بەکارهێنا وپێیانگوتین مەیمون و سەر ڕەش". ستیڤان هۆڵگرشون لێکۆڵەری ناسراوی پۆلیسی سوید دەڵێت "ڕەفتاری پۆلیس کاریگەری لەسەر ڕووداوەکان هەیە".


### کوردانی سوێد بە وەستان ناڕەزاییان دەربڕی

ڕووداوەکە لە هیوزبی پەرەی سەند و لەوێش خەڵکانێکی زۆری کوردانی تاراوگەنشین و خاوەن کار هەن. دوای ئەوەی ئەم ڕووداوەو سووتاندنی گەڕەکەکان و شاڵاو بۆ سەر پۆلیس و شوێنە گشتییەکان زیاتر لە هەشت کۆمۆنی سویدی تێپەڕاند، ناوەڕاستی هەفتەی ڕابردوو ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی خەڵکی ئەو گەڕەکە و لە نێویان ژمارەیەکی زۆر لە کوردان بۆ ئارامکردنەوەی ناوچەکە و گەڕانەوەی سەقامگیری هاتنە سەرشەقام. ئەوان هەوڵی هێمنکردنەوەی گەنجان و دوورخستنەوەی پۆلیسیان دا.

ماهیر عەلی کە خەڵکی شاری سلێمانییە و لە گەڕەکی هیوزبی دەژی، بە (ڕووداو)ی گوت "توندوتیژی لە گەنجە بیانییەکانەوە دەستیپێکرد و پۆلیسیش هەڵەی کرد لە مامەڵەکردن لەگەڵیان".

پەرتووک، بڵاوکراوە و بەڵگە مێژووییەکانی تایبەت بە کورد کۆدەکەنەوە

# ئەرشیفی کوردی لە سویسرا دەکرێتە دیجیتاڵ



**محەممەد سەباتلی**
**ڕووداو-سویسرا**

بەڕێوەبەری پلاتفۆرمی نەتەوەیی ڕایگەیاند ماوەیەکە سەرقاڵی کارکردنن بۆ بەدیجیتاڵکردنی ئەرشیفی کوردی. پرۆژەکە هەموو ئەو پەرتووک و گۆڤار و ڕۆژنامە و بەڵگەنامانە دەگرێتەوە بە زمانی کوردی و زمانانی بیانی لەسەر کورد نووسراون.

ڕەفعەت سەفالی، بەڕێوەبەری پلاتفۆرمی نەتەوەیی لەگەڵ چوار هاوڕێی دیکەی لە سویسرا سەرقاڵی ئەو کارەن، ئەوان هەر نووسینێکیان لەبارەی کوردەوە دەستبکەوێ، سکانی دەکەن و دەیخەنە سەر ماڵپەڕی (www.netewe.com).

بەرهەمەکان لە ژێر ناوی "ئەرشیفی کوردی" لە ماڵپەڕەکە بار دەکرێن. سەفالی گوتی "بێجگە لە ئەرشیفی دیجیتاڵ، ئێمە شوێنێک بۆ ئەرشیفی پەرتووک، گۆڤار و بەڵگەنامەی ئۆرژیناڵیش دروستدەکەین".

ڕەفعەت سەفالی، باسی ئەو کارەی کرد و گوتی "ئێمە ئەرشیفێکی نۆژەن دروستدەکەین کە لە سێ بەش پێکهاتووە. بەشێکی پەرتووکی ئەڵمانی، فەرەنسی، ئینگلیزی و فلامییە کە لەسەر کورد نووسراون، بەشی دووەم بۆ گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانە، هەر لە یەکەم ڕۆژنامەی کوردستان تاوەکو (ڕووداو) هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی تێدا دەبێت. لە بەشی سێیەمدا بەڵگەنامەکان کۆدەکەینەوە". بەڵام گوتی "زیاتر کار بۆ ئەرشیفی بڵاوکراوە، بەڵگە و ڕۆژنامەگەری کوردی باکوور و تاراوگە دەکەین".

لە بەشی بەڵگەنامەدا زۆرتر بەڵگەنامە لەبارەی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان و بەرنامە و ڕاسپاردەی ئەو کۆنفرانسانەی لەبارەی کوردەوە کراون، هەروەها بەڵگەنامەی ئەو گەریدە ئەورووپیانە هەن، کە سەردانی کوردستانیان کردووە.

### ئەرشیفێکی تایبەت بۆ بەرهەمی ئۆرژیناڵ

ڕەفعەت سەفالی بۆ خۆی لە شاری بازلی سویسرا کاری ئەرشیفی دەکات و ئەزموونی هەیە لە بواری ئەرشیفکردندا. لەوبارەوە ڕایگەیاند کە ئەوان هەموو پەرتووک، گۆڤار و بەڵگەنامەکان بەشێوەیەکی پرۆفێشناڵ سکان دەکەن و بە فۆرماتی (PDF) لە سایتی پلاتفۆرمی نەتەوەیی بڵاوی دەکەنەوە. بە جۆرێکیشە کە هەموو کەس بتوانێ سوودی لێوەربگرێ "توێژەر، ئەکادیمی، ڕۆژنامەنووس، مێژووناس و کەسانی دیکە کە لێکۆڵینەوە دەکەن، دەتوانن بە ئاسانی بەڵگەنامە و پەرتووک داگرن و کۆپی بکەن".

### چی لە ئەرشیفەکەدا هەیە؟

ڕەفعەت سەفالی لەبارەی ناوەڕۆکی ئەرشیفەکە گوتی کە تا ئێستا نزیکەی ٥٠٠ پەرتووکیان سکان کردووە و وەکو (E-Pirtûk) ئامادەکراون، بەڵام ئەو کارەی ئەوان بێ سەر ئێشە نییە بە تایبەتی بۆ هەندێک لە پەرتووکەکان.

گوتیشی لەکاتی دیجیتاڵکردنی پەرتووکەکاندا هەندێک کێشەی یاساییان بۆ دێتە پێشەوە "هەندێک پەرتووک هەن کە دەبێ مۆڵەتی کۆپیکردن و بڵاوکردنەوەیان وەربگیرێت و پارەش بدەین، ئێمە ئێستا لە تواناماندا نییە پارە بۆ کڕینیان بدەین. بۆیە ئێستا ئەو پەرتووکانە بڵاودەکەینەوە کە مۆڵەتیان ناوێت و بەدوای ڕێگەچارەدا دەگەڕێین بۆ پەیداکردنی پەرتووکی دیکە".

لەناو ئەو پەرتووکانەدا دەستنووسی مێژوویی، ڕۆمان، پەرتووکی سیاسی و زمانەوانیش هەن. بەپێی زانیارییەکانی سەفالی ڕۆژنامەی کوردستان لەناو ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەدا هەیە کە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییە و لە ساڵی 1898 لە قاهیرە دەرچووە. هەروەها بەرگی هاوار، ڕۆناهی، هێڤی تاوەکو گۆڤارەکانی ساڵی 2013شی لەناودایە. هەروەها نامەی گەریدەی ئەڵمان، فەرەنسی، نەمساوی و ئینگلیزیش لەناو بەڵگەنامەکاندان، لەگەڵ بەڵگەنامەی دەزگا و کاربەدەستانی دەوڵەتی تورکیا لە سەردەمی ڕاپەڕینەکانی کورد کە بۆ یەکدییان ناردووە.

ڕەفعەت سەفالی، ساڵی 1959 لە ناوچەی بیسملی ئامەد لە دایکبووە. بە ڕەچەڵەک خەڵکی ناوچەی مادەنی سەر بە خەرپووتە. ساڵی 1977 بەهۆی بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ڕۆژا وڵات دەستبەسەرکرا و دوای کودەتای 12ی ئەیلول سزای 4 ساڵ بەندکردنی بەسەردا سەپێندرا. ساڵی 1989 وەشانخانەی فورات و دیجلەی لە شاری ئیستەنبوڵ کردەوە و گۆڤاری (ڤاتان گونەش)ی دەرکرد. لەسەر دەرکردنی ئەو گۆڤارەش ماوەی سێ ساڵ لە زینداندا مایەوە. لە ساڵی 1994ەوە لە شاری بازلی سویسرا دەژیت.


بەسپۆنسەری سەرەکی کۆرەک تیلیکۆم
بەرنامەی گوڵستان لە RÛDAW
پێشکەشدەکرێت.
KOREK
هەڵبژاردنەکەت دروستە
www.koreltel.com
/KorakTelecom
GULISTAN
GULISTAN




RÛDAW
لە واشنتنەوە
Inside America




بە سپۆنسەری سەرەکی کار گروپ
بەرنامەی لە واشنتنەوە لە RÛDAW
پێشکەش دەکرێت
www.kargroup.net
la washingtonawa la washingtonawa la washingtonawa la washingtonawa

ڕووداو-گەرمیان

# ژنان

## بکوژی نیگاری ڕەحیم: تاوانبار نیم

ڕۆژی 2013/5/21 دادگاییکردنی بکوژی نیگار ڕەحیم لە کەلار بەڕێوەچوو، نیگار ڕەحیم 15ساڵ، لەلایەن برایەکییەوە دەستدرێژی سێکسی کرایە سەری و 10مانگ لەمەوبەریش لەلایەن برایەکی دیکەیەوە کوژرا، لە دادگاییکردنەکە باوکی نیگار گوتی "هەردووکیان جەرگمن، سکاڵا تۆمار ناکەم، کوڕەکەم نەخۆشی پەرکەمی هەیە"، پاشان براکەی نیگار لە دادگاییکردنەکە گوتی "من تاوانبار نیم، نەمویست خوشکەکەم بکوژم، نەخۆشم و قسەی خەڵک زۆر کاری تێکردم". پاشان دادگاییکردنەکە دواخرا.

# ژنە مامۆستایەک "لەداخی قەڵەوی" خۆی دەسووتێنێ



**ڕووداو- هەولێر**

ئەوکاتەی دێژین خۆی سـووتاند، مێردەکەی لە ماڵ بـوو، ئەویش لە هەوڵـی کوژاندنەوەیدا سـووتاوە. دێژین چەند شەوێک لە نەخۆشخانە مایەوەو بەرلەوەی گیان بسپێرێ پۆلیس ئیفادەی لێوەرگرت کە تێیدا دەڵێت "ماوەیەک بوو بەرنامەم دانابوو خۆم لاواز بکەم، بەڵام هەر قەڵەو دەبووم، بۆیە خۆم سووتاند".

دێژیـن ئیسـماعیل ئیبراهیـم، 32 سـاڵ، دانیشـتووی قەزای خەبات، ڕۆژی 2013/5/18 بەهۆی زۆری سووتانەکەی گیانی لەدەستدا، بەڵام سـکاڵای لە دژی کەس تۆمار نەکرد و کەسیش لەسەر مردنی نەگیرا.

دێژین، زیاتر لە سێ ساڵ بوو شووی کردبوو، دایکـی کچێک بوو، بەشـی زمانـی عەرەبی لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین تەواو کردبوو، لە قەزای خەبات مامۆستا بوو، چەند ساڵێکیش وەکو نووسەر لە ئاژانسی پەیامنێر کاری کردبوو.

ڕائیـد ژیلەمـۆ عەبدولقـادر، بەڕێوەبـەری بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیـژی دژی ئافرەتان لـە هەولێر، بە (ڕووداو)ی گـوت ئەو ژنە خۆی سووتاندووە "لە کاتی سووتانەکەی مێردەکەی لە ماڵ بووە، هەوڵی کوژاندنەوەی داوەو بەوهۆیەوە دەست و دەموچاوی سووتاوە".

ئەگەرچی ڕێژەی سووتانەکەی زۆر بوو، بەڵام توانرا ئیفـادەی لێوەربگیرێـت، دێژین دووجار ئیفادەی داوە، سـەرەتا لای پۆلیس گوتوویەتی "تەباخم پێـدا تەقییەوە"، پاشـان وەک ڕائید ژیلەمۆ دەڵێت، لای لێکۆڵـەری داد ئیفادەیەکی دیکەی داوە، کە ئەوە زیاتر پشتی پێدەبەسترێ "دێژین گوتی لەبەر ئـەوەی قەڵەو بووم، حەزم دەکـرد لاواز بم، بەرنامەی ڕێجیمم دانابوو، بەڵام بەو بەرنامەیە لاواز نەبووم، زۆر لە مێژبوو خەریک بووم خۆم لاواز بکەم سـوودی نەبوو، بۆیە خۆم سـووتاند". ڕائید ژیلەمۆ گوتیشی "بەپێی ئەو ئیفادەیە باری دەروونی دێژین تێکچووە".

بەپێی قسـەکانی ڕائید ژیلەمۆ، دێژین دانی بەوەدانـاوە کە خۆی سـووتاندووە "دێژین دوو ئیفادەی داوە، لە هیچیان کەس تۆمەتبار ناکات، ئەگەر تەباخ تەقیبێت ئەوە قەزاو قەدەرە، ئەگەر خۆیشـی سـووتاندبێت لەبەر قەڵەوبوون ئەوە پەیوەنـدی بە خۆیەوە هەیـە و کەس تۆمەتبار نابێت".

باس لەوە دەکرێت، کە دێژین کێشەی لەگەڵ مێردەکەی هەبووە و کاتی سووتانەکەی دەمەقاڵێ لـە نێوانیاندا هەبووە، بەڵام ڕائید ژیلەمۆ دەڵێت "دادوەر پشـت بە ئیفادەی خۆی دەبەستێت کە کەسـی تۆمەتبار نەکردووە، خۆیشی نەیگوتووە کێشـەی لەگەڵ مێردەکەی هەیـە، مێردەکەی نەگیـراوە و تا ئێسـتا تۆمەتباریش نییە، بەڵام کێشەی نێوان ژن و مێرد دیار نییە، بۆیە ئیفادەی ژنەکە بۆ ئێمە سـەنگی مەحەکە و پشـت بەوە دەبەستین".

لەگەڵ ئەوەشـدا دادوەر بانگی دایک و باوکی دێژینی کـردووە، بۆ داوای کەسـی لـە دادگا ئامادە بن، بەڵام ڕائیـد ژیلەمۆ دەڵێت "بەهۆی پرسەوە هێشتا نەهاتوون بۆ دادگا، لێکۆڵینەوەش بەردەوامە".

دێژیـن، جگە لەوەی کۆلێـژی تەواوکردبوو، مامۆسـتابوو، کاری ڕاگەیاندنیشی دەکرد، ڕائید ژیلەمـۆ دەڵێـت "دەبوو لە خەڵک هۆشـیارتر بووایـەو ئەو کارەی نەکردایە، بەڵام ئەو مرۆڤە و مرۆڤیـش هەموو کات باری دەروونی تەواو نییە، ئەگەر ئافرەت کێشەی هەیە با کەسوکاری ئاگادار بکاتەوەو هەوڵی چارەسەری بدات، یان بێتە لای پۆلیس مافـی خۆی وەربگرێتەوە، بۆچی خۆیان دەسووتێنن؟".

# لە سلێمانی هەڵات و لە هەولێر بەدوای لەشفرۆشاندا دەگەڕا

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو-هەولێر**

نێرگز لە سلێمانییەوە هەڵات و بە جلوبەرگێکی شپرزە و نارێکەوە ڕووی لە ڕێکخراوێکی ژنان کرد، لەوێ گوتبووی "لە ترسـی باوکم و زڕ دایکەکەم هەڵاتووم". بۆیـە ڕەوانەی خانـەی داڵدەدانی ئافرەتان کرا، بەڵام دواتر دەرکەوت مەبەستێکی دیکەی هەیە.

نێرگز، ناوی خـوازراوی ئەو کچە تەمەن 18 ساڵانەیە و ئێستا لە زیندانی چاکسازی ئافرەتانی هەولێرە. لەلایـەن ئیدارەی پەناگەیەکی تایبەت بە ژنان سـکاڵای لەسەر تۆمار کراوە بە تۆمەتی ئەوەی ویستوویەتی ژنانی پەناگەکە فریو بدات.

سـۆزان فەقێ، بەرپرسـی لقـی هەولێری یەکێتـی ژنانی کوردسـتان، بەسـەرهاتی ئەو کچەی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە، کاتێک ئەو کچە بە جلوبەرگێکی دڕاو و ناشرینەوە ڕۆژی 2013/5/6 ڕووی لە نووسـینگەکەیان کرد "هەستت دەکرد قوربانییە، دەیگوت دوو مانگە لە ماڵ هەڵاتووم، لە منداڵییـەوە دایکم مـردووە و باوکم ژنێکی عەرەبـی هێناوە، ئەو زڕ دایکەم زۆر تۆمەتی بۆ هەڵبەستووم، باوکیشم زۆر خراپە، منی ڕەوانەی خوێندن نەکردووە، زۆرجار لێمدەدات، بۆیە هاتمە هەولێر هەتا نەمبیننەوە".

### "شـوو بە هەر کەسـێک دەکەم تەنیا ڕەوانەی سەرشەقامم نەکات"

بەپێی قسـەکانی نێرگز، کاتێـک هاتووەتە هەولێـر، پیاوێـک بەزەیی پێـدا هاتووەتەوەو بردوویەتیە هۆتێل. سۆزان گوتی "نێرگز دەیگوت ئەو پیاوە پێشمەرگە بوو، زۆرباش بوو لەگەڵم، پێی ناخۆش بوو لەسەر شـەقامەکان بم، منی بردە هۆتێل، دوو مانگ لە هۆتێل بووم، شـەوی بە 25 هەزار دینار لەوێ دەمامەوە، ئەو پیاوەش لەگەڵ نێرگز هاتبـوو، دەیگوت ڕۆژێک لە ڕۆژان نەچوومەتە ژوورەکەشی، بۆیە هێنامە لاتان چونکە چیدی نەمتوانی پارەی هۆتێلی بۆ بدەم".

ڕێکخراوی ژنان چەند پێویستییەک بە نێرگز دەدەن و ڕەوانـەی ماڵـی داڵدەدانی ئافرەتانی دەکەن لە هەولێر. سۆزان گوتی "نێرگز تەنیا 4 کاژێر لامان مایەوەو ناردمانە خانەی داڵدەدان، ئەو کچە دەیگوت چەند جارێک لە هۆتێل ویستوویانە بەلاڕێمدا ببەن، بەڵام خۆم دەرباز کردووە، بۆیە دەیگوت ئامادەم شوو بە هەر کەسێک بکەم، بەو مەرجەی ماڵێکی هەبێت و لەسـەر شەقام نەبم، یان ئامادەم بچمە شـوێنێک کاری لێبکەم بەو مەرجەی شوێنی خەوتنی هەبێت و ئەمین بێت".

### لە داڵدەدانەوە بۆ زیندان

ڕائیـد ژیلەمـۆ عەبدولقـادر بەڕێوەبـەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیـژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر، باسـی ئەو کچەی کرد و گوتی دوای ئەوەی نێرگز چەند ڕۆژێک لە داڵدەدانی ئافرەتان دەمێنێتەوە، ڕەوانـەی زیندان دەکرێت، چونکە "نێرگز لای فەرمانبەرانی داڵدەدانەکە وایزانیبوو ئـەو ژنانە بەهۆی کێشـەوە لەوێن، گوتوویەتی هاتووم چەند کچێکی جوان ڕازی بکەم، بیانبەمە دەرەوە و لەشفرۆشـییان پێبکـەم، ژنەکان بە بەرپرسـی ماڵی داڵدەیان گوتـووە و ئەوانیش دادگایان ئاگادار کردووەتەوە و سکاڵایان لە دژی تۆمار کردووە".

بە بـڕوای ڕائید ژیلەمۆ، نێرگـز یان ئەوەتا سـیناریۆی دروسـتکردووە، یان لەو ماوەیەی لە هۆتێل ماوەتەوە، تووشـی دەسـتی خراپ بووە "ڕەنگە کەوتبێتە دەسـتی باندەکان، بۆیە داوا لـە کچان و ژنان دەکەین، ئەوەی تووشـی حاڵەتێک هات ڕاسـتەوخۆ پەیوەندی بە پۆلیس و بەڕێوەبەرایەتیەکانمانەوە بکات، نەچنە شوێنی دیکە بۆئەوەی تووشی کێشە و لادان نەبن".

سۆزان فەقێ دەڵێت، کێشەی ژن و پیاوەکان، زۆربەی پەیوەنـدی بە خراپی باری ئابوورییەوە هەیە، بەڵام کچەکان کێشـەی خۆشەویستییان هەیە "دەبێت دایک و باوک هاوڕێی منداڵەکانیان بن، چونکـە ئەوانەی هەڵدێن تەمەنیان بچووکە و ئاسـتی خوێندنیشـیان نزمە، هەتا ئێسـتا کچێک نەهاتـووە بڵێت مەسـرەفم لێ ناکرێت بۆیـە هەڵاتووم، بەڵکـو کێشـەی پەیوەندی خۆشەویستییان هەیە".

### هەڵاتن کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات

هیمـداد کەریم، کۆمەڵنـاس، پێیوایە دایک و بـاوکان هـۆکاری هەڵاتنی کچانـن و وەکو پێویسـت منداڵەکانیان پـەروەردە ناکەن "بۆ نموونە ناهێڵن شـوو بەو کـوڕە بکات کە خۆی دەیەوێت، بەڵام نابێت کچان بە هیچ شـێوەیەک لە ماڵ هەڵبێن، چونکە هەڵاتن کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات، وابەئاسـانی کۆمەڵگەو دایک و باوکیان وەریاننناگرنەوە، بەتایبەتی ئەوانەی لەگەڵ کوڕان هەڵدێن، باشترە دایک و باوکیان ڕازی بکەن، پەلە لە کارەکەیان نەکەن".



### لەگەڵ کوڕێک ڕۆیشت

بەرپرسـی لقی هەولێـری یەکێتـی ژنانی کوردسـتان، گوتی کە چەندین کچ و ژنی دیکە ڕوویـان لـەوان کردووە "چەند ڕۆژێـک بەر لە نێرگـز، کچێک هاتە لامان، پۆلی 10ی بنەڕەتی بـوو، لەگەڵ هەڵاتنی یەکسـەر هاتبووە لامان، نەچووبووە شوێنی دیکە، گوتی بەناوی قوتابخانە چوومە دەرەوە، بەڵام لەگەڵ کوڕێک ڕۆیشـتم، ئێسـتا باوکم زانیویەتی". سۆزان دەڵێت بانگی دایک و باوکـی کچەیان کـردووە و ئامۆژگاری زۆریان کردوون کە نابێت مامەڵەی توند لەگەڵ کچەکەیان بکەن "گوتیان کچەکەمان هەڵەیەکی گـەورەی کـردووە، بـەڵام دەرفەتێکی دیکەی پێدەدەین، بردیانەوە".

### چەند ساڵ مۆبایلی لێ قەدەخە دەکرێت

هەر لەو ماوەیە، ژنێکی تەمەن 29ساڵ، دایکی 2 منداڵ، بەهۆی کێشـەی مۆبایلەوە هەڵاتبوو ڕووی لەو ڕێکخراوە کردبوو، سۆزان گوتی "دیارە ژنەکە پەیوەندی لەگەڵ کوڕێک هەبوو، نامەی بۆ هاتبوو، پیاوەکەی بینیبووی بۆیە ژنەکە لە ترسی کوشتن هەڵاتبوو، پیاوەکە دەیگوت بەو مەرجە لێی خۆشدەبم، ئەو کەسەی نامەکەی ناردووە پێم بڵێت و بیکوژم، بـەڵام ڕای گۆڕاو پیاوێکی زۆر بەڕێز و لێبووردە بوو، ژنەکەش داوای لێبووردنی کردو گوتی ئـەو هەڵەیە دووبارە ناکەمەوە، زۆر پەشیمانم". هەروەها گوتی "پیاوەکە مەرجی بۆ ژنەکەی دانا، کە نابێت هەتا چەند ساڵێک مۆبایل هەڵبگرێت، ئەویش قبوڵی کرد".

**172 ژن دەڵێن لێیاندراوە**

# لێدانی ژنان لە سلێمانی ڕووی لە زیادبوون کردووە



**شادیە ڕەسول**
**ڕووداو- سلێمانی**

"مـن دەزانم زۆر جـار هەڵە دەکـەم، بۆیە مێردەکـەم زللەیەک یا شـەقێکم تێهەڵدەدات" (ش،ع) 31 سـاڵ، بە ترسێکی زۆرەوە وا دەڵێ. تـرس و گومانەکەی ئەو، لەوەوە سـەرچاوەی گرتـووە کـە دەیەوێ هەمـوو چیرۆکـی ئازار چەشتنەکەی خۆی تەنیا لەدڵی خۆیدا بمێنێتەوە "تکایە بـا کەس ناوم نەزانێ، من بۆیە باسـی دەکەم تا تۆش بزانیـت ژیانم چۆنە". ماوەی 9 سـاڵە ئەوە بارودۆخی (ش.ع)ە لە ژیانی ژن و مێردایەتیدا.

هێشـتا زۆر ژن باسـی لێدان و ئەشکەنجە و توندوتیژی دەکەن، هەندێک پێیانوایە پیاو هێشتا بە نەریتە کۆنە کۆمەڵایەتییەکان بیردەکەنەوە و هیچ گۆڕانکارییەک لە بیرکردنەوەیاندا ڕووینەداوە.

بەشـێکی لاچاوی مۆر هەڵگەڕاوە و بە ڕوونی دەردەکەوێ شـوێنەواری لێدانە. (ژ.ئا) باسـی ئازارێکی زۆر و بەردەوام دەکات لە پشتیدا کاتێک دادەنیشێت "لەگەڵ لێدان ڕاهاتووم، هەر جارێک هاوسەرەکەم مەی بخواتەوە و میزاجی نەبێت، بە شەق و زللە بەردەبێتە گیانم".

لەگـەڵ قسـەکردندا وەک ئەوەی هەسـت بە شـکانێکی دەروونی بکات، ڕووخسـاری بە سەرپۆشەکەی دادەپۆشێ، ئینجا بەردەوام دەبێت لەسەر گێڕانەوەی دیمەنەکانی ژیانی ڕۆژانەی "من بە دڵی خۆم شـووم نەکرد، بۆیە چارەم نییە و ناچاریشم شەقی مێردەکەم پێ باشتربێ لەوەی بتۆرێم و بچمەوە ماڵی باوکم".

بەڵام هەندێک لە پیاوان پێیانوایە سـەردەمی توندوتیژی خێزانی بەسـەرچووە و لەگەڵ ئەوە نیـن پیاو هێز بەرامبەر بە ژن بەکاربهێنێ. تەها ڕەسول، 29 ساڵ، پێیوایە کێشەکان لە ناو خێزاندا تەنیا لە ئەنجامی لەیەک نەگەیشتنە بڕواشی وایە "کەسانێک هەبن دەست لە ئافرەت بەرزبکەنەوە و لێیان بدەن"، گوتیشی ئەوە لەلای من نیشانەی لاوازی پیاوانە کە "ناتوانن تووڕەیی خۆیان بگرن و ژنان بە مرۆڤێکی بێ هێز تەماشا دەکەن".

لەگەڵ پێشکەوتنە بەردەوامەکان و کرانەوەی کۆمەڵگـەی کوردسـتان، توندوتیژییـەکان و ئامرازەکانی بەکارهێنانی توندوتیژی لە گۆڕاندایە، لەناو ئەوانەشدا کە زۆرترین ئازاریان بەردەکەوێت بە بیانووی جۆراوجۆر، ژنانن.

هێمن عەبدولقادر، بەرپرسی پلاندانان و ئامار لە بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان دەڵێت ڕۆژانە دۆسیەی توندوتیژیان بۆ دێت "شـێوازەکانی توندوتیژی دەگۆڕێت و تەنیا لێدان نییە".

هێمن دەڵێ باسکردنی بەردەوامی کێشەکانی ژنان بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆر کەس گوێمان لێنەگرن "بۆیە لە ڕێگای چالاکی ڕێکخراو و کۆمەڵەکانەوە بەرنامەی هۆشیاری بڵاودەکەینەوە".

سـەرەتای ئەمسـاڵ لە سـلێمانی لە ڕێگای شـانۆگەریی گـەڕۆک و دابەشـکردنی نەمام لە کۆڵانەکانـدا، بەڕێوەبەرایەتـی بەدواداچوونـی توندوتیـژی دژی ژنـان کاری بـۆ بڵاوکرنەوەی هۆشـیاری دژی توندوتیژی دەکـرد، کە ئەوەش مۆدێلێکی نوێ بوو لە کوردستان.

بەرپرسـی ئامار و پلاندانان لە بەڕێوەبەرێتی بەدواداچونی توندوتیژی گوتی "زۆرترین کێشە کە ئێسـتا دێتە لامان، کێشەی مۆبایلە، بەڵام لەو 4 مانگەی ڕابردوودا لێدان زۆرترین ڕێژە بووە".

بەپێـی ئامارەکانی 4 مانگی ئەمسـاڵ، کە بەڕێوەبەرێتـی بەدواداچوونـی توندوتیژی دژی ژنان داوێتیە (ڕووداو)، 448 حاڵەتی توندوتیژی دژی ژنان هەبـووە، کە زۆرترینیان لێدان بووە و گەیشتووەتە 172 حاڵەت.

شـێنێ محەممەد، ڕۆژنامەنووس لە بەشـی ڕاگەیاندنی یەکێتی ژنان گوتی لێدان تەنیا ئازاری جەستە نییە "کاتێک لە شـەقامێکدا دەڕۆیت و پیاوان قسەی ناشرینت پێدەڵێن "ئەمە بۆ خۆی لێدانە لە ڕووی ڕۆحییەوە".

ئـەو ڕۆژنامەنووسـە هەروەها دەڵـێ ئەوە ژنـان خۆیانن ڕێگا دەدەن پیاوان دەسـتیان لێ بەرزبکەنـەوە "چونکە ڕووبەڕوویـان نابنەوە"، گوتیشـی "ئەمە بێجگە لەوەی کـە بەردەوام لە سەنتەر و بنکەکانی کارکردن بێجگە لە لێدان ژنان ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی دەبنەوە".

شـۆخان مەحمود، کە چالاکوانێکی ژنانە لە یەکێتی ژنـان و چەندین بەرنامەی لەبارەی ژنان کردووە گوتی "ڕێکخراوەکانی ژنان کاریان کردووە بۆ ژنان، بەڵام وەک پێویسـت نەیانتوانیوە بچنە ناو ئازارەکانی ژنانەوە، بۆیە کەمترین متمانەیان هەیە لەلای ژنان".



## لە هەولێر برایەک برایەکی کوشت

**ڕووداو-هەولێر**

لە گەڕەکی خانزادی هەولێر برایەک برایەکی خۆی کوشت، ئەو ڕووداوە لە ڕۆژی 2013/5/14 بوو، کاتێک گەنجێک بەناوی (پ.ع.س) 25ساڵ، برایەکی خۆی بەناوی (س.ع.س) 27ساڵ کوشت، بە پێی زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر، ئەو دوو برایە سەرەتا بەشەڕ هاتوون "کێشەکەیان لەسەر زەوی بووە، تەقەیان لە یەکدی کردووە (س) گیانی لەدەستداوە و (پ)یش بە سەختی بریندارە، بەپێی مادەی 406 دادوەر فەرمانی گرتنی بکوژی دا".

# ژنەک هەڤژینێ خۆ یێ 69 ساڵی ب گۆپالی دکوژیت


گرافیک: هونەر مەرجان

**کاروان عەلی**
**ڕووداو- ئامێدی**

شڤانەکێ گوندێ هەمزیکا ل قەزا ئامێدیێ ل ڕۆژا 2013/5/13 سەعدوون دەروێش بۆتی یێ 69 ساڵی ب کوشتی دبینیت و ئاگەهداریا پۆلیسان دکەت، پشتی لێکولینێ ژی دیاربوو سەعدون ب دەستێ هەڤژینا خۆ هاتیە کوشتن.

هەڤژینا سەعدون دەروێش بۆتی، کو 30 سالان بچوکتر بوویە ژ هەڤژینێ خۆ و دایکا دوو کور و کچەکێ بوویە، ل سالا 2001 ێ دگەل سەعدوونی ژیانا هەڤژینیێ پێک ئینایە.

ئازاد عەبدولرەحمان بۆتی برازایێ سەعدون دەروێش بۆ ڕووداو گۆت،" ژبەر هەبوونا ئاریشەیێن خێزانی، چەندین جاران مامێ من و هەڤژینا خۆ بزاڤ کرینە ب ڕێکا دادگەهێ ژ هەڤدوو جودا ببن لێ نەگەهشتینە ئەنجام. پشتی مامێ من کوشتی ژن ماما من تەلەفۆنێ بۆ بابێ من دکەت و دبێژیت 20 ڕۆژە هەڤژینێ من یێ بەرزەیە".

ژبەرکو بابێ ئازادی بەریا 12 سالان داخواز ژ برایێ خۆ سەعدونی کربوو ژیانا هەڤژینیێ دگەل (ب.س) پێک نەئینیت، ژبەر هەبوونا گومانان ل سەر (ب.س) لێ سەعدون گوهـ نادەت شیرەتێن برایێ خۆ و ژیانا هەڤژینیێ دگەل کچا 22 سالی پێک دئینت. ئازاد دبێژیت،" ژبەر ڤێ ئەگەرێ بابێ من هەست کر کو (ب.س) مامێ منێ کوشتی لەو تەلەفون بۆ پۆلیسان دهۆکێ کر".

پشتی سەعدونی دگەل (ب.س) ژیانا هەڤژینیێ پێک ئینای ژبەر برایێن خۆ بریار دا مالا خۆ ژ کومەلگەها قەدشی ببەتە دهۆکێ و بچیتە دخانیەکێ کرێ دا و پاشی ل کومەلگەها مەرینا ل سێمێلێ خانیەک کرییە و تێدا ئاکنجی بوویە.

ل گۆر گۆتنا ئازادێ برازایێ سەعدونی نها هەر سێ زارۆکێن مامێ وی ل ڕێڤەبریا چاڤدێریا جڤاکینە ل دهۆکێ و دبێژیت،" هەڤژینا مامێ من وەکو پێدڤی گرنگی ب خێزانا خۆ نە ددا، ددەمەکیدا مامێ من کەسەکێ کێم ئەندام بوو و ب تنێ موچەیێ کێم ئەندامیێ هەبوو".

وەلاتیەکێ کومەلگەها قەدشێ ژ بۆ ڕووداو گۆت" د کەڤن دا سەعدون دەروێش بۆتی کارێ خازوکیێ دکر و پشتی مالا خۆ بریە دهۆکێ ژی هەر یێ بەردەوام بوو ل سەر کارێ خۆ، ژ بەرکو ڕەوشا وی یا ئابووری یا خراب بوویە".

عسمەت فەرەج، ڕێڤەبەرێ نەهێلانا گونەهباریان ل پارێزگەها دهۆکێ بۆ ڕووداو ئاشکرا دکە کو ل ڕۆژا 2013/5/9 هەڤالەکا هەڤژینا سەعدون دەروێش تەلەفونێ بۆ ناڤبری دکەت و داخواز ژێ دکەت بۆ کارەکێ گرنگ بهێتە ئاقارێ گوندێ هەمزیکا، پشتی سەعدون دگەهیتە جهێ دەست نیشانکری هەڤالا (ف.س) خۆ ژ سەعدونی بەرزە دکەت، لێ هەڤژینا وی ژ نشکەکێڤە دەردکەڤیت و گۆپالێ وی ژ دەست دەردئینیت و ل سەرێ وی ددەت و ب وەریسی د خەندقینیت. لێ یا پشت ڕاست نەبوویە کو هەڤژینێ وێ یێ مری لەو چەندین چەقویان ل سینگێ وی ددەت تا پشت ڕاست بیت کو گیانێ خۆ ژ دەست دایە. ل گۆر لێکولینێن نوژداریا داد ل دهۆکێ دیاربوو کو هەڤژینا وی (ب.س) ئەو کوشتییە.

عسمەت فەرەج گۆت، (ب.س) پشتی هاتیە گرتن دان پێدان کرییە کو هەڤژینێ خۆ کوشتیە ژ بۆ کو سامانێ سەعدونێ هەڤژینێ وێ بۆ بمینیت.


تامان شاکر- قاهیرە
tamanshakir@yahoo.de

## هەڵمەتی من مرۆڤم

زۆربەی هەرە زۆری عەرەبەکان تاوەکو ئەمڕۆ ، دواکەوتنی کۆمەڵگەکەیان بۆ ئیستعماری ئینگلیزی و فەرەنسی و عوسمانی، دەگەڕیننەوە، دەڵێن ئێمەی عەرەب کولتووری (حەرملک) و (سەلاملک) لە تورکەکان فێربووین . وەک ئەوەی کۆمەڵگەی عەرەبی لەسەردەمی جاهیلییەوە کۆمەڵگەیەکی زۆر پێشکەوتوو بووبێ و مافی مرۆڤەکانی پاراستبێ و کچی تێدا زیندە بەچاڵنەکرابێ و کەنیزەو جاریەی نەبووبێت . بەشێکی زۆری عەرەبەکان نەک باوەڕیان بە مافی ژن نییە، بەڵکو ژن بە مرۆڤ دانانێن ، لە نوێترین فەتوای شێخێکی سعودیدا هاتووە دەڵێ ژنان ئەگەر بەتەنیا لەماڵ بوون نابێ سپلیت بەکاربێنن، ئەوە سەرنجی پیاوانی دراوسێ رادەکێشێ و دەبێتە هۆی خیانەتی هاوسەرگیری.

ئیستعمار کەمتر لە سەت ساڵ دەبێ وڵاتانی عەرەبی بەجێهێشتووە کەچی ئەمڕۆ وڵاتانی عەرەبی لە هەموو ڕووێکەوە زۆر لەسەردەمی ئیستیعمار تاریکترە. مامەڵەکردنیان لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و ژن بەتایبەتی مامەڵەکردنێکی مرۆڤدۆستانە نییە. ژنانی عەرەب هەڵمەتێکیان دەستپێکردووە بەناوی من مرۆڤم بۆ کۆکردنەوەو بەشداریکردنی زۆرترین کەس لەم هەڵمەتەدا لەپێناو بەدیهێنانی مافەکانی ژنان و دانانی سنوورێک بۆ ئەو سووکایەتی و چەوسانەوەیەی کە دژی ژنان دەکرێت و سڕینەوەی وێنەی ناشرین و گرتەی ڤیدیۆیی و هاککردنی ئەو ماڵپەڕانەی کە سووکایەتی بە ژنان دەکەن.

کۆمەڵگەی کوردیش هەموو هۆکارەکانی دواکەوتنی دەگەڕێنێتەوە بۆ ژێردەستەیی و نەبوونی سەربەخۆیی ، بەڵام لە ماوەی 21 ساڵی ئازادیدا ئەوەی کە کورد تێیدا باڵادەستبوو ، ململانێی حیزبی و شەڕی خۆکوژی و دروستکردنی دووبەرەی دژبەیەک و هەوڵدان بۆ کڕینی نووسەران و ڕۆشنبیران . کوشتنی ژنان بە بیانووی شەرەف ، ئەم سیاسەتەش بووەتە بەربەستێک لەبەردەم بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی و دابینکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی ، ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییەکانی تاک .

ڕۆژنامەنووسی بەریتانی ڕۆبەرت فیسک کە لە ڕۆژنامەی (ئیندیپێندت)دا کاردەکات ، دوای لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون ، بۆ ماوەی دە مانگ ، واتە لەساڵی 2010 ژمارەیەکی سەرسوڕهینەری بڵاوکردەوە سەبارەت بە کوشتنی ژنان لەسەر شەرەف لە وڵاتانی عەرەبی بێگومان کوردستانیش لەو ڕاپرسیەدا شوێنی خۆی گرتبوو.

کوشتنی ڕێژەیەکی زۆر لە ژنان بەناوی شەرەفە ، تاکە ئاماژەیە کە پێماندەڵێ کۆمەڵگە چۆن مامەڵە لەگەڵ ژن دەکات، پیاوێک چۆن داوای ئازادی و سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی و دامەزراندنی سیستەمی دیموکراسی دەکات ، لەکاتێکدا خۆی دیکتاتۆرە و باوەڕی بەمافی ئەوانیتر نییە، چۆن داوای ڕێزگرتن لە خەڵکی دەکات لەکاتێکدا ئەو ڕێز لە مێیینەکانی ناو خێزانەکەی ناگرێ و ئازادییەکانیان داگیر دەکات ، ئا لێرەدا چەوساندنەوەی ژنان دەستپێدەکات تاوەکو دەگاتە کوشتنی. کۆمەڵگەی کوردی دەبێ شەرم لە خۆی بکاتەوە کە لە میللەتێکی چەوساوەوە بووەتە میلەتێکی چەوسێنەر بەرامبەر بە بەشێکی سەرەکی کۆمەڵگە. کۆمەڵگەی کوردیش پێویستی بە هەڵمەتێکی لەوشێوەیە هەیە بۆ ئەوەی ژیان و ئازادی بۆ تاکەکان دابین بکات.

# یاریدەدەری پزیشکێک لەبەر قەرزاری خۆی دەکوژێت



**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- هەولێر**

درەنگانێکی شەو لە بەردەم ماڵی دکتۆر (م) دەنگی تەقە بەرزبووەوە، وا بڵاوکرایەوە کە دکتۆر (م) لەبەر کێشەی کۆمەڵایەتی کوژراوە، بەڵام دواتر دەرکەوت کە خۆی کوشتووە، کوڕەکەی دەڵێت "باوکم قەرزار بوو، بەڵام نازانم بۆ خۆی کوشت".

(م. ر. ق)، 50 ساڵ، یاریدەدەری پزیشکی، شەوی 2013/5/20 خۆی کوشت، بەپێی زانیاریەکانی پۆلیس، ئەو پیاوە لەبەر قەرزاری خۆی کوشتووە، پێشتریش لەسەر ئەو کێشەیە دەستگیر کراوە.

(م) خێزاندار بوو، باوکی 6 منداڵ بوو، منداڵەکانی تەمەنیان گەورەیە، لە تەنیشت ماڵەکەی خۆیان دەرمانخانەیەکی هەبوو بەناوی دەرمانخانەی (ک) و مامەڵەی ئۆتۆمبێلیشی دەکرد.

بەپێی ئامارەکانی پۆلیس، ئەمساڵ ئەوە پێنجەمین حاڵەتی خۆکوشتنە لەو قەزایە ڕوودەدات کە 37 کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای هەولێرەوە دوورە و ژمارەی دانیشتووانەکەی 94 هەزار کەسە. زۆربەی حاڵەتەکانی خۆکوشتنیش بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتیەوە بووە.

بەپێی زانیارییەکانی پۆلیسی هەولێر، (م) شەو لە ماڵ چووەتە دەرەوە، پاشان گەڕاوەتەوە "هەر لەناو ئۆتۆمبێلەکەی خۆی لەبەر دەرگای ماڵی خۆیان بە دەمانچە گوللەیەکی لەسەری خۆی داوە".

ئەو ڕووداوە لە کاژێر 1:30ی خولەکی شەو بوو، چەندین قسەی جیاواز لەسەر کوشتنەکە دەکرا، سەرەتا وەکو ڕووداوێکی کوشتن سەیر دەکرا کە بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە کوژرا بێت، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی پۆلیسی خەبات "ڕووداوەکە خۆکوشتنە و دەڵێن کێشەی کۆمەڵایەتی هەبووە بۆیە خۆی کوشتووە، بەڵام زیاتر دەڵێن لەبەر قەرزاری خۆی کوشتووە".

هەر دوای ڕووداوەکە، پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد و بۆ ئەو مەبەستەش کوڕێکی ئەو پیاوەی بانگکردووە "کوڕەکەی لە ئیفادەکەیدا گوتی باوکم قەرزار بوو، بەڵام نازانم بۆ خۆی کوشتووە، تێناگەم بۆچی خۆی کوشت".

هەر بەپێی زانیارییەکانی پۆلیس، ئەو پیاوە زیاتر لە 150 هەزار دۆلار قەرزار بووە "ئەو قەرزەی بەهۆی مامەڵەکانی ئۆتۆمبێل و دەمانچەوە بووە، هەر شتێکی بە قەرز دەکڕی زیادەی دەهاتە سەر، ئۆتۆمبێل بە 10 هەزار دۆلار بووایە، بۆ ماوەیەک بە قەرزی دەهێنا بە 15 هەزار دۆلار، بەوە قەرزێکی زۆری لەسەر کۆبووەوە".

کێشەی قەرزی (م) لە مێژە، چونکە ماوەیەک لەمەوبەر پۆلیسی خەبات زیاتر لە مانگ و نیوێک دەستگیری کردووە لەسەر سکاڵای خاوەن قەرزەکان، بەڵام وەک پۆلیس دەڵێت "لەدوای خۆکوشتنی، خاوەن قەرزەکان هێشتا نەهاتوون سکاڵا تۆمار بکەن، دیارە پێیانوایە تازە قەرزەکەیان ڕۆیشت".





## دادگا گوێ لە کەسوکاریان ناگرێ



# لەماوەی سێ ساڵدا 329 کۆڵبەری کورد لەسەر سنوور کوژراون

**فوئاد حەقیقی**
**رووداو- هەولێر**

پێنج مانگ لەمەوبەر، مێردی رابیعە سوڵتانی، بە گوللەی هێزە ئەمنییەکانی ئێران لە نزیک سنووری حاجی ئۆمەران کوژرا. رابیعە سکاڵای تۆمار کرد، بەڵام دادگا هیچی بۆ نەکرد و سکاڵاکەی لە نێو دۆلابەکانی دادگادا لەبیرچووەوە.

کەسوکاری ئەو کەسانەی لەسەر سنووری رۆژهەڵات و باشووری کوردستان کاری قاچاخچێتی دەکەن و بەدەستی هێزە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکوژرێن، دەڵێن لە دادگا جگە لەوەی سکاڵایان لێوەرناگرن، وەکو تاوانباریش سەیری قوربانییەکانیان دەکەن.

هێزی سنوورپارێز و پۆلیسی ئێران ساڵانە دەیان کەس لە کۆڵبەران و کاسبکارانی کورد دەکوژن. بەڵام تا ئێستا کەسێک و ناوەندێک نییە بەدوای کێشەی ئەو کۆڵبەر و کاسبکارانەدا بچێت، جگە لەوەش لەلایەنی یاساییەوە دادگا هیچ مافێکیان بۆ وەرناگرێت و دەقێکی یاسایی نییە بەرگرییان لێبکات.

بەپێی ئەو ئامارانەی دەست (رووداو) کەوتوون، لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا 329 کۆڵبەری کورد لەسەر سنووری نێوان باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان بە گوللەی هێزە ئەمنییەکانی ئێران کوژراون و 223 کۆڵبەریش بریندار کراون.

رابیعە، دایکی دوو کوڕ و کچێکە، کوڕەکانی دەخوێنن. ناوی مێردەکەی لەنێو پەڕاوی دادگا بە "قاچاخچی" نووسراوە، بەڵام رازی نییە ئەو ناوە بدرێتە پاڵ مێردەکەی و دەڵێت "قاچاخچی نەبوو، چووبوو دوو قڕان بۆ منداڵەکانی پەیدا بکات".

رێباز قوربانی، کە قوتابی دکتۆرایە لە زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی تاران، توێژینەوەیەکی لەسەر کۆڵبەرانی سەر سنوور کردووەو دەڵێت بەهۆی ئەوەی ناوچە سنوورییەکان پشتگوێخراون و دەرفەتی کار کەمە لەو ناوچانە بۆیە خەڵک پەنا بۆ کاری کۆڵبەری دەبەن.

بەپێی برگە 9 لە مادەی 3ی یاسای بەکارهێنانی چەک لە ئێران، پۆلیس بۆی هەیە چەک لە دژی ئەو کەسانە بەکاربێنێ کە "بە نایاسایی هەوڵی بەزاندنی سنوور دەدەن" و گوێ بە هۆشداری پۆلیس نادەن.

بەڵام یاساکە دەڵێت پۆلیس لە کاتێکدا دەبێ چەک بەکاربێنێ کە هیچ چارەیەکی دیکەی نەبێ. هەروەها دەڵێ ئەگەر دەرفەت هەبوو، سەرەتا تەقەی هەوایی بکات.

عوسمان موزەیەن، پارێزەری کوردی دانیشتووی شارۆچکەی سەردەشت لە رۆژهەڵاتی کوردستان، کە دۆسیەی چەند کۆڵبەرێکی کوژراوی لایە، دەڵێت "هێزە ئەمنییەکان و دەزگای دادوەری، بە چاوێکی ئەمنیانە تەماشای مەسەلەی کۆڵبەران دەکەن".

هەرچەندە زۆربەی ئەو کۆڵبەرانە کارتی هاتوچۆی سنووریان هەیە، بەڵام زۆرجار دەدرێنە بەر رێژنەی گوللە و هەندێکیان لێدەکوژرێن، هەروەها بار و وڵاخەکانیشیان لەلایەن پۆلیسەوە دەستی بەسەردا دەگیرێ.

عوسمان موزەیەن، پێیوایە پۆلیسی ئێران رانەهێنراوە کە چۆن کەڵک لە چەک وەربگرن و چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆسیەی کۆڵبەران بکەن.

ئەوەی زۆرتر کەسوکاری ئەو کۆڵبەرانەی نیگەران کردووە، بە فیڕۆچوونی خوێنی قوربانیانە، چونکە کەس لە بکوژی ئەو کۆڵبەرانە ناپرسێتەوە.

### پارێزەرێکی کورد:
### دادگاکانی ئێران وەک تاوانبار سەیری کۆڵبەرانی کوژراو دەکەن

رابیعە دڵنیایە مێردەکەی بە تەقەی هێزەکانی پاسەوانی سنوور کوژراوە، بۆیە لە دادگاکانی پیرانشار و ورمێ سکاڵای تۆمار کردووە، بەڵام هیچ هەواڵێکی دڵخۆشکەری لەبارەی دۆسیەی مێردەکەی نەبیستووە "تەنانەت هێشتا دادوەریشم نەبینیوە".

عوسمان موزەیەن. باسی دۆسیەی کۆڵبەران دەکات لە دادگا و دەڵێت "ئەگەر کەسوکاری کۆڵبەرێک سکاڵاش تۆمار بکات، بە وردی لێکۆڵینەوە لە کەیسەکەی ناکرێ، بەجۆرێک هەوڵ دەدرێ کۆڵبەرەکە بە تاوانبار لە قەڵەم بدەن. بۆ نموونە دەڵێن: گوێی لە پۆلیس رانەگرتووە، خۆی هۆکاری کوژرانی خۆی بووە، کێ گوتوویەتی بچێ کۆڵبەری بکات" هەروەها دەڵێت "سەربازەکان بانگ ناکرێن، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ ناکرێ، پۆلیسی ئێران لەجیاتی ئەوەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ پاسەوانی سنوور بکات، پشتگیریان لێدەکات، داواکاری گشتیش سکاڵاکە رەتدەکاتەوە".

هەرچەندە هەندێکجار کەسوکاری ئەو قوربانیانە قەرەبوو دەکرێنەوە، بەڵام موزەیەن دەڵێ "پۆلیس هەموو قەرەبووەکەیان پێنادات و دەڵێ بودجەمان نییە و بەشێک لە قەرەبووەکەیان لێدەبڕن".

هەندێکجاریش کەسوکاری قوربانیان نەک قەرەبوو ناکرێنەوە، بەڵکو هەڕەشەشیان لێدەکرێ. رێباز قوربانی، نموونەیەکی هێنایەوەو گوتی کەسوکاری چەند کۆڵبەرێک کە لە گوندی قەلەڕەشە لەسەر سنووری سەردەشت و پشدەر کوژرابوون، داوای 70 ملیۆن تمەنیان وەک قەرەبوو کردبوو، بەڵام نەک قەرەبوو نەکرانەوە "بەڵکو بە نووسراو لەلایەن پۆلیس بەڵێننامەیان پێ پڕکرایەوە کە لە سکاڵاکەیان پاشگەز ببنەوەو نابێت بڵێن بە دەستی ئەو هێزە کوژراون".

پۆلیسی ئێران زۆرجار هەڕەشە لە کەسوکاری کۆڵبەرانی کوژراو دەکات کە نابێت لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە باسی کوژرانی رۆڵەکانیان بکەن. لە شوباتی ئەمساڵ دوو براو ئامۆزایەک لە سنووری بانە بە قۆڵبەستراوی لە شاخ فڕێدرابوونە خوارەوە، کەسوکاریان لەلایەن پۆلیسەوە ئاگادارکرابوونەوە کە نابێ بەهیچ شێوەیەک قسە بۆ راگەیاندنەکان بکەن. (رووداو) پەیوەندی کرد بە باوکی ئەو دوو برایە، بەڵام ئامادەنەبوو لەوبارەیەوە لێدوان بدات و گوتی "لێدوانمان لێ قەدەخە کراوە".

عوسمان موزەیەن، کوشتنی کۆڵبەرەکان بە "نایاسایی" دەزانێ، چونکە "لەجیاتی کوشتنیان دەکرێ بناسرێن، دەستبەسەر بکرێن یا کاڵاکەیان لێ زەوت بکرێ و بە دانی پارە سزایان بدەن".

بەگوتەی موزەیەن، زۆر جاران تەنانەت ئەو سەربازەش کە تەقەی کردووە دیارە، بەڵام دادگا بانگی ناکات و لێکۆڵینەوەی لەگەڵا ناکات بزانێ ئایا بەپێی یاسای بەکارهێنانی چەک جوڵاوەتەوە یان نا.

هەروەها گوتی "داواکاری گشتی کەیسەکە بۆ لێکۆڵینەوە دەداتە پۆلیس، لەکاتێکدا پۆلیس بۆخۆی تۆمەتبارەو بۆخۆشی دەبێتە لایەنی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون کە ئەوەش دروست نییەو دەبێت کەیسەکە ئۆرگانی دیکەی وەک سوپای پاسداران لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات".

## شنگالیان هەراسان کردووە

# "یان ئێمە دەربکەن یان سەگە بەرەڵاکان"



**بەرەکات عیسا**
**رووداو- شنگال**

قسەیەکی باو لەنێو شنگالییەکان هەیە کە دەڵێت هەر کۆڵانێکی شنگال دوو تووتکە سەگی بەردەکەوێت، وەک ئاماژەیەک بۆ زۆری ژمارەی سەگی بەرەڵا لەو قەزایە. هاووڵاتیانی قەزاکە دەڵێن خەریکە سەگی بەرەڵا دەبێتە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر ژیانیان.

دانیشتووانی قەزای شنگال لەوە نیگەرانن کە زۆرجار سەگەکان لە کۆڵانان پڕیان دەدەنێ.

ئەو سەگە بەرەڵایانە نە تەنیا ژینگەی ناوچەکەیان پیس کردووە، بەڵکو بوونەتە مەترسییەکی راستەقینەش لەسەر ژیانی خەڵک.

دکتۆر یوسف ئەلمەسری، بەڕێوەبەری بنکەی ڤێترنەری لە شنگال، دەڵێت "هەرچەندە رێکخراوەکانی ئاژەڵپارێزی نارازین لە کوشتنی ئەو سەگە بەرەڵایانە، بەڵام من لەگەڵ کوشتنیانم، چونکە مرۆڤ تووشی نەخۆشی دەکەن، بە تایبەتی نەخۆشی کیسی ئاو و چەند نەخۆشییەکی دیکە". ئەو دکتۆرەی ئاژەڵان هەروەها دەڵێت "دوو رێگە هەن بۆ لەنێوبردنی ئەو سەگە بەرەڵایانە، ئەویش بە رێگەی حەب یان کوشتن بە گوللە".

ناحیەی گرعوزێری سەر بە قەزای شنگال زۆرترین سەگی بەرەڵای تێدایە کە زۆرجار مەترسیان بۆ سەر ژیانی دانیشتووانەکەی دروستکردووە، بەڵام هێشتا خەڵکانێک هەن بەرگری لەو سەگە بەرەڵایانە دەکەن.

عەلی موراد، 18 ساڵ، گەنجێکی دانیشتووی گرعوزێرە و دەڵێت "داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەم، یان ئێمە لە گرعوزێر ببەنە دەرەوە، یان سەگە بەرەڵاکان". گوتیشی "زۆرجار لەبەر ئەو سەگە بەرەڵایانە بە زەحمەت دەگەمە قوتابخانە".

بەڵام خەیری غانم، تەمەن 21 ساڵ، وەک تاوانێک سەیری کوشتنی ئەو سەگە بەرەڵایانە دەکات و دەڵێت "ئێمە دژی ئەوەین بیانکوژن، داوا لە خەڵک دەکەم خواردنیان بدەنێ و پاکیان بکەنەوە".

هەمیشە سەگ بۆ پاسەوانی مەڕ و ماڵات بەکارهاتووە، بەڵام ئەمجارەیان ئەوە لە ناوچەی شنگال تەواو پێچەوانە بووەوە. مانگی رابردوو نزیکەی 20 سەگی بەرەڵا هێرشیان کردە سەر رانەمەڕی شوانێک لە نزیک گوندی سیبا شێخ خدر، لە ئەنجامدا پێنج مەڕیان کوشت و شەشیشیان بریندار کرد و دوو مەڕیش بێسەروشوێن بوون.

حامۆ مچۆ، کە شوانی ئەو رانە مەڕە بوو بە (رووداو)ی گوت "کاژێر شەشی بەیانی مەڕەکانم دەبردن بۆ لەوەڕاندن، لە ناکاو زیاتر لە 20 سەگی بەرەڵا هێرشیان کردە سەر مەڕەکان". حامۆ گوتیشی "مەڕەکان هی خۆم نەبوون، من بە پارە شوانەتی دەکەم".


ئەو شوانە بەرپرسانی ئیداری ناوچەکە بەبەرپرس دەزانێ کە تاوەکو ئێستا چارەسەری ئەو سەگە بەرەڵایانەیان نەکردووە و لە ئاوایی دووریان نەخستوونەتەوە، بۆیە داوا دەکات حکومەت قەرەبووی بکاتەوە. بەڵام بەڕێوەبەری ناحیەی گرعوزێر گوتی "ئێمە هیچ دەستوورێکمان پێنەدراوە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو حاڵەتانە".

خدر خودێدا، بەڕێوەبەری ناحیەی گرعوزێر، گازاندەی رێکخراوەکانی تایبەت بە پاراستنی گیانداران بە هۆکاری لەناونەبردنی ئەو سەگە بەرەڵایانە دەزانێت و دەڵێت "ئەو رێکخراوانە داوای چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دەکەن، بەڵام دەڵێن نابێ سەگەکان بکوژرێن، ئێمەش هیچ رێگەیەکی دیکە شک نابەین".

بەڕێوەبەری ناحیەی گرعوزێر دەڵێت هەرچەندە ئەوان چەند جارێک بەهۆی بەکارهێنانی حەب چەند سەگێکی بەرەڵایان لەناوبردووە، بەڵام بەکارهێنانی حەب بە مەترسی دەزانێت بەتایبەتی لەسەر منداڵان. گوتیشی "سەگی بەرەڵا لە ناوچەکە زۆر زۆرن، بە تەنیا بە ئێمە لەناو نابرێن".

## هەمەجۆر





### سوها بەکێ دەڵێت درەنگ هاتی

**رووداو- هەولێر**

کچە گۆرانیبێژی کورد سوها سەرقاڵی بەرهەمێکی نوێی گۆرانییە و بەشێک لەکارەکانی تەواوکردووە، دەربارەی ئەو بەرهەمە نوێیە، سام کە مێردی سوهایە بە (رووداو)ی راگەیاند "درەنگ هاتی ناوی نوێترین بەرهەمی ئەوە و منیش وەک ئەکتەر بەشداریم لە کلیپەکەدا کردووە". ئەو بەرهەمە لە هۆنراوەی ئەحمەد محەممەدەو ئەفشین شوکری بەکاری میوزیک هاوکاری کردووە.

# گەزیزە بە دوای ئەکتەردا دەگەڕێت



**رووداو- سلێمانی**

تیپی شانۆیی هاوڕێیانی گەزیزە بەنیازی کارکردنن لەسەر درامایەکی نوێ.

گەزیزە لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "بەمەبەستی بەرەودان بەبواری هونەری دراماو بەشداریکردن تێیدا کۆمپانیای بابیلۆن بەهاوکاری وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان زنجیرە درامای هەنگاوەکانی سەرخۆڵەمێش بەرهەم دێنێت کە لە سیناریۆ و دەرهێنانی منە". گەزیزە گوتیشی بۆ بەشداریکردن لەو درامایە هەر ئارەزوومەندێک دەتوانێت لەماوەی 5 رۆژدا پەیوەندی پێوە بکات.

جگە لە سپۆنسەری درامای هەنگاوەکانی سەرخۆڵەمێش، کۆمپانیای بابیلۆن خەرجی درامای تارمایی تاوانیشی لە ئەستۆی خۆی گرتووە.

# رێکان دوای گلەیی شکایەت دەکات



**رووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژ رێکان محەممەد ئێستا سەرقاڵی دوو بەرهەمی تازەیە و بە نیازە بەو نزیکانە بڵاویان بکاتەوە.

رێکان بە (رووداو)ی راگەیاند "دوو بەرهەمی تازەم تۆمار کردووە، لە ئاواز و هۆنراوەی خۆمن بەناونیشانی شکایەت و مانگ". کاری میوزیکی ئەو دوو بەرهەمە لەلایەن سەرهەنگ ئیلهام ئەنجام دراوە. ئەوەش پاش دوایین بەرهەمی دێت کە ناوی (گلەیی) بوو.

# چاوەڕێی خۆزگەی رائید شامل بن




**شاخەوان شێخانی**
**رووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژ رائید شامل سەرقاڵی کارکردنە بۆ نوێترین بەرهەمی گۆرانی. دەربارەی ئەو ئەلبوومە شامل بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێستا کار لە بەرهەمێکی نوێدا دەکەم کە ئەلبوومێکی گۆرانییە و ناوم ناوە خۆزگە، بەو نزیکانە بڵاوی دەکەمەوە".

ئەو ئەلبوومە لە هەشت تراک پێکهاتووە کە چوار تراکیان رائید شامل خۆی تێکست و ئاوازی بۆ داناون. رائید شامل جگە لە گوتنی گۆرانی، شیعر و ئاوازیش بۆ هونەرمەندان دادەنێت.

# حەسنا مەتەڕ بە کوردی گۆرانی دەڵێت



**میوا و کاروان**
**رووداو- دهۆک**

حەسنا مەتەڕ، خانمە سترانبێژی لوبنانی لە پرێس کۆنفرانسێکدا کە لە شاری دهۆک بەڕێوەچوو، گوتی کوردستان رۆژ بە رۆژ پێشدەکەوێت و لە دوبەی و شارەکانی دیکەش خۆشتر دەبێت.

هەروەها گوتی کە لەم ماوەیەدا گۆرانییەکی کوردی کلیپ و بڵاودەکاتەوە، گوتیشی "دڵنیام کوردستان زۆر لە دوبەی و شارەکانی دیکە خۆشترو جوانتر دەبێت، چونکە من ئەمە چەندین جارە سەردانی کوردستان دەکەم، هەرجارێک شتی نوێ و پێشکەوتنی تازەو نایاب دەبینم، ئەمەش گڕوتینی زیاتر بە ئێمە دەدات تا ئەوەی لە تواناماندا بێت پێشکەشی بکەین بە کوردستان".

حەسنا ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لەو ماوەیە کۆتایی بە ڤیدیۆ کلیپێک هێناوە لە ئاوازی هەڵکەوت زاهیر و بە زمانی کوردی پێشکەشی دەکات.



# خاوەنی جوانترین پێکەنینە

گۆرانبێژی بەریتانی (شیریل کول) وەک خاوەنی جوانترین پێکەنینی جیهان دەستنیشان کرا. ئەو گۆرانیبێژە بەریتانییە تاوەکو ئێستا چەندین نازناوی دیکەی بەدەستهێناوە، لەوانە نازناوی خاوەنی جوانترین قژ، نازناوی جوانترین جلوبەرگ، ئێستاش لە لیستی نازناوی خاوەنی جوانترین پێکەنینی جیهاندایە.

وا دەردەکەوێت کە ئەستێرەی گرووپی (جیرلز ئالاود) جوانترین پێکەنینی هەیە و لەو رووەوە سەرکەوتنی بەسەر هەریەک لە کامبەر کیت میدلتۆن و ئەستێرەی هۆلیۆد ئەنجلیا جولی بەدەستهێناوە.

لە بەریتانیا کچە نازک و نەشمیلەکان لەسەرووی ئەستێرەکانی هۆلیوودەوەن، لەوانەش جولیا رۆبەرتس و ئەنجلیا جولی و کامیرۆن دیاز.

# یاران لە هەورامانە



**رووداو-هەولێر**

عەلی حەمە دەروێشی گۆرانیبێژ ئێستا سەرقاڵی بەرهەمێکی نوێیە. ژوان سێودین، بەرپرسی بەشی کلیپ لەکۆمپانیای سکای ئارت کە وەک بەڕێوەبەری وێنەگرتن کاری بۆ ئەو بەرهەمە کردووە بە (رووداو)ی راگەیاند "گۆرانی یاران بەرهەمێکی نوێی هونەرمەند عەلی حەمە دەروێشە و کاری کلیپی لەناوچەی هەورامان بۆ کراوە، ئێستا سەرجەم کارەکانی تەواوبووە و بەمزووانە بڵاودەبێتەوە".

ئەو بەرهەمە لە شیعری گۆران عەباسە، هەروەها خەلیل عەبدوڵلا کاری میوزیک و شوکری عەلیش کاری دەرهێنانی بۆ کردووە.

# وەزیری رۆشنبیری بەلجیکا بە هونەری کوردی سەرسامە



**رووداو-بەلجیکا**

وەزیری رۆشنبیری بەلجیکا رێز لە شێوەکارێکی کورد دەنێت.

حوسێن کاکەیی خۆشنووس و شێوەکاری کورد رۆژی 18-5-2013 پێشانگەیەکی هاوبەشی لەگەڵ پەیکەرسازێکی بەلجیکی کردەوە، کاکەیی لەوبارەیەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "من و لۆک فرمویلن، پەیکەرسازی بەلجیکی پێشەنگایەکی شێوەکاریمان کردەوەو خاتوو (یوکە سخاو فلیخە) وەزیری رۆشنبیری ئەو وڵاتە ئامادەی پێشەنگاکەمان بوو، زۆر سەرسام بوو بە کارەکانم و رێزێکی زۆری لە هونەرەکەم گرت و گوتی هونەرەکەتان زۆر دەوڵەمەندە".

حوسێن کاکەیی بە 27 کاری تەکنیکی گرافیک و خۆشنووسی بەشداری ئەو پێشەنگایەی کردبوو کە 3 رۆژی خایاند.

**ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی** ayarfalak@hotmail.com

# بەختی رووداو



**کاوڕ**
دوودڵ مەبە لەوەی بابەتێک لەگەڵ هاوبەشەکەت یان هاوسۆزەکەت یەکلایی بکەیتەوە، بەتایبەتی هەڵبژاردنی هاوڕێیان و ئەوانەی کاریان لەگەڵ دەکەیت. کارەکان بە ناتەواوی جێمەهێڵن. کاتەکانتان دابەش بکەن و مافی تەواو بە بەرامبەرەکانتان ببەخشن. توانایەکی باشترتان دەبێت بۆ کارکردن.

**گا**
ئەگەر هەست بەبێزاری دەکەیت کات لەگەڵ هاوڕێیەک بەسەر بەرە، بۆ هەندێکتان گونجاوە گەشتێک بکەن. بەرامبەرەکەت دڵی ناسک دەبێتەوە ئاگاداری هەستەکانی بە. ئەو کارانە پێش بخە کە زۆرترین سوودت پێدەگەیەنن نەک زۆرترین خۆشی. باری داراییت باشتر دەبێت.

**جمک**
ئەگەر هەست بەبێزاری دەکەیت کات لەگەڵ هاوڕێیەک بەسەر بەرە، بۆ هەندێکتان گونجاوە گەشتێک بکەن. بەرامبەرەکەت دڵی ناسک دەبێتەوە ئاگاداری هەستەکانی بە. ئەو کارانە پێش بخە کە زۆرترین سوودت پێدەگەیەنن نەک زۆرترین خۆشی. باری داراییت باشتر دەبێت.

**قرژاڵ**
لەم هەفتەیەدا تەنها دەتوانن بیرۆکەکانتان کۆ بکەنەوە و بڕیاری لەسەر بدەن، بەڵام ناتوانن دەست بە جێبەجێکردنی بکەن هەتا تەواو ئامادە دەبن، ئەمەش کەمێک دوودڵیتان بۆ دروست دەکات. پارە لەشتی ناپێویست خەرج مەکەن. پلانەکانتان بۆ ئازیزانتان و هاوبەشەکانتان روونبکەنەوە.

**شێر**
بەخت هاوکاریت دەکات لەو کارانەی بەنیازی ئەنجامدانیت، باری دارایی ئەوپەڕی باشی بەخۆیەوە دەبینێت.
گەڕان و سەردانەکان ئاسوودەییتان پێ دەبەخشن. لەلایەن هاوسۆزەکانتانەوە گرنگییەکی زیاترتان پێدەدرێت. سوود لەئەزموونی هاوڕێ نوێیەکان وەربگرن.

**گوڵەگەنم**
فرسەتێکی باشە بۆ ئەوەی توانای خۆت تاقی بکەیتەوە بەتایبەت بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە بەرنامەڕێژیت بۆ کردوون بەبێ ئەوەی پشت بەهیچ کەسێک ببەستیت. هێز و توانایەکی جەستەیی باشت هەیە بۆ راپەڕاندنی ئەو کارانەی ئەنجامیان دەدەن. گرنگی بەلایەنە کۆمەڵایەتییەکان بدەن و فەرامۆشیان مەکەن.

**تەرازوو**
دەتوانن زۆربەی کارەکان بگەیەننە ئەنجامی کۆتایی بێ ئەوەی یارمەتی لەکەس وەربگرن. سەرنجی خەڵکە دوور و بێگانەکان رادەکێشن و بەئاسانی لەگەڵیان دەگونجێن. یەکێک لە هەنگاوەکانی کارکردنت بەرەو ئەنجامی باش دەڕوات بەڵام متمانەی تەواو بخەنە سەر هێزی خۆتان و پشت بەبەخت مەبەستن.

**دووپشک**
بەهۆی کارێکی نوێوە گەشبین دەبن، لەلایەن خۆشەویستەکانتانەوە بەڵێنی گەورەتان پێدەدرێت. دەتوانن گۆڕانکاری گەورە لەشێوازی بەڕێوەچوونی کارەکانتان بکەن. ماندوو دەبن بەهۆی دواکەوتنی هەندێک لە کارەکان لەکاتی جێبەجێکردندا. بڕیاری کتوپڕ مەدەن.

**کەوان**
هەست بەئاسوودەیی دەکەن، ڤینۆس لەبەرامبەر بورجەکەتاندایە و ئەمەش کارەکانتان بۆ ئاسان دەکات و هاوسۆزەکانتان هاوکارتان دەبن لەهەردوو لایەنی دارایی و دەروونییەوە. هەوڵ بدە بابەتە هەڵواسراوەکان یەکلایی بکەیتەوە.

**کارژۆڵە**
کاتێکی زۆر باشە بۆ هەموو هەنگاوەکانتان، ئازیزانتان هاوکاریتان دەکەن و زیاتر بڕواتان بەخۆتان دەبێت. یەکێک لەکارە سەرەکییەکان دەگۆڕن و ئاستی دەرامەتتان بەرز دەکاتەوە. تووڕە و ماندوو دەبن کە چەند جارێک یەکێک لە خواستەکانتان جێبەجێ نابێ، بەڵام بڕوابەخۆبوون لەدەست نادەن.

**سەتڵ**
ئەو هەموو کار و هەنگاوانەی دیاریت کردوون کاتی زیاتریان پێویستە. ئەو کەسەی تۆ مەبەستتە پێویستی بەسەلماندن و روونکردنەوەی زیاتر هەیە. دیدار و چاوپێکەوتنی هاوڕێیان بیرۆکەی گرنگت پێدەبەخشن. فرسەت دەگونجێت پەیوەندییە خێزانییەکانتان رێکبخەنەوە و پێویستییەکانی ماڵ پڕ بکەنەوە.

**نەهەنگ**
چەند سەردان و چاوپێکەوتنێکی گرنگ رێکدەخەن بەتایبەت ئەوانەی ماوەیەکی زۆرە لێیان دابڕاون. ئامادەکاری تەواو بکەن بۆ دەسپێکی هەر کارێکی نوێ. دەتوانن هەندێکی کەم لەئەنجامەکان بەدەست بهێنن نەک هەموویان، خۆڕاگربن و کاتی گونجاو هەڵبژێرن بۆ کارە گەورەکان.

**بەگشتی:**

### ململانێ مەکە

بۆ ئەنجامدانی کارەکانمان و تەواو کردنی ئەو کارانەی دەستمان پێکردووە باشە. ئەو کەسانەش ئێمە دەمانەوێت پشتیان پێ ببەستین وەک ئێمە بێزارن. لەبارەی سۆزدارییەوە کاتێکی باش نییە و ناتوانین بڕوا بەو کەسانە بکەین کە تازە دەیانناسین. ئەو کارانەشی ماوەیەکی زۆرە وەستاون دەبێت بەشێوێن رێگەیەکی نوێ بگەڕێین تا تەواویان بکەین. سۆزدارەکان دڵیان ناسک دەبێتەوە و هەموو قسەیەک دەگرنە دڵیان. دەبێت هێمن بین و ئاگاداری گوتەکانمان بین لەکاتی قسەکردنمان لەگەڵ ئازیزان و خۆ بەدوور بگرین لە عینادی و کەللەڕەقی. کاتێکی باشە بۆ فێربوونی نوێ، نابێت ململانێ لەگەڵ هیچ کەسێک قوڵ بکەینەوە.



# مالیکی دەیەوێ 12 هەزار بەرپرسی پێشووی بەعس خانەنشین بکات

**ئاسۆ فیشەگی**
**ڕووداو- هەولێر**

جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیراندا نییە بەرپرسانی باڵای حیزبی بەعسی هەڵوەشاوە خانەنشین بکات. ئەندامێکی هەمان لیژنە گوتی کە لەڕووی یاساییەوە نابێ ئەو بڕیارە سەرۆک جاشەکان بگرێتەوە، بەوپێیەی ئەو سەرۆک جاشانە لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە داواکراون.

وەزارەتی بەرگری عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، مامەڵەی خانەنشینکردنی 12 هەزار و 939 کەسی پەسەند کردووە کە لە بەرپرسانی پێشووی حیزبی بەعس، وەک ئەندامانی سەرکردایەتی شۆڕش، بەرپرسانی دەزگای هەواڵگری عێراق، فەرمانگەی ئاسایشی گشتی، دەزگای ئاسایشی تایبەت، دیوانی سەرۆکایەتی پێشووی کۆمار و پاسەوانی تایبەت پێکدێن. بەپێی بەیاننامەکە ئەو کارە لەسەر داوای ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق کراوە.

ئەمیر تاهیر کەنانی، جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق کە سەر بە ڕەوتی سەدرە، لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بڕیاردان لەسەر پرسی خانەنشینکردنی ئەندامانی پێشووی باڵای حیزبی بەعسی قەدەغەکراو پێویستی بە یاسایەکی تایبەت

**پەرلەمانتارێک:**
**بە دووری نازانم عیززەت دووریش خانەنشین بکرێ**

هەیە کە دەبێ پەرلەمانی عێراق پەسەندی بکات". بۆیە دەڵێت "ئەنجوومەنی وەزیران بە هیچ شێوەیەک لە دەسەڵاتیدا نییە بەرپرسانی باڵای بەعس خانەنشین بکات، بەوپێیەی یاسای لێپرسینەوەو دادوەری مافی خانەنشینکردن و گەڕانەوەی بۆ سەر کارەکانیان لە داوودەزگاکانی دەوڵەت بەخشیوەتە ئەندامانی فیرقە لە حیزبی بەعس و لەوان بە خوارەوە".

ئەوە جاری یەکەم نییە نوری مالیکی ئەو جۆرە بڕیارانە دەردەکات کە بەقسەی ئەو پەرلەمانتارە "پێشێلکردنی یاسایە، بۆ نموونە پێشتر بڕیارێکی لەو جۆرەی دا بە لابردنی دەسگرتنە سەر سامانی بەرپرسانی باڵای بەعس لە کاتێکدا ئەو بڕیارەش بەهەمانشێوە پێویستی بە یاسایەکی تایبەت هەبوو".

کەنانی گوتی "لەبەرئەوەی عێراق وڵاتێک نییە یاسا تێیدا سەروەربێ، بەدووری نازانم عیزەت دووریش خانەنشین بکرێ و لە بودجەی گەلی عێراق مووچەی بۆ خەرجبکرێ و تەنانەت بگەڕێندرێتەوە سەر کارەکەشی". گوتیشی "ئەو بڕیارە سووکایەتییە بە خوێنی شەهیدان و قوربانیانی گەلی عێراق کە لەسەر دەستی حیزبی بەعس لەناوبران، هەموو ئەمەش لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجێکی سیاسییە".

حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، قیادەی قوتری عێراق، لەساڵی 1952 دامەزراوە، بەشداری شۆڕشی ساڵی 1958ی کردووە، ئەفسەرانی حیزبی بەعس لە 8ی شوباتی 1963 کودەتایەکیان بەسەر عەبدولکەریم قاسمدا کرد و لەدوای هەشت مانگ ڕووخان. ئەو حیزبە دیسان لەساڵی 1968 گەیشتەوە دەسەڵات و 35 ساڵ حکومی عێراقی کرد، لە ماوەی حوکمڕانیدا چەندین تاوانی دژی گەلی کورد و عێراق ئەنجامدا تا لەساڵی 2003 لەسەر دەستی ئەمریکییەکان لەناوچوو، زۆربەی سەرکردە باڵاکانیشی لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەستگیرکران و لەلایەن دادگایی باڵای تاوانەکانی عێراقەوە دادگایی کران و لە سێدارەدران.

حیزبی بەعس چەندین فەوجی جاشانی لە کوردستان دروستکردبوو دژی هێزی پێشمەرگە. لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991 بەرەی کوردستانی ئەوکات بڕیاری لێبووردنی بۆ ئەو سەرۆک جاشانە دەکرد، بەڵام لەکاتی پرۆسەی دادگاییکردنی سەرانی بەعس، چەندین شایەتی لەدژی هەندێک لەو سەرۆک جاشانە درا کە بەشدارییان لە هەڵمەتی ئەنفال کردبوو، بۆیە لەلایەن دادگاوە داواکران، بەڵام تا ئێستا هیچیان دەستگیرنەکراون و دادگایی

**پەرلەمانتارێک:**
**یاسا ڕێگرە لە خانەنشینکردنی سەرۆک جاشەکان**

نەکراون.

سەبارەت بەوەی ئایا ئەو بڕیارەی وەزارەتی بەرگری عێراق، سەرۆک جاشەکانیش دەگرێتەوە کە پێشتر مووچەیان هەبووە لە حکومەتی بەعس، لەتیف شێخ مستەفا، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەڕووی یاساییەوە نابێ ئەو بڕیارە سەرۆک جاشەکان بگرێتەوە، بەوپێیەی لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە داواکراون".

سەبارەت بەو بڕیارەش، ئەو پەرلەمانتارە کوردە گوتی "ئەوە بۆ ڕازیکردنی پێکهاتەی سوننەیە، سەرەڕای ئەوەش بەپێچەوانەی یاسای لێپرسینەوە و دادپەروەری عێراقە"، هەروەها گوتی "ئەوەی جێی پرسیارە لێرەدا ئەوەیە کە ئاخۆ ئەو مووچەیەی بەو کۆنە بەعسیانە دەدرێ لە بودجەی فیدراڵی دەبردرێ، ئایا کاریگەری ناکاتە سەر بودجەی هەرێمەکان؟".

## لە ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق

# خانەنشینکراوانی ئەمساڵ 204 ملیار دیناری بودجە دەبەن



**ڕووداو- هەولێر**

ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند، مووچەی ئەندامانی خولی سێیەمی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق جگە لە کەرکووک پاش خانەنشینکردنیان کە بڕیارە پێش کۆتایی ئەمساڵ خانەنشین بکرێن، لە بودجەی 2013ی عێراق دەگاتە 204 ملیار دینار.

نەجیبە نەجیب، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی هەر 12 پارێزگاکەی عێراق کە لە 20ی نیسانی ڕابردوو هەڵبژاردنی تێدا ئەنجامدرا، بە ئەندامانی ئەنجوومەنی هەردوو پارێزگای ئەنبار و نەینەواوە 437 ئەندامە و مووچەی ئەو ئەندامانە پاش خانەنشینکردنیان کە بڕیارە پێش کۆتایی ئەمساڵ خانەنشین بکرێن، لە بودجەی گشتی ساڵی 2013ی عێراق دەگاتە 204 ملیار دینار".

گوتیشی "مووچەی خانەنشینکراوانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان هاوشێوەی ئەندامانی پەرلەمانی عێراق لە دوو سەرچاوەوە دابین دەکرێ، یەکەمیان سەندوقی خانەنشینکراوانە کە لە بڕینی 14%ی مووچەی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان داهاتی بۆ دابیندەکرێ و دووەم سەرچاوەش بودجەی گشتی عێراقە".

ئەو پەرلەمانتارە هەروەها گوتی "بەپێی یاسای کەمکردنەوەی مووچەی پلە تایبەتەکان لە عێراق، ژمارە 27ی ساڵی 2011، هەر ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگا و ئەندامی پەرلەمانی عێراق، پاش خانەنشینکردنی لە نێوان 30 بۆ 80%ی مووچەکەی بۆ خەرجدەکرێ بەپێی خزمەتی لە یەکێک لە دەزگاکانی دەوڵەت، لە کاتێکدا ئەو ئەندامانە سەرپشکن لەوەی بگەڕێنەوە سەر ئەو وەزیفەیەی پێش هەڵبژاردنیان کاریان تێدا کردووە، یاخود خانەنشین بکرێن و لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ سەر وەزیفەی پێشتریان ساڵانی کاریان بە خزمەت بۆ دەژمێردرێ".

نەجیبە نەجیب باسی لەوەش کرد کە "لە پاش ساڵی 2003وە ئەندامانی دوو خولی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق جگە لە کەرکووک و هەرێمی کوردستان هاوشێوەی ئەندامانی پەرلەمانی عێراق خانەنشینکراون"، ڕاشیگەیاند "سەرەڕای هەمەوارکردنەوەی یاسای مووچەی سێ سەرۆکایەتییەکە و فەرمانبەرانی پلە تایبەتەکان، بەڵام خانەنشینکراوانی پلە تایبەت ساڵانە بەشێکی گەورەی بودجەی گشتی عێراق دەبەن".

لەلایەن خۆیەوە تاڵب محەممەد حەسەن، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "مووچەی هەر ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگا لە عێراق 3 ملیۆن و 250 هەزار دینارە بە دەرماڵەوە، بەڵام لە پاش خانەنشینکردنی 80%ی مووچەکەی بۆ خەرج دەکرێ، واتا نزیکەی 2،5 ملیۆن دینار".

ئاماژەشی کرد "ئەوەی دادپەروەرانە نییە لە مەسەلەی خانەنشینکردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا ئەوەیە کە کەسێک پاش 4 ساڵ خزمەت بەمووچەی فەرمانبەرێکی خاوەن خزمەتی 30 ساڵ خانەنشین دەکرێ".

## بەپێی پرۆژە یاسای دەستەی ڕاگەیاندنی عێراق

# "ئازادییەکان سنووردار دەبن"

**ڕووداو- بەغدا**

یاساناسان و ڕۆژنامەنووسانی عێراق ڕەخنەی توند لە پرۆژە یاسای دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان دەگرن و پێیانوایە ئازادی ڕۆژنامەگەری لە عێراق سنووردار دەکات. ئەوە لەکاتێکدا کە هەندێک دەڵێن کاری ئەو دەستەیە تەنیا چاودێریکردنی پابەندیی تەلەفزیۆن و ڕادیۆکانە بە ڕێنماییەکانی پەخش و وەشان لە عێراق، نەک دەستێوەردان لە کاروباری دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

سەفائەدین ڕەبیع، سەرۆکی دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان لە عێراق لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، دەستەکەی بڕیاری کێشانەوەی پرۆژە یاسای دەستەکەی داوە کە پێشتر پێشکەشی پەرلەمانی عێراقی کردبوو، ئەوەش بەهۆی ئەو مشتومڕەی لەسەر پرۆژە یاساکە هەیە و هەروەها ئەو ڕەخنە زۆرەی کە لەلایەن ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە ئاراستەی کراوە، بۆیە بڕیاریان داوە دووبارە پرۆژە یاساکە دابڕێژنەوەو پاشان ئاراستەی پەرلەمانی بکەنەوە.

بەتول فاروق محەممەد، ئەندامی لیژنەی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری لە پەرلەمانی عێراق بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە کە پرۆژە یاسای دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان پەیوەندی بە سێ لیژنەی نێو پەرلەمانەوە هەیە. لیژنەکانیش بریتین لە ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری، کاروباری کۆمەڵایەتی و لیژنەی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە. گوتیشی "تا ئێستا تەنیا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لە پەرلەمان، بەڵام چەند بڕگەیەکی پرۆژەکە مشتومڕی ناوەتەوە".

هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن پێیانوایە پرۆژە یاساکە ڕێگە بۆ دەستەی ڕاگەیاندنی عێراق خۆش دەکات بۆ دەستوەردان لە سیاسەتی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، جگە لە دەستوەردان لە کاروباری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان". بەڵام ئەو پەرلەمانتارە دەڵێت "کاری ئەو دەستەیە تەنیا چاودێریکردنی پابەندیی دەزگاکانی ڕاگەیاندنە بە ڕێنماییەکانی پەخش و وەشان لە عێراق، نەک دەستوەردان لە کاروباری دەزگاکانی ڕاگەیاندن".

بەتول ئەوەشی خستەڕوو کە "سەرەڕای بڕیاری دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان لە عێراق بە کێشانەوەی پرۆژە یاسای دەستەکە، بەڵام کێشانەوەی ئەو پرۆژەیە پێویستی بە داواکارییەکی فەرمی هەیە کە دەبێ لەلایەن دەستەکەوە پێشکەشی لیژنەی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریی پەرلەمان بکرێ و دواتر لیژنەکە داواکە پەسەند بکات و بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەرز بکاتەوە بۆ پەسەندکردنی".

قاسم عەبودی، دادوەر و ڕۆژنامەنووسی عێراقی لەبارەی ئەو پرۆژەیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پرۆژە یاسای دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان لە عێراق دەرفەتی تەواو نابەخشێتە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ تانە لێدان لە بڕیارەکانی ئەو دەستەیە، هاوکات ئەنجوومەنی دەستەکە لە دادوەرێک و تەنیا دوو ئەندام پێکهاتووە، لە کاتێکدا دەبووایە دادگایەکی تایبەت هەبووایە کە لەبری ئەو ئەنجوومەنە بڕیاری دەربکردایە و تانە لە بڕیارەکانی بدرایە، بۆیە ئەو پرۆژە یاسایە ئازادی ڕۆژنامەگەری لە عێراق سنووردار دەکات".

هەرچەندە ڕەشنووسی ئەو یاسایە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام قاسم عەبوودی ڕەشنووسی پرۆژەکەی بینیوە و دەڵێت "چەند بڕگەیەکی تێدایە کە ڕێگە بۆ دەستەکە خۆشدەکات دەست لە سیاسەتی دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەربدات، جگە لە بڕگەی پەیوەندیدار بە مەرجەعیەتی ئەنجوومەنی کۆمیسیارانی دەستەکە کە ئەندامانی ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەستنیشان دەکرێن و دواتر پەرلەمان پەسەندیان دەکات".

ئەم پێشهاتانە لە کاتێکدایە کە کۆمەڵەی عێراق بۆ پاراستنی ڕۆژنامەنووسان و دەزگای نەهار بۆ ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لە عێراق هەڵمەتێکیان دەستپێکردووە بۆ کۆکردنەوەی واژۆ بۆ هەڵوەشانەوەی پرۆژە یاسای دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان بە بیانووی ئەوەی ئازادی ڕۆژنامەگەری سنووردار دەکات.

دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان لە عێراق پێشتر بڕیاری داخستنی نووسینگەی 10 کەناڵی ڕاگەیاندنی ناوخۆیی و بیانی دا لە عێراق بە بیانووی ئەوەی ئەو کەناڵانە شەڕی تایفەگەری گەرم دەکەن.



تەندروستی سلێمانی داوای زۆنی پاراستنی ژینگە دەکات

# "دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە سلێمانی 50% لە ڕێژەی ئاسایی تێپەڕاندووە"

**ئاڵا فەرەج**
**رووداو- سلێمانی**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی بە نووسراوێک داوای دابینکردنی زۆنی سەلامەتی ژینگە بۆ هاووڵاتیان لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی دەکات، بەڵام هاتوچۆ دەڵێت ناتوانین ئەو کارە بکەین.

بەشی کردە پزیشکییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی، داوای دروستکردنی ناوچەیەک دەکات بۆ هاووڵاتیان کە تەنیا ئەو ئۆتۆمبیلانەی باج یان لەزگەی ژینگەپارێزییان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانییەوە پێدرابێت بۆیان هەبێت بچنە ناوی. ئەو ناوچەیەش تەواوی سەنتەری شار بگرێتەوە کە قەرەباڵخییەکی زۆری تێدایە.

بەڵام ئەمین ساڵح، بەڕێوەبەری راگەیاندنی هاتوچۆی سلێمانی دەڵێت "جێبەجێکردنی ئەو داواکارییە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە، ئێمە بە تەنیا ناتوانین بڕیاری قەدەخەکردنی هاتوچۆی ئۆتۆمبێل بدەین لەنێو سەنتەری شاردا".

ئەمین ساڵح دەڵێت کاسبکاران رێگر دەبن لە هەر بڕیارێکی لەو جۆرە، بەڵام دکتۆر سەروەر عارف ستار، بەڕێوەبەری کردە پزیشکییەکانی سلێمانی، بە (رووداو)ی گوت "دەتوانین بە گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ و کۆمەڵەی کاسبکاران رێگاچارەیەک بدۆزینەوەو ناوچەی سەلامەتی ژینگە دروستبکەین".

د.ساڵح نەجیب، مامۆستای زانکۆ، هۆشداری دەدات لە سەرهەڵدانی کارەساتێکی ژینگەیی. ئەو مامۆستایە کە پسپۆڕییەکەی لە بواری پیسبوونی ژینگەدایە، دەڵێت "ناهاوسەنگی دروستبووە لە بڕی ئۆکسجینی بەرهەمهاتوو لەگەڵ بڕی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنی دەرچوو، بەشێوەیەک لە هەندێک جێگای شاری سلێمانیدا ئاستی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن دەگاتە 700ppm، لە کاتێکدا بەپێی پێوەرە جیهانییەکان لە شوێنی ژیانی مرۆڤدا دەبێت ڕێژەی ئاسایی ئەو غازە 394ppm بێت". بەپێی قسەی ئەو پزیشکە، دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە ڕێژەی 50% لە ڕێژەی ئاسایی زیادی کردووە.

دکتۆر سەروەر عارف دەڵێت بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی دەتوانێت رێگە بە چوونە ناوەوەی هەندێک ئۆتۆمبێل بۆ ناو شار نەدات کە زیانی ژینگەییان هەیە.

ئەو سیستەمە ئێستا لە ئەورووپا پەیڕەو دەکرێت و لە سێ جۆر لەزگە کە پاش پشکنین لە ئۆتۆمبیل دەدرێت، تەنیا ئەو ئۆتۆمبیلانە دەتوانن بچنە ناو شارەوە کە لەزگەی سەوزیان هەیە. لە شارێکی وەک ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد، سەرەڕای ئەو لەزگەیەش، هەر ئۆتۆمبیلێک بیەوێت بچێتە سەنتەری شار دەبێت پارە بدات.

بەپێی ئەو توێژینەوانەی د.ساڵح نەجیب کردوویەتی، هەموو مرۆڤێک بۆ هەناسەدان پێویستی بە 18 کیلۆگرام هەوا هەیە و ئەوەش دەکاتە 4 کیلۆگرام ئۆکسجینی رۆژانە، بەڵام لە سەنتەری شاردا قەرەباڵخی هەیە و بەوهۆیەوە ئۆتۆمبێلەکان بە هێواشی گوزەر دەکەن، بەوەش دووکەڵەکەیان زیاتر زیانبەخش دەبێت، بە تایبەتی کاریگەری خراپی لەسەر کۆئەندامی هەناسەدانی منداڵان دەبێت.

ئەمین ساڵح دەڵێت "ئەگەر ئەو پلانە جێبەجێ بکرێت، هەنگاوێک دەبێت بۆ ئەوەی شەقامەکانی مەولەوی و پیرەمێرد و گۆران و کاوە کە سەنتەرەکەیان بەردەرکی سەرای سلێمانییە، وەک شارەکانی ئەورووپا بکرێنە ناوەندی دانیشتنی هاووڵاتیان و هاتوچۆی ئۆتۆمبێل تێیاندا قەدەخە بکرێت.

لە زۆربەی شارەکانی ئەورووپادا، ناوچەی پاراستنی ژینگە هەیە، پارێزگاری نوێی لەندەن، بۆ رێگرتن لە زیانگەیشتن بە هاووڵاتیانی شارەکە بە دووکەڵی پیس، پێشنیازی کردووە ناوچەی زیاتری پاراستنی ژینگە دابینبکرێت و ئۆتۆمبێل نەچێتە ئەو جێگایانەی کە چڕی هاووڵاتیانی تێدا زۆرە.

ئەمین ساڵح، بەڕێوەبەری راگەیاندنی هاتوچۆی سلێمانی دەڵێت "کاتێک ئێمە وەڵامی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستیمان دایەوە، دکتۆر میران، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی دڵگران بوو".

بەپێی ئامارێکی نەخۆشخانەی هیوای شاری سلێمانی کە تایبەتە بە نەخۆشی شێرپەنجە، لە ماوەی پێنج مانگی رابردوودا هەزار و 156 نەخۆشی شێرپەنجە لەو نەخۆشخانەیە تۆمار کراوە. ئەو نەخۆشخانەیە کە لە ساڵی 2003 کراوەتەوە پێشوازی لە 12 هەزار کەس کردووە کە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بوونە.

لە شارەکانی هەرێمی کوردستاندا رێژەیەکی کەمی سەوزایی هەیە، بەرامبەر بەوەش دەیان هەزار مولیدەو سەتان هەزار ئۆتۆمبێل رۆژانە غازی ژەهراوی دەکەنە هەواوە، بۆ دابینکردنی ئۆکسجینی تەنیا یەک ئۆتۆمبێلیش نزیکەی 3 درەخت پێویستە.



# قەڵادزێ چوار ساڵە چاوەڕێی نەخۆشخانەیەکی 100 قەرەوێڵەییە



کارمەندێکی تەندروستی: لە نەخۆشخانەی قەڵادزێ چایخانە و تەوالێت لەناو یەکدان

**فەرمان چۆمانی**
**رووداو- قەڵادزێ**

ماوەی چوار ساڵە هاووڵاتیان و کارمەندانی تەندروستی قەڵادزێ چاوەڕێی کردنەوەی نەخۆشخانەیەکی 100 قەرەوێڵەیی دەکەن کە دوو ساڵە کارەکانی تەواو بووە، بەڵام تاوەکو ئێستا ئامێری بۆ دابین نەکراوە، بەرپرسێکی تەندروستیش لە ناوچەکە دەڵێت هێنانی ئامێر و کەلوپەلەکان 150 رۆژی پێویستە.

عەبدولڕەحمان هەڵشۆیی، کارمەندی تەندروستی لە قەڵادزێ بە (رووداو)ی راگەیاند "ماوەی 2 ساڵە بینای نەخۆشخانەی 100 قەرەوێڵەیی تەواو بووە و نەکراوەتەوە". هەڵشۆیی پێیوایە ئەو نەخۆشخانەیە بایەخی زۆری بۆ هاووڵاتیان هەیە "چونکە نەخۆشخانە و بنکە تەندروستیەکانی قەڵادزێ بۆ ئەوە ناشێن نەخۆش رووی تێبکەن، بۆ نموونە بەشی منداڵبوون تا بڵێی پیسە، ئەوەش کاریگەری خراپی هەیە لەسەر دەروونی نەخۆشەکان".

بەبڕوای ئەو کارمەندەی تەندروستی هۆکاری دواکەوتنی نەخۆشخانەکە دەگەڕێتەوە بۆ "کەمتەرخەمی" کاربەدەستانی ئیداری و تەندروستی ناوچەکە "چونکە ئەوان باکیان نییە خەڵک گرفتی بۆ دروست دەبێت یاخود نا، ئەوان بۆ نەخۆشی زۆر ئاسایی دەچنە دەرەوەی وڵات".

سروود سعود، 20 ساڵ، ئەو کاتەی بۆ (رووداو) قسەی دەکرد دوو دارشەقی بە دەستەوە بوو، دەیویست ئەشیعە (تیشک) بگرێت بۆ قاچی، گوتی "تەواونەبوونی ئەم نەخۆشخانەیە کێشەی بۆ هاووڵاتیان دروستکردووە، من پێویستم بە تیشکە و لەبەرئەوەی وەرەقەی ئیحالەم پێ نییە دەڵێن ناتوانین بۆت بگرین، بەڵام ئەگەر نەخۆشخانەکە بکرێتەوە ئەو گرفتانەمان نامێنێ".

ئەو نەخۆشخانەیە لە 2009/7/21 بەردی بناخەی دانراوە و بڕی 8 ملیۆن و 100 هەزار و 460 دۆلاری تێچووە، ماوەی پرۆژەکەش 600 رۆژە. بەڵام تائێستا نەخۆشخانەکە ئامێر و کەلوپەلی بۆ دابین نەکراوە، زۆربەی بنکە تەندروستییەکان و نەخۆشخانەکانی ناوچەکەش لە ساڵی 1992 دروستکراون و ناتوانن پێشوازی لە نەخۆشێکی زۆر بکەن.

محەممەد عەبدوڵڵا، هاوسەرە نەخۆشەکەی هێنابوو بۆ نەخۆشخانەی قەڵادزێ، ئەو گوتی "هاووڵاتیان چاوەڕوانی پرۆژەن لە حکومەت و دەیانەوێت زوو پرۆژەکان جێبەجێ ببن، خەڵکی پشدەر پێویستیان بەو نەخۆشخانە 100 قەرەوێڵەییە هەیە".

یەحیا قەڵادزەیی کارمەندی تەندروستی پێیوایە "تەواونەبوونی نەخۆشخانەکە گرفتی زۆر گەورەی دروستکردووە بۆ کارمەندان و نەخۆش، شوێنی تەواری و منداڵبوون زۆر خراپە، لە نەخۆشخانەی قەڵادزێ چایخانە لە ناو تەوالێتدایە کە لە هیچ شوێنێکی دنیا شتی وا روونادات". بەپێی گوتەی یەحیا "ئەو نەخۆشخانەیە بە کەموکوڕی وەرگیراوە و لە ئێستاوە کاشییەکانی لە دیوار و زەوییەکەی بوونەتەوەو و باڵەخانەکەی ئاو دەدات".

عوسمان محەممەد، لێپرسراوی کارگێڕی نەخۆشخانەی گشتی قەڵادزێ رەتیکردەوە کەمتەرخەمی لەوان بێت و بە (رووداو)ی گوت "ئەم نەخۆشخانەیە بیناکەی تەواو بووە و بە کردنەوەی تەواوی گرفتەکان چارەسەر دەکات، چونکە زۆر گەورەیە و بیناکانی ئێستامان ساڵی 1992 دروستکراون و بۆ ئێستا کەمە".

عوسمان گوتیشی "هۆکاری دواکەوتنی نەخۆشخانەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئامێرە پزیشکیەکانی ماون و پێشتر هیچ کۆمپانیایەک تەندەری هێنانی ئامێرەکانی وەرنەگرتووە، چونکە ئامێرەکان زۆرن و لە چەند وڵاتێکن، ئێستاش کۆمپانیایەک وەریگرتووە، بەڵام هێنانی کەلوپەلەکان پێویستیان بە 150 رۆژ هەیە".

بەهۆی خراپ گواستنەوە و هەڵگرتنی خۆراک

# چاودێری تەندروستی لە هەولێر 148 شوێنی سزاداوە

**رەنجە جەمال**
**رووداو- هەولێر**

چەندین جۆری خواردن و خواردنەوە لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان، چەندین کاژێر لە رۆژهەڵهاتنەوە تا رۆژئاوابوون، تیشکی خۆر لێیان دەدات، لە کاتێکدا لەسەر بەرگی زۆربەیان نووسراوە لە شوێنی سارد هەڵبگیرێن.

ترسی هاووڵاتیان تەنیا لەوە نییە کە تیشکی خۆر ئەو خواردن و خواردنەوانە تێکدەدات، بەڵکو گومانیان لە سەلامەتی گواستنەوەی ئەو خۆراکانەش هەیە، چونکە ئەو ئۆتۆمبێلانەی خۆراکیان پێدەگوازرێتەوە، ساردکەرەوەیان تێدا نییەو رەچاوی پلەی گەرمی ناکەن.

محەممەد رەحمان، کاسبکار لە بازاڕی شێخەڵڵا، دەزانێت بەپێی رێنماییە تەندروستییەکان نابێت ئەو کەلوپەلە خۆراکیانە لەبەر تیشکی خۆر دابنرێن. بەڵام ئەو کە کاری کۆفرۆشی دەکات لەو بازاڕە، دەڵێت لەوە ترسناکتر ئەو ئۆتۆمبێلانەن کە ئەو کەلوپەلانە دەگوازنەوە "چونکە لە ناو ئۆتۆمبێلەکان رەچاوی پلەی گەرمی نەکراوە و رەنگە هەندێک لەو خۆراکانە بەهۆی بەرزی پلەی گەرما تا دەگەنە دووکان و مینی مارکێتەکان تێکبچن".

ئەو کەلوپەلانە زیاتر لە بازاڕە میللییەکان و لە مینی مارکێتی کۆڵانەکان لەبەر تیشکی خۆر دادەندرێن. بەپێی سەرچاوە پزیشکی و کیمیاییەکان، هەندێک خۆراکی وەک رۆنی خواردن دەگۆڕدرێن بۆ ماددەی زیانبەخش، لە هەندێک سەرچاوەدا ئاماژە بەوەشکراوە ئەگەر رۆنی خۆراک بە شێوەیەکی درێژخایەن لەبەر تیشکی خۆر دابنرێت ئەوا دەبێت وەک ماددەیەک کە مرۆڤ تووشی شێرپەنجە دەکات مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

ئەو خۆراکانەشی کە هێلکەو شیرەمەنییان تێدایە، بە دانانیان لەبەر تیشکی خۆر تێکدەچن، هەروەها خۆراکە بەستووەکان دەبێت هەر بە بەستوویی بمێننەوە تا ئەو کاتەی لێدەنرێن یان دەخورێن، بە خاوبوونەوەو دووبارە بەستنەوەیان زیانیان لێدەکەوێت، تەنانەت دانانی بوتڵی ئاویش لەبەر تیشکی خۆر زیانبەخشە، هەر بۆیە لەسەر بوتڵەکان دەنووسرێت، نابێت راستەوخۆ تیشکی خۆریان بەربکەوێت.

کاوە مەجید، کە خواردنەوەکان بە کۆ دەفرۆشێ، رەتیکردەوە دانانی ئەو کەلوپەلانە لەبەر تیشکی خۆر کاریگەری خراپی هەبێ و گوتی "ئێمە رێنماییە تەندروستییەکان جێبەجێدەکەین، بەڵام ئەو خواردنەوانە رۆژێک یان دوو رۆژ دەمێننەوە و دەفرۆشرێن، زیانێکی وای نییە".

رۆژانە لە هەرێمی کوردستان بە دەیان ئۆتۆمبێلی گەورە و بچووکی بارهەڵگر و بۆکس فریز دەبیندرێن کە خواردن و خواردنەوە دەگوازنەوە.

رەشوان یاسین، کە نوێنەری یەکێک لە کۆمپانیاکانە و بەرهەمی کۆمپانیاکە دابەش دەکات، دەڵێت ئەوان زیاتر خواردنە وشکەکان دەگوازنەوە کە رێگەی پێدراوە بە ئۆتۆمبێلی ئاسایی بگوازرێتەوە، بەڵام گوتیشی "لە کۆمپانیاکەمان داوامان لێدەکرێت لە کاتی گواستنەوەی کەلوپەل رەچاوی رێنمایی تەندروستی بکەین، بە تایبەتی گواستنەوەی خواردنی چەور و بەستوو".

بەپێی رێنمایی تەندروستی، ئەو ئۆتۆمبێلە بۆکس فریزانەی گۆشتی سوور و بەستوو دەگوازنەوە دەبێت پلەی گەرمییان لە (18-) کەمتر نەبێت، بۆ بەرهەمە شیرەمەنییەکانیش دەبێت لە نێوان سفر بۆ 7 پلەی سەدی بێت، هەروەها بۆ چیپس و خواردنی لە قوتونراو و خواردنەوەکان نابێ پلەی گەرمی نێو بۆکس فریزەکان لە 25 پلەی سەدی بەرزتر بێت.

پۆلس یوسف، کارمەندی تیمەکانی چاودێری لە بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی هەولێر رایگەیاند "لە هەموو دەروازەکان هەر خواردن و خواردنەوەیەک بەدەربێت لە رێنماییەکانی ئێمە ناهێڵدرێت بێتە ناو هەرێمی کوردستان، بە هەمان شێوە لە ناوخۆش هەمان رێنمایی پەیڕەو دەکرێت".

ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە لەماوەی 4 مانگی رابردوودا 17 جار تیمەکانیان دەرچوون و سەردانی زۆربەی رێستورانت و شوێنە بازرگانییەکان و مارکێت و دووکانەکانیان کردووە "لەو ماوەیەدا 148 شوێن سزادراون و داخراون کە پابەند نەبوون بە رێنماییە تەندروستییەکان، بەشێکیشیان ئەو کۆمپانیایانەن کە خواردن و خواردنەوە بە شێوەیەکی تەندروست ناگوازنەوە".



د.سەعید پیرموراد، شارەزا لە یاسای تاوانە نێودەوڵەتییەکان بۆ (رووداو):

# دادگایی سەدام حوسێن ناشەرعی بـ

د.سەعید پیرموراد، کە دکتۆراکەی لەبارەی یاسای تاوانە نێودەوڵەتیەکانە، لەو هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) باس لە دادگایی سەدام حوسێن، سەرۆکی رژێمی پێشووی عێراق دەکات و دەڵێت "ئەو دادگایەی بۆ دادگایی سەدام حوسێن دامەزرا، بەپێی رێککەوتننامەی جنێف و پەیماننامەی لاهای، ناشەرعی بوو... ئەوەشی لەسەر بەتاڵ بنیاتنراوە بەتاڵە".

هەڤپەیڤین: رەنج سەنگاوی



## ئەگەر مالیکی لە عێراق کۆمەڵکوژی بکات، یاسایەک نییە دادگایی بکات

## دادوەرانی عێراق ئامرازێک بوون بە دەست حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان، کە هاتنە سەر حوکم

## دادوەرانی دادگایی سەدام پیشەیی نەبوون

## داواکاری گشتی پەکیکەوتووە، لە ژوورەوە دانیشتووە و چا دەخواتەوە

**رووداو: شەرعییەت و ناشەرعییەتی دادگاییکردنێک بە چی دەپێورێ؟**

**د.سەعید پیرموراد:** هەر دادگایەکی نیشتمانی پێویستی بە یاسایەکی نیشتمانی هەیە، ئەو دادگایە پشت بەو یاسایە دەبەستێ، بەبێ یاسا دادگا شەرعییەتی نییە. هەندێکجار تۆ دادگایەک دادەنێی بە پشتبەستن بە یاسا، بەڵام رەنگە شەرعی نەبێت، وەک دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق.

**رووداو: ئەو دادگایەی سەدامی لێ دادگایی کرا شەرعی نەبوو؟**

**د.سەعید پیرموراد:** شەرعی نەبوو، چونکە بەپێی دەستووری عێراق نابێت دادگای تایبەتی و ئیستسنائی دابمەزرێت.

**رووداو: کەواتە بەپێی دەستوور دادگاییکردنی سەدام شەرعی بوو یان نا؟**

**د.سەعید پیرموراد:** نەک بەپێی دەستوور، تەنانەت بەپێی یاسای نێودەوڵەتیش دادگاییکردنەکە شەرعی نەبوو. چونکە یاسای دادگاکە لەلایەن پۆل بریمەر، دەسەڵاتی کاتی داگیرکەری عێراق دانرا کە یاسای ژمارە یەک بوو لە ساڵی 2003. دەسەڵاتی داگیرکەر، بەگوێرەی رێککەوتننامەی جنێف و پەیماننامەی لاهای بۆیان نییە یاسا دابنێن یان یاساکان بگۆڕن. مادەی 64 لە رێککەوتننامەی جنێڤ دەڵێت "دەسەڵاتی داگیرکەر، مافی گۆڕینی یاسای نییە لە وڵاتی داگیرکراو، تەنیا لە حاڵەتێکدا کە یاساکە پێویست بوو بۆ پاراستنی گیانی سەربازانی داگیرکەر". بۆ نموونە یاسایەک دەربکەی کە بڵێت دەبێ دوو کیلۆمەتر لە سەربازانی ئەمریکی دوور بیت، ئەو یاسایە ئاساییە، بۆ ئەوەیە مەترسی لەسەر سەربازانی ئەمریکی دروست نەبێ.

**رووداو: کەسێکی وەک حاکم رزگار بانگەشەی پاراستنی مافی مرۆڤ دەکات، بەڵام کەوتووەتە نێو دادگایەک، کە بەپێی قسەی تۆ و رێککەوتننامەی جنێف، ئەو دادگایە لە جەوهەردا شەرعی نییە، کەواتە ئەوەی لەسەر بەتاڵ بنیات نراوە، بەتاڵە؟**

**د.سەعید پیرموراد:** بەڵێ، ئەوەی لەسەر بنەمای بەتاڵ بنیاتنراوە، بەتاڵە.

**رووداو: تۆ چۆن داکۆکی لە ئەدای قانوونییەک دەکەی لە نێو فەزایەکی نا شەرعیدا؟**

**د.سەعید پیرموراد:** بە بڕوای من حاکم رزگار و حاکمەکانی دیکەی مەحکەمەکە باکگراوندی یاسا نێودەوڵەتییەکان نازانن. من قوتابی بووم لە کۆلیژی مافی سەدام، بە پلەی خۆم گەیشتم بەو کۆلیژە. دواتر کە زانیان برام پێشمەرگەیە ساڵێک فەسڵ کرام لە کۆلیژ. من کۆلیژی یاسام تەواو کرد و یەک شتم لەبارەی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی نەدەزانی. لە کۆلیژەکانی قانوون لە عێراق ئەو زانستە نەبوو. کە چوومە ئەڵمانیا یەکەمجار چوومە زانکۆی هانۆڤەر، پاشان ماستەرم خوێند لە زانکۆ گوتینگن، لەوێ زانیم کە یاسای تاوانی نێودەوڵەتی زانستێکی نوێیە، لەوێ بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵانە ئەو زانستەم خوێند. بەڵام قوتابی و مامۆستای زانکۆکانی عێراق وردەکاری یاساکانی تاوانی نێودەوڵەتی نازانن. نازانن رێککەوتننامەی جنێف چییە. بۆیەش نازانن کە ئەو دادگایە بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان شەرعییە یان نا.

**رووداو: واتە تۆ پێتوایە "دەسەڵاتی داگیرکەر" هەموو دەزگا دادوەرییەکانی عێراقی فریو دا؟**

**د.سەعید پیرموراد:** بەڵێ بێگومان. هەڵەی هەرە گەورەی دەسەڵاتی داگیرکەر ئەوە بوو کە پارێزەری هێنان و کردنی بە دادوەر. هیچ شارەزاییەکیان نەبوو. قازییەکان ئامرازێک بوون لە دەست حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کە هاتنە سەر حوکم. دادوەرانی دادگاییەکەی سەدام پیشەیی نەبوون. من ئێستا دیراسەیەکم ئامادەکردووە بۆ یەکێتی ئەورووپا بەناوی "دادوەری عێراق لە تەرازوودا"، ئەگەر بیخوێنیتەوە تووشی شۆکی دەروونی دەبیت. لەوێ دەبینی ئەو دەسەڵاتە گەیشتووەتە چ پلەیەکی فەسادی دارایی، بەرتیل، بێ ئاستی. ئەمەش سەرجەم دادگاکانی گرتووەتەوە.

من چاوپێکەوتنم لەگەڵ 25 دادوەر کردووە بە نهێنی. لە موسڵ لەگەڵ سێ دادوەر دانیشتم کە لە دۆسیەکانی تیرۆر کاریان کردووە، دادوەر هەبوو دەیگوت کاتێک تیرۆرستێک دەستگیر دەکرێت، دوای سێ کاژێر تەلەفۆنم بۆ دێت لە ئەمیری دەوڵەتی ئیسلامی دەڵێت ئەگەر ئەو کەسە ئازاد نەکەی لە ماوەی 24 کاژێردا دەتکوژین. ئەو دادوەرە چووەتە لای سەرۆکی دادگا و گوتوویەتی هەڕەشەم لەسەرە، ئەویش پێیگوتووە (دبر حالك)، چۆن ئەوە دەبر حال دەکرێت! کاکە ئەوە تیرۆریستە 28 کەسی کوشتووە!

**رووداو: تۆ لە دیراسەکەتدا تەنیا مەبەستت دادگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقە، یان هەرێمی کوردستانیش؟**

**د.سەعید پیرموراد:** لەگەڵ دادوەرانی موسڵ، بەغدا، ئەنبار، بەسرە قسەم کردووە، لە کوردستانیش قسەم لەگەڵ دادوەرانی سێ دادگا کردووە.

**رووداو: رەوشی دادوەری لە هەرێمی کوردستان چۆنە؟**

**د.سەعید پیرموراد:** بە بڕوای من لە ئاستی پێویست نییە؟

**رووداو: خاڵی لاوازی دادوەری لە هەرێمی کوردستان چییە؟**

**د.سەعید پیرموراد:** زۆرن، جەوهەریترینیان کاریگەری حیزبە لەسەر دادگا.

**رووداو: ئەوە قسەی گیرفانی خۆتە، یان لە دیراسەکەتدا فاکتە.**

**د.سەعید پیرموراد:** نەخێر، ئەوە دیراسەی زانستییە، من چاوپێکەوتنم لەگەڵ دوو دادوەر کردووە. تەدەخول لە کاری دادگا زۆر هەیە، بۆ نموونە سەرۆک عەشیرەت تەلەفۆنی بۆ دادوەر کردووە کە فلان کەس ئازاد بکات.

**رووداو: تۆ بە تەنیا چاوپێکەوتنت لەگەڵ دوو دادوەر کردووە، ئەو دوو دادوەرە نوێنەرایەتی سەرجەم دادوەرانی هەرێمی کوردستان دەکەن؟**

**د.سەعید پیرموراد:** نەخێر. من هەوڵم دا لەگەڵ زۆر دادوەر لە کوردستان قسە بکەم، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون قسەبکەن؟

**رووداو: کەواتە تۆ خەڵکی باشت دەستنەکەوتووە، ئەوە کاریگەری لەسەر ئەنجامی دیراسەکەت نەبوو؟**

**د.سەعید پیرموراد:** من لەگەڵ زۆر خەڵک دانیشتووم.

**رووداو: بەڵام خەڵکی ئاسایی دەتوانێ دەسەڵاتی دادوەری هەڵبسەنگێنێ؟**

**د.سەعید پیرموراد:** بەڵێ، کاتێک تۆ کێشەت هەبێ لە دادگا، ئەدای قازی بۆ من گرنگە وەکو هاووڵاتییەک.

**رووداو: بەڵام قەت تاوانبار کە بڕیاری دادوەر لە بەرژوەندی ئەو نییە، بە باشی باسی دادوەر ناکات؟**

**د.سەعید پیرموراد:** بەڵام من بە تەنیا پشت بە قسەی تاوانبار نابەستم، من شرۆڤە دەکەم، من لەگەڵ کۆمەڵێک رۆژنامەنووس دانیشتووم، لەگەڵ خەڵکی سیاسی دانیشتووم. دیراسەکەم تەنیا پشت نابەستێ بە قسەی دوو دادوەر و چەند تاوانبارێک. ئەگەر بەراوردی دادگاکانی هەرێمی کوردستان بە عێراق بکەین، جیاوازییان زۆرە. ئەدای دادگاکانی کوردستان زۆر لە دادگاکانی عێراق باشترە، بەڵام کەموکوڕی زۆر گەورەشیان تێدایە.

**رووداو: ئەو فلتەرانەی کە تاوانباری پێدا دەڕوات، تا چەندە لە رووی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەی تاوان، دواکەوتنی رێوشوێنەکانی سەلماندنی تاوانباری و نەسەلماندنی، تاچەند میکانیزمەکە زانستییە؟**

**د.سەعید پیرموراد:** زانستی نییە. کێشەکە ئەوەیە لە هەموو جیهاندا دەسەڵاتی دادوەری پۆلیسی تایبەت بە خۆی هەیە. کە پێیدەگوترێ پۆلیسی دادوەری، ئەو پۆلیسە فەرمان لە دادگا وەردەگرێت نەک وەزارەتی ناوخۆ. زۆر گرنگە ئەو کەسەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ تۆمەتبار دەکات سەر بە دادگا بێ. چونکە ئەگەر سەر

## دادوەری عێراقی لەڕووی رۆشنبیری و زانستی یاسایی دواکەوتووە

## ئەو یاسایەی سەدامی پێ دادگایی کرا دزرا و دەستکاری کرا

## ئەدای حاکم رزگار وەک ئەدای دادوەرانی دادگای لاهایە

# ـوو

## ئەگەر دۆسیەی ئەنفال لە دادگای لاهای بووایە، کەسوکاری ئەنفالکراوان هەریەکەیان 100–200 هەزار دۆلار قەرەبووی وەردەگرت

به وەزارەتی ناوخۆ بێت رەنگە بە تەمبێکردن، ئیفادەی راستەقینەی تۆمەتبار بگۆڕێ. پۆلیسی کوردستان و عێراق لەرووی زانستییەوە ئامادە نییە بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ دۆسیەکانی دادگا. دواتر دەزگای داواکاری گشتی زۆر گرنگە لە هەموو جیهاندا. لە عێراق پەکیکەوتووە، لە ژووری خۆی دانیشتووە و چا دەخواتەوە.

**رووداو: داواکاری گشتی لە عێراق وایە، یان لە کوردستانیش؟**

**د.سەعید پیرموراد:** داواکاری گشتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان یەک یاسایە. لەلایەنی جێبەجێکاریش یەک شتە. تۆ برۆ لە دادوەرانی داواکاری گشتی لە هەولێر و دهۆک و لە هەر شارێکی دیکە بپرسە: تۆ چ دەکەی؟

**رووداو: تۆ ئەگەر کەسێکی نزیکت تاوانێک بکات، هەست دەکەی ئەو کەسە لە دەستێکی ئەمیندایە لەو وڵاتە؟**

**د.سەعید پیرموراد:** بۆ ئەوەی بتوانی دادوەری دابین بکەی، دەبێ گۆڕانکاری زۆر گەورە لە دەسەڵاتی دادوەری بکەی.

**رووداو: چی وای لێکردووی کە هەست نەکەی دەسەڵاتی دادوەری لە دەستێکی ئەمیندایە؟**

**د.سەعید پیرموراد:** یەکەم: تۆ تۆمەتباری، من تۆم تەسلیم کردووە، من وەکو دەزگای پۆلیس دەتوانم هەندێک بەڵگە بگۆڕم لە بەرژەوەندی تۆ، یان لە دژی تۆ. دووەم: لە رووی زانستییەوە دەزگای پۆلیس ئامادە نییە بۆ لێکۆڵینەوە.

**رووداو: لە رووی توانای مرۆییەوە یان تەکنیکییەوە؟**

**د.سەعید پیرموراد:** لە رووی تەکنیکی و لۆجستی. من لە سلێمانی لەگەڵ برادەرێک دانیشتم، ئەو کەسە پێیگوتم کە دۆسیەیەکی لەبەردەست بووە، داوایان لێکردووە کە بەڵگەیەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی دۆسیەکە دابخات. دەڵێت ئەگەر ئەو فەرمانە جێبەجێ نەکەم تووشی کێشە دەبم و لەسەر کارەکەم لادەدرێم. دادوەر نازانێ چ روویداوە، ئەو ئەسیری دەستی لێکۆڵینەوەی پۆلیسە. من دادوەرم تەنیا ئەو پەڕاوە دەبینم کە دێتە بەردەستم.

**رووداو: ئەی رۆشنبیری یاسایی دادوەر لەو وڵاتە ئەوەندە پرۆفیشناڵە؟ کاتێک دۆسیەیەک بە هەڵە هاتووەتە بەردەستی دادوەر، دادگای تەمیز ئەوەندە قاڵە هەڵەکان دەستنیشان بکات؟**

**د.سەعید پیرموراد:** من لەگەڵ زۆر دادوەر و لێکۆڵەرو پارێزەر دانیشتووم، زۆریان پێویستیان بەوە هەیە زانستی یاسا بخوێنن. بەهۆی شەڕ و کێشەکانەوە دادوەری عێراقی لە رووی رۆشنبیری و زانستی یاسایی دواکەوتووە.

**رووداو: ئەوە تەنیا بۆ عێراق وایە، یان بۆ وڵاتانی عەرەبیش؟**

**د.سەعید پیرموراد:** من لە دوو کۆنگرە لە میسر ئامادە بوومە، دادوەرانی میسر لە رووی

## بڕیاری جینۆسایدی کورد لەبەر ئەوەی لە دادگایەکی عێراقی دەرچووە لە دەرەوە سەنگی نییە

بونیادی کەسایەتی و یاسایی زۆر تەواون.

**رووداو: دادوەرانی ئێمە کێشە لە بونیادی کەسایەتیاندایە یان یاسایی؟**

**د.سەعید پیرموراد:** هەردووکیان. دادوەر حیمایەی نییە. حیمایەی یاسایی نییە بۆ ئەو دادوەرە کاتێک بڕیارێک دەردەکات لە دەسەڵات نەترسێت. وەکو دادگای دەستووری میسر، ناترسێت لە مورسی، یان ئەوەی لە دوای مورسی دێت. چونکە لەوێ قەناعەت و چەسپێندراوی دەستووری هەیە، دادوەر ئەگەر ژیانی خۆی لەسەر دانابێ تەنازول لەو چەسپێندراوانە ناکات، بۆچی؟ چونکە یاسا حەسانەی داوەتە دادوەر. حاکمی ئێمە دیلی دەستی دەسەڵاتە.

**رووداو: تۆ گوتت دادگایی سەدام شەرعی نەبوو، چونکە بەپێی رێککەوتنامەی جنێف و پەیماننامەی لاهای دەسەڵاتی داگیرکەر بۆی نییە دادگای تایبەت و یاسا دابنێ. بەڵام لەساڵی 2005 پەرلەمانی عێراق یاسای دەرکرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسای ژمارە یەکی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان، کە تایبەت بوو بە دادگایی سەدام و داروودەستەکەی؟**

**د.سەعید پیرموراد:** ئەگەر ئەو یاسایەی لە 2005 لەپەرلەمان دەرچوو بیگوتبا هەموو ئەو شتانەی لە دوای 2003 کراون لەو دادگایە بەتاڵن، ئەوە دادگاییەکە شەرعی دەبوو. بەس کەموکورپییەکی کارەساتبار لەو یاسایەدا هەبوو.

ئەو قانوونە پەرلەمانی عێراق دەریکرد، ناردی بۆ سەرۆکایەتی کۆمار پەسەندی بکات، بەڵام ئەو قانوونە لە رێگادا دزرا.

**رووداو: کێ دزی؟**

**د.سەعید پیرموراد:** بۆ خۆت پرسیار بکە، کێ ئەوکات دەسەڵاتدار بوو؟

**رووداو: ئامانج لەو دزییە چی بوو؟**

**د.سەعید پیرموراد:** گۆڕانکاری تێدا کرا، ماددەیەکی بۆ زیاد کرا، گۆڕانکاری لە دوو ماددەشدا کرا، ئینجا بردرا بۆ سەرۆکایەتی کۆمار. بۆیە پێویستە ئەو یاسایە بگەڕێتەوە پەرلەمان و ئەو گۆڕانکاریانەی تێیدا کراون چاک بکرێنەوە.

**رووداو: ئەی بۆچی پەرلەمانتاران بێدەنگ بوون؟**

**د.سەعید پیرموراد:** ئەوان هەتاوەکو ئێستا ئەوە نازانن.

**رووداو: باشە ئەوە کەی لۆژیکە، وەک خۆت باست کرد ماددەیەک زیاد کراوە، دوو ماددە گۆڕدراون چۆن پەرلەمانتاران هەستیان پێنەکردووە؟**

**د.سەعید پیرموراد:** گۆڕانکارییەکە زۆر مەترسیدارە، پرسیارەکە ئەوەیە ئەوانەی گەیشتوونەتە پەرلەمان چۆن گەیشتوون، هەموویان بە واسیتەو پەیوەندی شەخسی گەیشتوون و کەسی پیشەیی نین. ساڵێک لەمەوبەر ساڵح موتڵەگ کە ئێستا جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقە هاتە ئەڵمانیا و پەیوەندی پێوەکردم بۆ ئەوەی سکاڵایەک لەسەر ئەمریکا تۆمار بکات. ئەو پێیگوتم شتێکی لەو بابەتە روویداوە و یاساکە دزراوە. ئەو گوتی رۆژنامەنووسێک وتارێکی لەسەر ئەمە نووسیوە. بەڵام بیری نەبوو کەی و لە کوێ بڵاوبووەتەوە.

**رووداو: ئێمە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق دوو دادوەری کوردمان هەبوو (رەئوف رەشید و رزگار ئەمین) ئەگەر هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەی، ئەدای کامیان یاسایی و مرۆیی مۆدێرن بوو؟**

**د.سەعید پیرموراد:** یاسا پەیوەندی بەلایەنی مرۆییەوە نییە. دادوەر رزگار ئەمین، بە بڕوای من ئەدای دەگەیشتە ئاستی دادوەرانی دادگای باڵای تاوانی نێودەوڵەتی. من لە شەش دانیشتنی دادگای باڵای تاوانی نێودەوڵەتی ئامادە بووم، ئەو کاتەی سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ، سەرۆکی پێشووی سربەکان دادگایی دەکرا. چاودێریی ئەدای دادوەری نێودەوڵەتیم دەکرد، چۆن لەگەڵ تۆمەتبار هەڵسوکەوت دەکات، ئەوان هەڵسوکەوت لەگەڵ دۆسیە دەکەن نەک شەخس. بە بڕوای من هەقە کاک رزگار ئێستا یەکێک بێت لە دادوەرانی دادگای باڵای تاوانی نێودەوڵەتی. لە رووی رۆشنبیری یاساییەوە زۆر پێشکەوتوو بوو، 100% پیشەیییە، موستەهەقە نوێنەرایەتی عێراق بکات لە دادگای باڵای تاوانی نێودەوڵەتی. بەڵام بەداخەوە چەندین رووداوی گەورە بەسەر عێراقدا هاتوون، هەتاوەکو ئێستا رێککەوتننامەی رۆمای واژۆ نەکردووە بۆ ئەوەی ببێتە ئەندام لەو دادگایە.

**رووداو: بۆچی عێراق ئەو رێککەوتننامەیەی واژۆ نەکردووە؟**

**د.سەعید پیرموراد:** لە نوری مالیکی بپرسە، کورد و ئۆپۆزیسیۆنی عێراق پێشتر دەیانگوت ئێمە قوربانی کۆمەڵکوژی سەدامین. ئێستا ئەگەر مالیکی لە عێراق کۆمەڵکوژی بکات، یاسایەک نییە دادگایی بکات. ئەگەر عێراق ئەو رێککەوتننامەیە واژۆ بکات، هەر کەسێک لە بەسرەوە تاوەکو زاخۆ کۆمەڵکوژی بکات، تۆ وەکو هاووڵاتییەک دەتوانی لە دادگای باڵای تاوانی نێودەوڵەتی سکاڵای لەسەر تۆمار بکەی. بەس ئەو دادگایەی کە سەدامی لێ دادگایی کرا دادگایەکی تایبەت بوو، نەک تایبەتمەند، ئێستا دادگاکە نەما، یاساکەش نەما. ئێستا تۆ تاوانی کۆمەڵکوژی بکەی هیچ دادگایەک نییە تۆ دادگایی بکات.

**رووداو: بوون بە ئەندام لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ئارەزوومەندانەیە؟**

**د.سەعید پیرموراد:** بەڵێ ئارەزوومەندانەیە. هەر دەوڵەتێک شارستانی و دیموکراتی بێ، ئەندامە لەو دادگایە، ئەگەر ئێمە ئەندامی ئەو دادگایە بووینایە، ئێستا پێویست بوو بەرپرسانی سەربازی ئەمریکی لە زیندان بوونایە. چەندین

## دادوەرێک لە دادگای باڵای تاوانی نێودەوڵەتی پێیگوتم تاکە زەرەرمەند لە دادگاییکردنی سەدام گەلی کورد بوو

## ناوی 180 کەسیان پێداین کە لە عێراق تاوانی جەنگیان ئەنجامداوە و کوردیشی تێدابوو

## دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق شەرعی نەبوو

تاوانی جەنگ لە عێراق روویانداوە، کەس دادگایی ناکرێت و کەسیش قسە ناکات. مالیکی تاوانی جەنگی ئەنجامداوە، تاقمی موقتەدا سەدر، فەیلەقی بەدر تاوانی جەنگیان ئەنجامداوە. ئێمە دەزگایەکمان هەیە بەناوی دەزگای شارەزایان و پسپۆڕانی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی. چوار ساڵ لەمەوبەر رێکخراوێکی مافی مرۆڤی جیهانی، ناوی 180 کەسی پێداین کە لە عێراق تاوانی جەنگیان ئەنجامداوە و کوردیشی تێدابوو. ئەوان گوتیان دەمانەوێ دیراسەیەکمان بۆ بکەن کە ئایا دەتوانین ئەو کەسانە لەسەر تاوانی جەنگ و کۆمەڵکوژی بدەینە دادگا؟ سەرۆکی دەزگاکەمان لەگەڵ ئەو رێکخراوەی مافی مرۆڤ رێکنەکەوتن لەسەر مەسەلەی پارە. دەزگاکەمان داوای سێ ملیۆن دۆلاری کرد، ئەوان گوتیان 1.5 ملیۆن دۆلارتان دەدەینێ. مەلەفەکە 48 هەزار لاپەڕە بوو.

**رووداو: هەرێمی کوردستان دەتوانێ ببێتە ئەندام لە دادگای باڵای تاوانی نێودەوڵەتی؟**

**د.سەعید پیرموراد:** تەنیا دەوڵەت دەتوانێ.

**رووداو: بەڵام ئەوە خاڵێکی لاواز نییە لە یاسای تاوانی نێودەوڵەتی؟**

**د.سەعید پیرموراد:** هەرێمەکان ناتوانن، بەڵام بۆ نموونە ئەگەر عێراق وەکو ئەڵمانیا کۆنفیدراڵی بووایە، هەرێمی کوردستان دەیتوانی ببێتە ئەندام. ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان ئێستاش دەتوانین لە پەرلەمان پرۆژە یاسایەک ئامادە بکەین. لەگەڵ زۆر لە پەرلەمانتاران قسەم کردووە لەسەر ئەو بابەتە، بەڵام لەو بابەتە تێناگەن یان نایانەوێ تێبگەن. ئێمە ئێستا پرۆژە یاسایەک لەو بارەیەوە بۆ دەوڵەتێکی عەرەبی ئامادە دەکەین. هەرێمی کوردستانیش دەتوانێ لێژنەیەکی پسپۆڕ لە یاسای تاوانی نێودەوڵەتی ببینێ، کە چۆن بتوانن کەسێک تاوانی جەنگ یان کۆمەڵکوژی کرد لە دادگاکانی کوردستان دادگایی بکەن.

**رووداو: دادگاکانی کوردستان دەتوانن کەسێک لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، لە عێراق دادگایی بکەن؟**

**د.سەعید پیرموراد:** بەڵێ؟

**رووداو: ئەوکات دادگاکانی کوردستان سیفەتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی وەردەگرن؟**

**د.سەعید پیرموراد:** نەخێر. تاوانی نێودەوڵەتی سێ جۆرە: تاوانی جەنگ، کۆمەڵکوژی و تاوانی دژی مرۆڤ. ئێستا ئەڵمانیا یاسایەکی نێودەوڵەتی هەیە، بە ناوی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی ئەڵمانی، ئەگەر تۆ هاووڵاتی ئەڵمانی بیت و تاوانی جەنگ لە ئەفغانستان ئەنجامبدەی، دادگای ئەڵمانی بۆی هەیە لەسەر ئەو تاوانە دادگاییت بکات و پێویست ناکات بچێتە لاهای.

**رووداو: ئەگەر وڵاتێک ئەندام بێ لە دادگای باڵای تاوانی نێودەوڵەتی لە لاهای، وڵاتێکی دیکە تاوانی لە دژی ئەنجامدا، لاهای بەرگری لێدەکات؟**

**د.سەعید پیرموراد:** بەڵێ. لە دوو حاڵەت لاهای دێتە دەنگ، ئەگەر تۆ ئەندام بیت لە لاهای تاوان دژی وڵاتێکی دیکە ئەنجامبدەی. یان وڵاتێک تاوان لە دژی تۆ ئەنجام بدات و تۆش ئەندام بیت لە دادگای لاهای. حاڵەتی سێیەمیش ئەنجوومەنی ئاسایش دەسەڵاتی هەیە، بۆ نموونە لە رواندا کۆمەڵکوژی کرا، ئەنجوومەنی ئاسایش داوای لە دادگای باڵای تاوانی نێودەوڵەتی کرد تەدەخول بکات و کردی. بۆ مەسەلەی تیرۆرکردنی رەفیق حەریری لە لوبنان، ئەنجوومەنی ئاسایش هەمان شتی کرد، ئێستا دۆسیەی حەریری لە دادگای لاهایە و لوبنانیش ئەندام نییە لەو دادگایە.

**رووداو: باشە ئەوە تەدەخولێکی سیاسی نییە، ئەو شەرعیەتەی لە کوێ هێنا ئەو تەدەخولە بکات؟ دۆسیە بۆ حەریری دەکاتەوە، بەڵام ئیسرائیل بە مووشەک لە حەماس دەدات و لێی بێدەنگ دەبێ. بۆ نموونە لەوانەیە سبەی حەسەن نەسروڵڵا، سەرۆکی حیزبوڵڵا بکوژرێت و ئەو دادگایە بێدەنگ بێ، بەڵام بۆ حەریری قسە دەکات. هەست ناکەی ئەوە تەنیا گەمەیەکی سیاسییە؟**

**د.سەعید پیرموراد:** بە بڕوای من گەورەترین دوژمنی دادگای باڵای تاوانی نێودەوڵەتی، ئەمریکایە. ئەو ئەندام نییە لەو دادگایە، بەردەوام دەیەوێ کۆسپ بخاتە بەردەم ئیشەکانی ئەو دادگایە. من بەتەواوی لەگەڵ ئەو بۆچوونەی تۆم، هەندێجار دادگای لاهای دەبێتە ئەداتێکی سیاسی. هەندێک دەوڵەت تاوان دەکەن دادگایی دەکەن، بەڵام چاوپۆشی لە هەندێکی دیکەیان دەکەن. بەڵام هەرچۆن بێت وجودی ئەو دادگایە زۆر گرنگە.

**رووداو: بەڵام خەڵکی عێراق لەگەڵ ئەوە نەبوون سەدام ببرێتە لاهای، متمانەیان بەو دادگایەی تۆ بە ناشەرعی ناوی دەبەی زیاتر بوو لەوەی بچێتە دادگای لاهای. تۆ چۆن شرۆڤەی ئەوە دەکەی؟**

**د.سەعید پیرموراد:** تێڕوانینی خەڵک شتێکە و یاسا شتێکی دیکەیە.

**رووداو: پێتوایە لاهای لە حاکم رزگار و حاکم رەئوف دادوەرانەتر سەدامی دادگایی دەکرد؟**

**د.سەعید پیرموراد:** لە سەتا ملیۆن، نەک تەنیا عادیلانەتر، تاوانی ئەنفال یەکێک لە تاوانە هەرە گەورەکانی کۆمەڵکوژی بوو، مافی خەڵک فەوتا. پێویست بوو لێکۆڵینەوە لەگەڵ سەدام کرابایە بۆ ئەوەی رای گشتی کوردی و عەرەبی و جیهانی بیزانیبایە چ تاوانبارێکە.

**رووداو: باشە سەدام زیرەک بوو یان دادوەری لێکۆڵینەوە توانای جوڵاندن و دەرهێنانی بەڵگەی تازەی نەبوو لەدژی سەدام و تاقمەکەی؟**

**د.سەعید پیرموراد:** نە دادوەرانی لێکۆڵینەوەو نە دادوەرانی دادگا تەواو ئامادەنەبوون بۆ ئەو تاوانە نێودەوڵەتییە، زانیاریان لەسەر تاوانی نێودەوڵەتی نەبوو.

**رووداو: ئەگەر دادوەرانی دادگای لاهای سەدامیان دادگایی بکردایە پێتوابوو بیانتوانیبایە بەڵگەی تازە و نوێ لەدژی سەدام بخەنە روو؟**

**د.سەعید پیرموراد:** بە دڵنیاییەوە، بۆ من زۆر گرنگ نییە تۆ ئەمرۆ سەدام لە سێدارە بدەی یان مانگێکی دیکە. بۆ من گرنگ بوو بزانم سەدام چۆن ئەو تاوانەی کرد، مەبەستی چ بوو، وردەکاری ئەو تاوانانە بە شێوەیەکی زانستی دیراسە بکەم، چ لایەنێکی دەرەکی دەستی لەو تاوانەدا هەبووە. کێ پاڵپشتی دەکرد. کێ چەکی کیمیایی دەدایێ؟

**رووداو: باشە تۆ پێتوایە ئەوە رێکەوت بوو کە دادوەرانی ئێمە دەچوون بەلای ئەو شتانەی تایبەتن بە دۆسیەکە و زیاتر تەرکیزیان لەسەر شتە ناوخۆییەکان بووە؟**

**د.سەعید پیرموراد:** نەخێر ئەوە رێکەوت نەبوو، دادگاکە چوارچێوەی بۆ دانراوە، مەکتەبی پەیوەندی ئەمریکییەکان هەبوو، ئەوان ئەندازیاری دادگاکە بوون. ئەوانی دیکە سەربازی

## دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق خراپترین دادگا بوو لە مێژووی عێراقدا

شەترەنج بوون. چاوەڕێی سەری مانگیان دەکرد کەی مووچە دێت. خراپترین دادگا بوو لە مێژووی عێراق، نیوەیان دز بوون، ئەوە بە شایەتی ئەمریکییەکان کە لای من باسیان کردووە، ئەوان بیرو خەیاڵیان هەر لەلای پارە و بەرژەوەندی بوو. داواکارییان لە دادگا تەنیا ماددە بووە، چۆن ئۆتۆمبێلیان بۆ دابین دەکرێت چۆن پارەیان دەدرێتێ.

**رووداو: پێتوایە ئەگەر سەدام لەلاهای دادگایی بکرایە، هەموو لایەنەکانی دۆسیەکە دەخرانە بەر لێکۆڵینەوە؟**

**د.سەعید پیرموراد:** ئێستا زیاتر لە 5 هەزار کەس لە کورد و عەرەب بەشداری تاوانەکانی سەدامیان کردووە. هەیە ئێستا بەرپرسە لە کوردستان، هەیە بەرپرسە لە عێراق.

**رووداو: ئەو رۆژانەی سەدام مومارەسەی کۆمەڵکوژی دەکرد و ئەمریکا بێدەنگ بوو، لە گەرمەی تاوانەکاندا سەدام سەرۆکی ئەنجوومەنی هاریکاری عەرەبی بوو. ئایا لەسەر جۆری ئەو پەیوەندییە، لەسەر ئەو بێدەنگییە، لە یاسادا هەیە دەڵێت ئەگەر تۆ لە تاوانێک بێدەنگ بووی، واتا تۆ شەریکی لەو تاوانە. ئایا لە دادگای لاهای**



## ئەگەر عێراق ئەندام بووایە لە لاهای ئێستا بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکی لە زیندان دەبوون

## دادوەرانی دادگایی سەدام چاوەڕێی سەری مانگیان دەکرد کەی مووچە دێت

**ئەوانە بە تاوانبار حیساب دەکران؟**

**د.سەعید پیرموراد:** لە رووی کردارییەوە تاوانباری نەدەکردن، بەڵام لە رووی ئەخلاقییەوە ناوی دەهێنان کە بێدەنگیان لەو تاوانە کردووە.

**رووداو: ئەی ئەمریکا کە زۆر پاڵپشتی سەدامی کردووە لە شەڕی سوننە دژی شیعە؟**

**د.سەعید پیرموراد:** بە بڕوای من ئەمریکا هاوبەشێکی راستەوخۆی سەدامە لەو تاوانانەی لە دوای 1991 لەدژی شیعەکان کردی؟

**رووداو: لەو دادگاییەی سەدام کورد چی دۆڕاند؟**

**د.سەعید پیرموراد:** دادوەرێک لە دادگای باڵای تاوانی نێودەوڵەتی پێیگوتم تاکە زەرەرمەند لە دادگایی سەدام ئەنفالی گەلی کورد بوو. بۆ هاووڵاتیەکی ئاسایی سەدام زوو لە سێدارە بدرێت یان نا چ جیاوازییەکی هەیە. بەڵام تۆ چەند زیانی گیانی و ماددیت بەرکەوتووە پێویستە قەرەبووت بکەمەوە.

**رووداو: کورد لە دادگایی سەدامدا دۆسیەی هەڵەبجە و ئەنفالی دۆڕاند؟**

**د.سەعید پیرموراد:** سەرۆکی لێژنەی بەرگری لە قوربانیان رۆژێک چاوپێکەوتنی هەبوو لە تەلەفزیۆنێکی کوردی، بێژەرەکە لێی پرسی چ جیاوازییەک لە نێوان تاوانی کۆمەڵکوژی و تاوانی دژی مرۆڤایەتی هەیە. باوەڕ بکە کە باسی کۆمەڵکوژی دەکرد پێناسەی تاوانی دژی مرۆڤایەتی دەکرد. باشە تۆ نەتوانی پێناسەی تاوان بکەی چۆن دەتوانی بەرگری لەوانە بکەی.

**رووداو: باشە ئەگەر لەو دادگایە بمانتوانیبایە زۆرترین پەڕاو و کۆنووس لەبارەی ئەنفال کۆبکەینەوە، یارمەتی ئێمەی دەدا لەسەر ئاستی جیهان ئەنفال بە جینۆساید بناسێندرێ؟**

**د.سەعید پیرموراد:** مادام بڕیاری دادگا دەرچوو کە کۆمەڵکوژییە، کەواتە لە رووی نێودەوڵەتیش دانپێدانراوە.

**رووداو: ئەی بۆچی وڵاتانی جیهان دانی پێدانانێن؟ ئایا لەبەر ئەوە بووە کە بڕیارەکە لە دادگایەکی نێوخۆیی تایبەت دەرچووە؟**

**د.سەعید پیرموراد:** کێشەکە ئەوەیە، ئەو بڕیارە لەبەر ئەوەی لە دادگایەکی تایبەت لە عێراق دەرچووە لە دەرەوە سەنگی نییە. ئەگەر ئەو دادگاییە لە دادگایەکی نێودەوڵەتی بووایە هەر ئەنفالکراوێک ئێستا کەسوکارەکەی بەلانیکەم 100–200 هەزار دۆلار قەرەبووی وەردەگرت. یەک قوربانی قەرەبوو نەکراوەتەوە، باشە رۆڵی پارێزەرەکان چ بوو. دەبووایە لە دادگا بڕی قەرەبووەکە دەستنیشان بکرێ. لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی هەموو قوربانیانی دۆسیەکانی کۆمەڵکوژی و تاوانی جەنگ قەرەبوویان بۆ وەردەگیرێ لەو وڵاتەی تاوانەکەی کردووە.

**رووداو: دادگاییکردنەکەی سەدام چۆن بووایە کورد قازانجی دەکرد؟**

**د.سەعید پیرموراد:** من بوومایە دەمکردە دادگایەکی تێکەڵ، وەک ئەوەی رواندا و کەمبۆدیا، دادوەری نیشتمانی و دادوەری نێودەوڵەتیم دەمج دەکرد. بەڵام ئەوە بۆ سەدام نەکرا، چونکە عێراق ئەندام نەبوو لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، هەروەها ئەمریکاش ئەوەی نەدەخواست.

**رووداو: واتە دادگای لاهای بۆی نی دۆسیە دەکات، ئەگەر بزانێ ئەمریکا تەدەخول دەکات بەلایدا ناچێت؟**

**د.سەعید پیرموراد:** نەخێر، دادگای لاهای بۆی نییە تەدەخول بکات، تەنیا لە حاڵەتێک ئەگەر ئەنجوومەنی ئاسایش داوای لێبکات. لە ساڵی 2003 مانگێک بەر لە جەنگی ئەمریکا لەدژی عێراق، کۆنفرانسێک لە ئەمریکا بەسترا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەعوەتی کردم، 21 دادوەر بووین، نزیکەی 23 رۆژ لە ئەمریکا ماینەوە، بەشداری خولێکمان کرد کە ئەگەر سەدام رووخا چی بکەین، ئەمریکییەکان لەگەڵ ئەوە بوون کە سەدام لە دادگایەکی نیشتمانی دادگایی بکرێ، دادوەرانی عێراقیش لەگەڵ ئەو بۆچوونە بوون، چونکە لە یاسای تاوانی نێودەوڵەتی و دادگای تاوانی نێودەوڵەتی نەدەگەیشتن. ئەوان هیچیان لەوبارەیەوە نەدەزانی، ئەمریکییەکان چیان بگوتبایە دەیانگوت وایە. من لەوێ لەگەڵ سیناتۆرێکی ئەمریکی گفتوگۆم کرد و گوتم ئەگەر رژێم رووخا و سەدام دەستگیر کرا، پێویستە لە دادگایەکی تێکەڵ دادگایی بکرێت. من پێش ئەوەی بچمە کۆنفرانسەکە چەند دیراسەیەکم خوێندنەوە لەسەر کۆمەڵێک دادگای نێودەوڵەتی تێکەڵ. دادوەری نیشتمانی شارەزایی لەو ژینگەیەی خۆی هەیە کە تاوانەکەی تێدا ئەنجام دراوە، دادوەری نێودەوڵەتی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی دەزانێ. پێکەوە دەتوانن بگەنە ئاستێک لە عەدالەت.

**رووداو: تۆ لایەنگری سزای لە سێدارەدانی، یان دژی؟**

**د.سەعید پیرموراد:** من بە شێوەیەکی گشتی وەکو پرەنسیپ دژی لە سێدارەدانم، بەڵام وەکو مرۆڤ لەگەڵیم. من لەگەڵ لە سێدارەدانی سەدام بووم. بەڵام دەمەوێ خاڵێکی گرنگ روون بکەمەوە، دەبووایە ئێمە بە یاساکانی سەدام، سەداممان دادگایی بکردایە. پێویستی نەدەکرد دادگایەکی نوێی بۆ دابمەزرێنین.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# عیماد ئایدۆڵ

هەرچەندە لە هونەری پێداهوڵگوتندا کۆڵم، بەڵام وەک ئەنتی مەلا مەسعودێک، دەمەوێ دەستخۆشی لە بەڕێز عیماد ئەحمەد و خانمە بەڕێزەکەی بکەم. ئامادەبوونی ئەوان، بە باوەشی گەزۆوە، لە بەرنامەی عەرەب ئایدۆڵ، وەڵامدانەوەیەکی جوانی هەموو ئەو قسە ناشرینانە بوو، کە بەڕێز مەلا مەسعود دەرهەق بە پەرواز و تەواوی بینەرانی ئەو بەرنامەیەی کرد.

وتەکانی مەلا مەسعود زۆر کەسی بێهیوا کرد، لەوەی کورد قەدری شتە جوانەکانی بزانێت، بەڵام ئەو ئامادەبوونەی بەڕێز عیماد ئەحمەد، ئەو هیوایەی بڕۆکەک ژیاندەوە.

ئەوی ماڵی لە شووشە رۆنرابێت، تاشەبەرد ناگرێتە دەرودراوسێ، بەڕێز مەلا مەسعود، ئەگەر ئەو ڤیدیۆی گەعدەکەی خۆی لە فەیسبووکدا بینیبێت، کە بەدیار تەشتێ برنج و شلەوە دانیشتووە و لەولاشەوە مەلایەک، کە جگەرەیەک بەلادەمییەوەیەتی، ئاوازی مەولایە سەڵی بۆ برنج و فاسۆڵیا دەڵێ و هانی دەرویشان دەدا گەرم سەما بکەن، چونکە فاسۆڵیا پڕ گۆشتە. ئەگەر ئەوەی بینیبێت، نەدەهات بەوشێوە ناشرینە هێرش بکاتە سەر ئافرەتێکی رووسووری کورد.

هەموو ئەو جۆرە بەرنامانە، گەمەیەکن بۆ پارە پەیداکردن لەلایەن کەناڵەکانەوە، گەمەیەکی مسۆگەریشن. مانەوەی پەرواز تائێستا، جا بەدەنگی دەنگدەر بێت یان هەر هۆکارێکی دیکە، زامنکردنی پارەیەکی زیاترە بۆ ئێم بی سی، وابزانم ئەمانە هیچی بۆ ئێمە گرنگ نین، ئاخر ناکرێت چوونی پەرواز و ناوهێنانی کوردستان چەندین جار، دوو رۆژ لە هەفتەیەکدا و بۆ ماوەی چەندین هەفتە لە یەک لە پڕبینەرترین تەلەڤزیۆنەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە، یەکسانی سفر بکەین. با نیازی هاتنە کوردستان و بزنسیشی هەبێت، بەڵام کاتێک راغب عەلامە لە بەردەم دەیان ملیۆن عەرەبدا پیرۆزبایی لە هەولێر دەکات وەک پایتەختی گەشتوگوزار، کەم نییە، کاتێک بەتایبەتی بەخێرهاتنی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت، کەم نییە. حکومەتەکە گەندەڵیی تێدایە یان نا باسێکە، ئەوەی بەسەربەرزییش بیبینین باسێکی دیکەیە.

ئەو نێوبانگەی پەرواز، بە وتنەوەی چەند گۆرانییەکی ناسک، بۆ خۆی و میللەتەکەی مسۆگەر کرد، بەڕێز مەلا مەسعوود بە سێسەت خوتبەی ئاگرینی، بە هەزاران هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە، چارەکی ئەوەی پێنەکراوە، ئەشەهەدوو کە هێرشیکردە سەر پەرواز، ئەوکات هەندێ نێوبانگی پەیداکرد، ئەمما بەداخەوە نێوبانگێکی ناحەز.

Facebook.com/Goran.Muhemed



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# ریفراندۆم بۆ سەرۆک لەجیاتی دەستوور

پارتی گەرەکیەتی دەستوور بخاتە ریفراندۆمەوە و بە کورت و کرمانجی دەیەوێ زەمینەیەکی دەستووری بۆ سەرلەنوێ خۆهەڵبژاردنەوەی بارزانی فەراهەم بکات. یار و نەیارانیشی بەهیچ شێوەیەک ئەوەیان پێ قبوڵ نییە، یەکێتی هاوپەیمان پەیڕەوی لە سیاسەتی "خورمژ" دەکات و ناتوانێ هیچ بڕیارێک بدات، ئەوەی مەلابەختیار لەم چەند رۆژەدا لە هەڵەبجە درکاندی ئەوەیە کە یەکێتی نە دەتوانێ دەستبەرداری پارتی بێت و نە دەیەوێ لە ناوچەی سەوز و مۆردا بیدۆڕێنێ.

لەکاتێکدا کە یەکێتی میکانیزمی بڕیاری لەدەستداوە. ئەگەر وەک خۆیان دەڵێن تەندرووستی تاڵەبانی هێندە باشە کە دەتوانێ قسە بکات، دەشێ پرسێکی پێبکەن و بڵێن: "ئەرێ چی بکەین؟"، ئەویش وەڵامێکیان بداتەوە و ئەو تەنگژەیەی ئێستا دروستبووە تێدەپەڕێت، بەڵام لەغیابی ئەودا یەکێتی "سازانی سیاسی و بڕیاری گەل"ی هەڵبژاردووە، ئەوەش واتە نە گەل و نە سازان!

"گەل" سیاسەتی پارتییە کە پێیوایە کە دەبێ دەستوور بخرێتە ریفراندۆمەوە تاوەکو "گەل" بڕیاری کۆتایی لەسەر بدات. "سازان"یش سیاسەتی ئۆپۆزیسیۆنە کە دەڵێ دەبێ دەستوور نەخرێتە ریفراندۆم و بگەڕێنرێتەوە پەرلەمان و دوای رێککەوتنی هەموو لایەنەکان ئینجا بخرێتە ریفراندۆمەوە. یەکلایی نەبوونەوەی یەکێتیی هاوپەیمانی پارتی لەو پرسەدا و پێداگیری پارتی سەرەڕای ناڕەزایی ئۆپۆزیسیۆن، پرۆسەی سیاسی کوردستانی تووشی چەقبەستوویی کردووە. ئەوەش وایکردووە کە هاووڵاتیانی کوردستان سەرباری ئەو هەموو ئارامی و خێر و بەرەکەتەی کە رووی لە کوردستان کردووە، بەردەوام هەست بە نائارامی و دوودڵی بکات.

دەرچوون لەو تەنگژەیە کارێکی هێندە سەخت نییە، مادام یەکێتی ناتوانێ بڕیاربدات، هەقە پارتی دەستبەجێ لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆندا بکەوێتە گفتوگۆوە. یەکێتی خۆشی حەزی لێیە تێکەڵی ئەو وەزعە نەبێ، چونکە هیچ بەرژەوەندییەکی لەو پرۆسەیەدا نییە و دەیەوێ بەبێ ئەوەی ئەو تەدەخول بکات بارەکە بەلایەکدا بشکێتەوە. گفتوگۆ لەگەڵ گۆڕان و حیزبە ئیسلامییەکان بۆ پارتی کارێکی ئاسانە و پارتی دەتوانێ فۆرمۆلی جیاجیای پێبێ بۆ مانەوەی بارزانی. دەڵێم "مانەوەی بارزانی"، چونکە کەس هیچ لایەنێکی دەستووری بۆ گرنگ نییە، جگە لە دەسەڵات و شێوەی هەڵبژاردنی سەرۆک، کەس بۆی گرنگ نییە کە "دەبێ هەموو یاساکانی ئەو وڵاتەی ئێمە هیچ ناکۆکییەکیان لەگەڵ شەرعی ئیسلامدا نەبێت" و، ئینجا دوابەدواشی هاتبێت کە نابێ هیچ یاسایەک "دژی بنەماکانی مافی مرۆڤ بێت"!!!، بۆیە مادام کێشە "سەرۆکە" و ئۆپۆزیسیۆن و یەکێتیش بێ سەرۆکن، دەتوانن بەرەو سازشێکی نیشتمانی هەنگاو بنێنن. لانیکەمی گۆڕان و حیزبە ئیسلامییەکان ئەوەیە کە بەهەر جۆرێک بێت وەک پارتی دەتوانن بڕیاربدەن و کورد گوتەنی "سەر"یان هەیە. بۆیە ئەگەر بەڕاستی پارتی هێندە متمانەی بەخۆی هەیە و پێیوایە کە دەتوانێ دەستوور تێپەڕێنێ، دەکرێ بە مەرج لەگەڵ هەموو لایەنەکانی دیکەدا رێکبکەوێت و بەوەش کوردستان لە تەنگژەیەکی گەورە رزگار ببێت.

فورمولەکە زۆر ئاسانە، دەکرێ لەجیاتی ئەوەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بکرێت، بۆ خولێکی دیکە ریفراندۆم لەسەر مانەوەی بارزانی بکرێت وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پارتیش لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان رێککەوتنێکی ئاشکرا ئیمزابکەن کە دەستوور دەگەڕێننەوە پەرلەمان و گۆڕانکاریی تێدا دەکەن، ئەوە یەکێکە لەو رێگەیانەی کە لایەنە سیاسییەکان دەتوانن کوردستانی پێ لەو چەقبەستووییە رزگار بکەن.

شەیدا سەڵاح حیسامی

# کوێستانی سپی و کۆنتراستی رەنگەکان

## خوێندنەوەیەک بۆ سینەمای تەها کەریمی لە چاوی فیلمی کوێستانی سپییەوە

ژان لووک گۆدار، دەرهێنەری فەرەنسی لەگفتوگۆیەکیدا لەگەڵ هاوڕێیەکی سیاسەتمەداریدا دەڵێت: نامەوێ جگە لە سینەما باسی شتی دیکە بکەم، بۆ باسی شتی دیکە بکەم؟ سینەما هەموو شتەکان دەڵێت.

لە سینەمادا، دەرهێنەر دەتوانێ لە یەک کاتدا هەم جوانییەکان و هەم ناشیرینییەکان پێکەوە بخاتەڕوو. جاری واهەیە سیاسەت و کۆمەڵناسی و رەنگەکان تێکەڵدەکات. ئەم تێکەڵکردنە یان تێهەڵکێشکردنە دەبێتە نمایشێکی ناخی دەرهێنەر کە نە نیگارکێش دەتوانێ بیکات، نە نووسەر.

تەها کەریمی لە فیلمی کوێستانی سپیدا وەک کەرەستە پشتی بە سێ هێزی کاریگەر بەستووە کە بریتین لە:

دیالۆگ، رەنگ و دەنگ.

دیالۆگی کوێستانی سپی بۆ خۆی ئەو تێکەڵکردنەی تێدایە کە لەسەرەوە باسمکرد، واتە توانیویەتی دیالۆگی پیاوێکی تەنیا کە بەردەوام بە دوای دۆزینەوەی کەسێکدا دەگەڕێت چیرۆکەکانی بۆ بگێڕێتەوەو، تێکەڵی بکات بە گێڕانەوەی مێژووی سیاسی و نەتەوەیی لە چوارچێوەی ژیانێکی کۆمەڵایەتی سادەی گوندنشینیدا.

کەریمی لەڕێی فەقێ ئیبراهیم، گێڕەرەوەی سەرەکی کوێستانی سپی، چیرۆکەکەی دەگێڕێتەوە و هەندێجار پرسیار بۆ بینەر بەجێدەهێڵێت. بۆیە ئەکتەری سەرەکی ئەم فیلمە بە تاقی تەنیا قورسایی گواستنەوەی چیرۆکەکەی گرتووەتە ئەستۆ، لێرەدایە کە دەرهێنەر رووەدەکاتە رەنگەکان بۆ کەمکردنەوەی ئەو قورساییە.

هەر لە سەرەتای دەسپێکردنی فیلمەکەوە، رەنگی جامانەکان و گەڵای دار و رەنگی تێکستەکان دەخاتە بەرامبەر یەک، بۆئەوەی بینەر ئامادەبکات بۆ بینینی رەنگەکان و دواتر لەم دیالۆگەدا تێهەڵکێشیان دەکات و ئاماژە بە گرنگی رەنگ دەکات لەنێو حیزبە کوردییەکان و دواتر ئەو جورئەتە دەکات کە بیباتە ناو بابەتی براکوژییەوە.

ئەو ئامادەکارییەی کە بۆ بینەر دەکرێت لەلایەن دەرهێنەرەوە، بووەتە خاڵێکی بەهێز بۆ زیاتر راکێشانی بینەر بو تێکەڵبوونی بە چیرۆکی فیلمەکە.

"جەنازەی شانزدە حیزبم ئالوگۆڕ کردووە. هەمیشە بە تەنیا جەنازەکە دەخەمە سەر پشتی ئەسپەکەم، کەس دەستی لێنادات، دەڵێن گلاوە، هەمیشە جەماعەتێک بە رێز و حورمەتەوە دایدەگرن، دەڵێن شەهید و قارەمانە. بڵێی گوناهی ئەم جەنازەیە لەسەر پشتی ئەسپەکەم هەڵوەرێت؟".

ئەمە دیالۆگی فەقێ ئیبراهیمە کە هەمیشە بۆ خۆی دەڵێت، کاتێک پرسیاری لێدەکەن وەڵامناداتەوە. کەریمی دەیەوێ پرسیارەکان بۆ بینەر بەجێبهێڵێت، ئەو شێوازە کارکردنە دەمخاتەوە بیری سینەمای کیارۆستەمی.

کیارۆستەمی لە گفتوگۆیەکیدا دەربارەی سینەمای ئێران دەڵێ "زۆر رقم لەو دەرهێنەرانەیە کە دەیانەوێ بینەر بکەنە قوربانی، یان ئەوەندە کاری تێبکەن کە بە لەشێکی قورسەوە لە هۆڵی سینەما بچێتە دەرەوە. سینەما لای من رێزگرتنە لە بینەر. نامەوێ خۆمیان بەسەردا بسەپێنم، هەمیشە کۆتایی فیلمەکانم بە بینەرەکانم دەسپێرم".

ئەو پرسیارانەی کەریمی لەنێو دیالۆگی فیلمەکەیدا دایناون، وەڵامەکانیان لای بینەرە، کۆتایی فیلمەکەشی بۆ بینەر بەجێدەهێڵێت. تەها لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ تەلەڤزیۆنی KNN دا سەبارەت بە فیلمێکی بە ناوی (من بە کرێگیراوێکی سپیم) ئاماژە بەو نیگایە دەکات کە بەرامبەر بینەر هەیەتی، ئەو دەڵێت: من نامەوێ بە بینەر بڵێم کە ئەم بەکرێگیراوە باشە یان خراپە، بەڵکو ئەو هەڵسەنگاندنە بۆ بینەر بەجێدەهێڵم.

رەنگ لە فیلمەکانی کەریمیدا رۆڵێکی سەرەکی دەبینن. ئەو ناتوانێ خۆی لەم کاریگەرییە دووربگرێت، بۆیە وێنەکانی رەنگاورەنگن، هەمووشیان پێکەوە دەبەستێتەوە. رەنگی سپی فەزایەکی زۆری لەنێو وێنەکانیدا هەیە، تەنانەت لەنێو دیالۆگ و ناوی فیلمەکانی بەکاریدەهێنێ و کۆنتراستێک دروستدەکات لە نێوانیاندا. ئەمە بە ئاشکرا لە فیلمی کوێستانی سپیدا بەرچاو دەکەوێت کە چۆن رەنگی گەڵا و تێکست و جامانەکان یەکدەخات.

ناوی فیلمەکەی دیکەشی دووپاتکردنەوەی گرنگیی کۆنتراستە لەلای تەها، بەکرێگیراوی سپی، بۆچی لێرەدا بەکرێگیراو کە کەسێکی بە رواڵەت ناشیرین و لایەنی خراپی هەیە بەرامبەر رەنگی سپی دادەنێت؟

نموونەیەکی دیکە بۆ ئەم کۆنتراستە رەنگی نووسینی ناوی فیلمەکەیە، کوێستانی سپی. دەبینین کە تەها کوێستانەکەی بە رەنگی سپی نووسیوە و وشەی (سپی) بە سوور نووسیوە. ئەمە لەوە ناچێ بە رێکەوت بووبێت.

تەها کەریمی دەیەوێ بە جۆرێکی دیکە بڕوانێتە شتە خراپەکان، بڕوانێتە شەڕ و قوربانی و براکوژی، ئەو دەیەوێ بڵێت کە دەکرێت بە فرەڕەهەندییەوە بڕوانینە مەسەلە نەتەوەییەکان.

دەنگ لەم فیلمەدا لەگەڵ جوڵەکاندا هاوئاهەنگە، جاری وا هەیە لەگەڵ دەنگی شکانی چڵێکی دار، لەپڕ وێنەکان دەکەونە ناو بۆشاییەکی بێدەنگییەوە کە ئەوەش کۆنتراستی دەنگ و بێدەنگیمان بیردەخاتەوە. دەنگی ئاو بۆ نموونە لەلای تەها گرنگە، چونکە بەردەوام سروشتی کوردستان بەسەر وێنەکانیدا زاڵە. رووبار و کوێستان لەگەڵ دارستاندا بوونەتە کەرەستەی سەرەکی دیکۆری فیلمەکانی و نەیتوانیوە لە فیلمەکانیدا لەو سنوورانە دەربچێت.

ئەو سنوورە خەیاڵییانەی کە دواتر دەبنە چەشنێک لە ستایل و شێوازی تایبەت بۆ دەرهێنەر.



سیاوەش گودەرزی
سوێد
siawash.goudarzi@gmail.com

# وڵاتی "مەغدووران"


لە دوای دامرکانەوەی ئاگری شەڕی ناوخۆ لەساڵی 2000 دا، دەستەواژەی گەندەڵی کەوتە نێو بازاڕی سیاسی باشووری کوردستان. دواتر بەبێ ئەوەی گەندەڵییەک ئاشکرابکرێ و چارەسەرێک بۆ پەتای گەندەڵی ببینرێتەوە، گەندەڵی بووە بنێشتە خۆشەکەی سەر زاران. لەسەرۆک وەزیرانەوە بگرە تاوەکو کرێکارێک باسی گەندەڵی و بوونی گەندەڵی لەتانوپۆی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵگەی باشووری کوردستاندا کرد. بزووتنەوەی گۆڕان هەر بەناوی گەندەڵی سازبوو و هەر بە ناوی گەندەڵیش سەری لە پەرلەمانی عێراق و کوردستانەوە دەرهێنا. ئەوەندە باسی گەندەڵی کرا کە ئیتر رێگەکانی گەندەڵیش بۆخۆی تووشی گەندەڵی بوون و وردە وردە خەڵک لە باسی گەندەڵی بێزاربوون. بە واتایەکی دیکە خودی گەندەڵیش بێ واتا بوو. ئایا کەس سەرنجی داوە بۆ ئیتر وەک جاران باسی گەندەڵی ناکرێت لەکاتێکدا گەندەڵی لە هەموو کاتێکی دیکە بەربینگی خەڵک و حکومەتی هەرێمی کوردستانی گرتووە؟

مەغدوور و غەدرلێکراویش خەریکە بەڵای هەمان گەندەڵ و گەندەڵکاری لێبیدات و کۆمەڵگەی کورد بە بارێکی دیکەدا ئیفلیج و دەستەوەستان بکات. وەک دەڵێن رەنگە بۆ دەرمانی چاویش (ئەڵبەت نەک دەرمانی ئاقاستین، کە چاوان لە بنەوە دەردێنێ) بووە، لەو باشوورەی کوردستان کەسێک نەبێ خۆی بە مەغدوور و غەدرلێکراو نەزانێت. لە وەزیرەوە هەتا گزیر گلە و گازەندە گەیشتووەتە ئاسمانان. ئۆپۆزیسیۆن، گۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵ خۆیان بە غەدرلێکراو دەزانن. پارتی و یەکێتیش هەروا وەک ئەوەی نە بای هاتبێ و نە باران ئەوانیش خۆیان بە مەغدوور دەزانن. ئەندامی پەرلەمان لەبەرئەوەی نەکراوەتە وەزیر نارازی و مەغدوورە، بە هەزاران راوێژکاری بێ راوێژ و مودیرعام کە هەردووکیان وەک یەک مەعاشیان هەیە، ئەوانیش مەغدوورن. پێشمەرگە و خەڵکیش لەوان زیاتر و لە هەموومان زیاتر خۆیان بە مەغدوور دەزانن. بە کورتی لەم وڵاتەدا کەسێک نییە خۆی بە مەغدوور نەزانێ. هەموو کەس مەغدوورەو تەنیا مەغدوور بۆ خۆی مەغدوور و غەدرلێکراو نییە.

لەم باسە زۆر و بۆر و بێتامەی گەندەڵی و مەغدووریدا هەم گەندەڵکار خۆی شاردووەتەوەو هەم مەغدووری بەڕاستیش ونبووە و هەر بە غەدر لێکراوی ماوەتەوە. جگە لەوە خۆ بە مەغدوور زانین لە هەموو ئاستێکی بەرز و نزمی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵگەدا لەخۆیدا نیشانەی خۆدزینەوەو لە بەرپرسیارێتییە. خۆدزینەوە لە بەرپرسایێتیش بە نۆرەی خۆی نیشانەی مردوویی و پێشنەکەوتنی هەموو کۆمەڵگەیە. کە ئەندام پەرلەمانێک لەم رۆژنامە بۆ ئەو رۆژنامە بەپێی زەوق قسە بکات و بە هەر لایەکدا بای بێ شەن بکات و لە هەمانکاتیشدا رەخنەگری هەموو حکومەت و پەرلەمان بێت، بەڵام تەنیا رەخنە لە خۆی و بەرپرسیارێتی خۆی نەگرێت و سەرباری ئەوەش خۆی بە مەغدوور بزانێ، ئیتر رەخنە و بەرپرسیارێتی چ واتایەکی دەمێنێت؟

ئەگەر ئەو بەرپرسە حکومەتییە، ئەو رۆژنامەڤانە و ئەو خەڵکە ئاساییە هەر کامەیان بەپێی پۆزیسیۆن و رێوشوێنی خۆیان هەڵسوکەوت نەکەن. ئەگەر بەرپرسێک بەبێ ئەوەی خۆی بە غەدرلێکراو بزانێ و بە باوەڕەوە بەرگری لە حکومەت و پەرلەمان و داموودەزگاکانی نەکات. (کە بەرپرسی وا لە کوردستان زۆر کەمن، چونکە مۆدە مۆدی خۆ بە مەغدوور زانین و رامالینی بەرپرسیارێتییە). ئەگەر ئەو رۆژنامەڤانەی تەنیا بۆ ئەوە کە نیشانیبدات لەگەڵ حکومەت و سەر بە دەسەڵات نییە، باسی گەندەڵی و مەغدووری نەکات. ئەگەر لەنێو ئاپۆرای مەغدوورانی کۆمەڵگەدا، غەدرلێکراوان دەستنیشان بکرێن و تەڕ و وشک بە ئاگری خۆبەمەغدوورکراوی نەسووتێنن. ئەوە مەغدوور و غەدرلێکراوی دیسان واتای خۆیان وەدەستدێننەوە.

ئەم شێر و رێوی هێنانەوەی من بۆ ئەوەبوو کە لە پێشدا پیرۆزبایی لە تەلەڤزیۆنی رووداو بکەم و دواتر بە رووداو تیڤی بڵێم تکایە تەنیا باسی گەندەڵی مەکەن، بەڵکو گەندەڵییەکان و گەندەڵکاران لە ئاستی هەرەبەرزی حکومەت و پەرلەماندا ئاشکرا بکەن. تەنیا بۆ ئەوەی ببنە دەنگی غەدرلێکراوان باسی مەغدووری نەکەن، بەڵکو مەغدوورەکانی نێو کۆمەڵگە لە ئاستی هەرە ژێری کۆمەڵگەدا ببیننەوە.



چیمەن ساڵح
hiwajamal@rudaw.net

# ئەکاونتی کورد لە عێراق؟

دواترین رێککەوتننامەی کوردستان-عێراق لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە ئیمزاکراوە، باشە کە (ئیمزا) کراوە وەک رایگەیاند، چونکە، کورد تائێستا هەر بڕوای بە دیپلۆماسیەتی زارەکییەو لە شەرما بێ یان لە کەمتەرخەمی بێت، پەنا نابات بۆ ئیمزاکردن وەک بەشێک لە پرۆتۆکۆڵی پەیوەندی و کاری دوو لایەنە، هەربۆیە، گەلێک شتی لەدەستداوە، نەیتوانیوە گەلێک شت وەک کار بە کاربێنێ، ئەوەبوو، لە کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکەی سلێمانی، سەرۆکی حکومەت گوتی ئەوان سواڵکەر نین لە عێراقدا.

بە بڕوای من، ئەوەندەی کورد لە عێراقدا وەک، فرۆشیارە گەڕۆکەکەی بەسەرهاتوە، وەک سواڵکەری بەسەر نەهاتووە!

فرۆشیارە گەڕۆکەکە چی بەسەرهات؟

ئەم چیرۆکە بەڕاستی روویداوە، ماوەیەک خەڵکێکی هەژاند و بیریان کردووە کە چۆن کەسێکی نائاگا ئەگەر شتێکی وای بەسەرهات یاسا بیپارێزێت، چونکە رێسایەکی یاسایی هەیە کە دەڵێ (یاسا بێ ئاگاکان ناپارێزێت) لە یەکێک لە گەڕەکە لاپەڕگەکانی پایتەختی ئوردن، کوڕێکی گەنج، رۆژانە تاوەکو ئێوارە، کەلوپەلی وەک بنێشت و کڵاو و دەرزی و شتی هەرزان بابەتی وای دەفرۆشت، بیری کردەوە، رۆژانە دینارێک کە نزیکەی دۆلار و نیوێکی ئەمریکی دەکات پاشەکەوت بکات و دواتر ژنی پێبێنێت، بە بیریداهات، کە بانک باشترین شوێنە ئەو پارەیەی لێ هەڵبگرێت، رۆژانە دینارێکی دەبرد لە بانک هەڵیدەگرت، دوای زیاتر لە دوو ساڵ چوو پارەکەی وەربگرێ و هیواکانی بەدیبێنێ، کاتێک چوو ناوی خۆی دا، سەیریان کرد، راستە هەرچی فەرمانبەری بانکەکەیە بە بەڕێوەبەرەوە، ئەو کوڕە دەناسێ و زۆریان بینیوە، چونکە هەفتانە چەند جارێک سەردانی کردوون، بەڵام هیچ ئەکاونتێکی بەناوەوە نییە و هیچ پارەیەکی لە بانکدا نییە، لە ئەنجامدا زانرا کەوا ئەو کوڕە، هەر نەیزانیوە حیساب کردنەوە چۆنە و پارەدانان لە بانک چۆنە، بەڵکو رۆژانە چووە پارەکەی خۆی لە سندوقێکی خێرخوازی یەکێک لە رێکخراوە خێرخوازیەکاندا داناوە، پارەکەی کردووەتە ناو ئەو سندوقی بەخششەوە، کە هەر خوا خۆی دەزانێ، چی بەسەردێ و بۆ کوێ دەچێ؟

بەوشێوەیە، ئەو کوڕە زەحمەتکێشە، کە هەموو هیوای ژیانی ئەو نزیکەی 500 دۆلارە بووە، کە کۆی کردبووەوە و ناکاتە مووچەی مانگێکی یەکێک لە فەرمانبەرەکان، یاخود تەنیا خوانێکی بەڕێوەبەر، لەگەڵ یەکێک لە دەوڵەمەندەکان ئاوەو ئاو چوو و لە ئەنجامی نائاگاییدا، خەونەکانی هەڵوەرین و هیچ یاسایەکیش نایپارێزێت، مەگەر خێری پێبکەن، ئەوەش وا پارەی هەفتەیەکیان بەخێردایە، چونکە حاڵەتەکەی فرە دڵتەزێنە، بەڵام بۆ ئەو چی دەبێ؟

–ئەوەی تەماشای ئەو بارودۆخەی ئێستای عێراقیش بکات، لەگەڵ ئەو سەرەتایەی ئازادکردنی عێراق و شەڕی ئەمریکا لە عێراق، پێداهەڵدانی ئەمریکا بە کورددا وسپاردنی چەندان ئەرک بە کورد، ئەو هەموو رەنجەی کورد لەپێناو عێراقدا کێشای، چییە ئەو وڵاتە، لەپاڵ یەکتر نەترازێ، ببێتە نموونە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پڕ لە توندوتیژی ودەمارگیری نەتەوەیی و ئایینی و کولتووری هتد، هەمان ئەکاونتی، ئەو کوڕە فرۆشیارەی دێتە بەرچاو، کە بۆ سندوقی خێرخوازی چووە.!!

ئینجا بۆیە ئەوەی گرنگە، لەمەودوا کەس بە بەرپرس دانەنێ و بە سواڵ بێ و بە ئازایی، زیاتر ئاگای لە ئەکاونتەی خۆی بێ، تاوەکو نەوەک بچێ بۆ خێرخوازی و نە چاوی لە خێر پێکردن بێت.

ئەگەر عێراقیش وەک لە سەرەتادا هیوای ئەوە دەکرا، بەشێک نەبێ لە دەوڵەمەندکردنی ئەو ئەکاونتەو زیاتر دەستەبەرکردنی مافەکانی تاک لە کوردستان، کە ئێستا لە کوردستان وەک پێشووتر نییە و تاکەکان دەستیان بە تێکۆشین کردووە، بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان، ئەوا زۆر گرنگە شتەکان زیاتر دیارییبکرێن و سنووریان بۆ دابنرێ و زیاتر روون بن بۆ خەڵک تاوەکو بتوانن بەرگرییان لێبکەن. لە دوا جاردا، هەر خەڵک دەتوانێ بەرگری لەو ئەکاونتە بکات، بە دەنگ بێ یان هەر خەباتێکی مەدەنی.


ولادیمێر ڤان ویلخنبێرخ
wladimir@rudaw.net

# خۆپیشاندانەکانی تورکیا و کورد

خۆپیشاندانەکانی تورکیا بۆ "چۆڵکردنی پارکەکەی ئیستەنبۆڵ" کە لە 26ی ئایاری ئەمساڵەوە دەستیپێکردووە، خەریکە وەردەسووڕێت بۆ ڕووداوی گەورەتر. لەکۆتاییدا خۆپیشاندانەکە گۆڕا بۆ هەرایەکی گەورە لەدژی حکومەتی تورکیا. هەوڵێکی پۆلیس بۆ کۆتاییهێنان بە خۆپیشاندانەکان وایکرد پرۆتەستۆی زیاتر دەستپێبکەن و بە سەرسووڕمانیشەوە یەکەمین کەس کە ئازاری گەیشتێ سیاسەتمەدارێکی کورد بوو و سەر بە پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP بوو. ناویشی سیری سوورەییا ئووندەر بوو.

کۆبوونەوەی بچووک بۆ ڕێگەگرتن لە بڕینەوەی چەند درەختێک گۆڕا بۆ گەورەترین خۆپێشاندان لە سەردەمی حوکمڕانیی ئەردۆغاندا. ئەمەش بەدڵی حکومەتەکانی سووریا و ئێران بوو، کە داوایان لە سەرۆک وەزیرانی تورکیا کردبوو دەست لەکار بکێشێتەوە.

ئەو ڕاستییەی کە کورد بەشدارییان لە خۆپیشاندانەکانی ئیستەنبۆڵ کردووە، بووە مایەی ڕەخنەی هەندێک لە کوردانی کوردستانی عێراق. هۆی ئەم ڕەخنەگرتنەش ئەوەیە کە ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکان (بەتایبەتیش پارتی کەمالیستەکان) زۆرتر لەدژی کوردن وەک لەوەی کە دژی پارتی ئاشتی و گەشەپێدان AKP بن. ئەوانەی خۆپێشاندان دەکەن لە ئیستەنبۆڵ لەدژی ئەوەنین کە کورد لە تورکیا دەچەوسێنرێتەوە یان لەبەرئەوەی لە ڕابردوودا مافی مرۆڤ پێشێلکراوە.

بۆیە هەندێک لە کوردان پێدەچێت لەبیریان چووبێت کە پارتە کوردییەکان لە تورکیا زۆرتر باکگراوندێکی چەپانەیان هەیە و کوردە عەلەوییەکانیش خووی دژایەتیکردنی حکومەتە ئیسلامییەکەی AKPیان هەیە نەک کوردە سوننەکان. هەربۆیەش عەلەوییەکان زۆر دڵیان بە دوایین قسەکانی ئۆجەلان خۆش نەبوو کە باسی ئەوەی دەکرد دەبێ زۆرتر ناسنامەی ئیسلامیی (سوننانە) لەنێوان کورد و تورکدا خاڵی لێک نزیککردنەوە بێت.

بۆیە سەیر نییە کە کوردانی عەلەوی بەشداری لەو خۆپێشاندانانەدا بکەن کە پارتی کۆماری CHP و پارتی BDP بەیەکەوە سازیاندەکەن، چونکە بەشێک لە عەلەوییەکان پشتیوانی لەو دوو پارتە دەکەن. هەروەها هەموو کوردانی چەپیش لە ئیستەنبۆڵ دژایەتی حکومەتی ئێستا دەکەن. لە ساڵی 2009دا، سیاسەتمەداری کورد ئایسەڵ توغلوک پێشنیازی ئەوەیکرد کە هاوپەیمانێتییەک لەنێوان کەمالیستە چەپئاژۆکان و کورداندا لەدژی AKP پێکبهێنرێت.

ئەو کەسە کوردەی لە ئیستەنبۆڵ بریندار بوو، واتە ئووندەر، تورکێکی چەپڕەوەو ئەندامی BDPیە، ئەو پێشتر بەشداری لە گفتوگۆکاندا کردووە لەگەڵ ئۆجەلان ، بەڵام لە خۆپیشاندانەکانی ئیستەنبۆڵدا ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا. بەپێچەوانەی کوردستانی عێراقەوە، جووڵانەوەی سیاسی لە تورکیا ئەندامی کورد و تورکیان هەن و زۆرتر لە پارتی و یەکێتی چەپئاژۆن. هەروەها ئەندامە دامەزرێنەرەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK، کەسانی تورکی چەپئاژۆ بوون.

بەهەرحاڵ لەم ساڵانەی دواییدا PKK هەوڵیداوە دەنگی ئیسلامیی سوننیی زۆرتر بێنێتە نێو جووڵانەوەکەیەوە و بەوهۆیەوە کێبرکێ لەگەڵ AKPبکات ، وەک ئالْتان تان، کە لەنێو هەمواندا وەک "پارێزەری شەریعەت" دەناسرێت.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئەو خۆپیشاندانانەی ئیستەنبۆڵ چ کاریگەرییەکیان دەبێ لەسەر پرۆسەی ئاشتی لەنێوان PKK و AKP، چونکە هەر ئووندەربوو کە قسەی لەگەڵ ئۆجەلان دەکرد و بەشێکبوو لە نوێنەرانی دانوستاندنکاران. یالْچین ئاکدۆغان، ڕاوێژکاری ئەردۆغان، گوتی هەنگاوی دوای کشانەوەی PKK بریتییە لە دانوستاندن.

وەڵامی ئەم پرسیارە ڕەنگە لە دیاربەکرەوە بێت، کە پایتەختی "سیمبۆلییانە"ی "کوردستان"ی تورکیایە. سەرەڕای هاوسۆزی هەندێک لە کوردان لەگەڵ ئەو خۆپیشاندانانە، شارە کوردییەکان لە تورکیا هەر بێدەنگن .





هیوا مەحمود عوسمان
hiwa@rudaw.net

# ڕۆڵی بارزانی

ناکۆکییە کۆنەکەی نێوان دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان خەریکە سەرهەڵدەداتەوەو هەر لەئێستاوە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەستی پێکردووەتەوە و ڕەنگە شۆڕبێتەوە بۆ دروستبوونەوەی ناکۆکییەکان.

لەدوای ئاهەنگی ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی ، کوردستانی عێراق بەفەرمی دابەشبووە بۆ دووبەرە لەسەر مەسەلەی دەستوور. لەلایەکەوە پارتی و لەلایەکەی دیکەش پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان و هاوپەیمانە ستراتیژییەکەی پارتی، کە یەکێتییە . زۆر قسە لەسەر چارەنووسی دەستوور کراوە کە ڕەوانەی پەرلەمان بکرێتەوە یانیش بخرێتە ریفراندۆمەوە. ئەم مشتومڕە هەر بەردەوام دەبێ و ڕەنگە کوردستان ئیفلیج بکات و کار بگاتە ئەوەی دەرئەنجامی خراپی لێبکەوێتەوە و، لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەکی نوێ، هەرێمەکە زیاتر دابەشدەبێت لەسەر ئەم مەسەلەیە و گرژییەکانیش لەنێوان لایەنەکان زیاتر دەبن. ئەمەش بەرپرسیارێتییەکی زیاتر دەخاتە سەر شانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەک کەسی سەرەکی لەناو جەرگەی ئەو ناکۆکییەدا. ڕکابەرەکانی دەڵێن کە جەختکردنەوە لەسەر ریفراندۆم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە.

هەڵوێستی ئەو لەسەر دەستوور، دەیکاتە یەکێک لەلایەنە ناکۆکیدارەکان و ئەمەش هێز دەداتە بۆچوونی ڕکابەرەکانی.

پێویستبوو لەسەرەتادا بارزانی ئەو هەڵوێستەی لەسەر ڕەشنووسی دەستوور نەبووایە، لەبەرئەوەی پێویستبوو ئەو هەمان دووری هەبووایە لە بۆچوونە جیاوازەکان و پارتەکان لەکاتی ناکۆکی و دوابڕیاری، بڕیاری ئەو بووایە.

لە دیموکراسی مۆدێرندا، کاتێک سەرۆک و سەرۆک وەزیران و بەرپرسانی دیکە داوایان لێدەکرێت دەست لە پۆستە حیزبییەکەیان هەڵبگرن، بارودۆخێکی وەک ئەمەی ئێرەیە کە هەوڵدەدەن خۆیان لێدووربخەنەوە.

کاتێک بارزانی ئەو پۆستەی گرتەدەست، داواکاری هەبوو کە دەست لە کاری حیزبایەتی هەڵبگرێت و ببێتە سەرۆکی هەمووان.

قەیرانەکەی ئەمدواییە ئەوە دەسەلمێنێ کە هێشتا کورد لەنێو خۆیدا کۆک نین و زۆر مەسەلە هەن کە ڕای جیاوازیان لەسەری هەیە. دەستوور و شێوازی بەڕێوەبردن و حوکمڕانی هەرێمەکەش هێشتا هەندێ لەو مەسەلانەن کە ناوچەکەی پارچە کردووە.

زۆربەی کات دەستوور گەل یەکدەخاتەوە نەک پارچەی بکات، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەو پرۆژەی ئێستای دەستووری هەرێمی کوردستانە کوردی پارچە پارچە کردووە. ناشبێت سەرۆکیش ببێتە بەشێک لەو پارچەبوونە. دەبێ ئەو سەرچاوەی گرژییەکان لابەرێت و لەهەموو لایەکەوە هەمان دووریی هەبێت.

ئەمڕۆ بارزانی ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەیەکی گەورەبووەتەوە تاوەکو توانای سەرکردایەتی خۆی پیشانبدات و بیسەلمێنێ کە ئەو سەرۆکی هەمووانە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان توانیویەتی پێگەیەکی کوردی هاوسەنگ دروستبکات لە ناوچەیەکی پڕ کێشەی وەک ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ، بەڕاگرتنی هەموو فاکتەرە دەرەکییەکان، دەبێ بشتوانێ هاوسەنگییە ناوخۆییەکانیش ڕابگرێت.

پێویستە پارتەکەی و ڕاوێژکارە نزیکەکانی هاوکاری بکەن و لەلایەکەوە بیهێننە نێوەڕاستی مەسەلەکان، لەبەرئەوەی ئەمە یەکەم کێشەی ناوخۆیی دەبێت کە ناچارە مامەڵەی لەگەڵ بکات بەبێ مام جەلال.


دەیڤد ڕۆمانۆ

# دڵڕەشەکانی سووریا

وادیارە سووریا کەوتووەتە نێو کوشتارگەیەکی تەواوەوە. بەمدواییە هەندێک هەواڵی قێزەون لەبارەی شەڕ و پێکدادانەکانی شارۆچکەی قوسەیر و گوندێکی نزیکی ئەو شارۆچکەیە بەناوی بەیازە بیستران. چەکدارانی ئەسەد چواردەوری بەیازەیان گرتووە و دەستیانکردووە بە کوشتنی گوندنشینان، کە لەنێویاندا مەلای گوندەکەشی تێدابووە. گوایە ئەمە خەڵکی گوندەکەی تووڕە کردووە، بەهۆی ئەوەی کە ئەو مەلایە هەر بەردەوامبووە لە پشتگیریکردنی ڕژێمەکەی ئەسەد.

بەسەرهاتی کۆرپە و منداڵان، کە لە باوەشی دایکیاندا کوژراون، پەیامێکبوو خوێنەرانی دەهەژاند. ئەوانەی ئەو کوشتارە ئەنجامدەدەن، تەنیا ڕژێم و هاوپەیمانەکانی نین. قسە و باسی زۆر لەسەر ئەوە دەکرێت کە چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆنیش کۆمەڵکوژی دەکەن، کە دواییینیان بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆی چەکدارێکی ئۆپۆزیسیۆنە کە دڵی سەربازێکی کوژراوی سووری دەخوات.

کاتێک خەریکی باسکردنی ئەو ڕووداوە قێزەونانە بووین، کەسێک ڕستەیەکی پێگوتم: "هیچ کەسێک وەک موسڵمان، ناتوانێ موسڵمان بکوژێت و دواتریش باسی سەرکەوتن بکات". بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە مەسەلەکە ئایین نییە، بەڵکو پەیوەندی بە هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە خراپترین ناکۆکییەکاندا هەیە، کە ئەویش ململانێی تایفەگەری، شەڕە ئەهلییەکان، ڕکابەرییەکانی نێوان مردن و ژیان، کە دراوسێیەکان ڕووبەڕووی یەکدی دەکەنەوە. وڵاتانی ڕواندا، کۆنگۆ، یۆگۆسلاڤیای پێشوو و کۆڵۆمبیا و چەندین شوێنی دیکە، کە لەمیانەی شەڕی نێوخۆدا ئەو کردەوە دڕندانەی تێدا کراوە، بێگومان ئەوانەش وڵاتانی موسڵمان نین. تاوەکو ڕووداوەکان ڕوونەدەن، کەسمان ناتوانێ بڵێت چی دەکات و چی ناکات لەو ساتانەدا.

بەنێوبانگترین ڕۆماننووسی ئینگلیزی کە باسی ئەو پرسیارانە بکات، جۆزێف کۆنرادە. لە ڕۆمانی (تاریکیی دڵ)دا، کۆنراد باسی سروشتی مرۆڤایەتی و لووتبەرزیی کۆلۆنیالیزم و "شارستانییەت" دەکات. ئەو چووەتە نێو هەستەکانیەوەو دەڵێ هیچ ڕێگرییەک لەبەردەم مرۆڤایەتیدا نییە. دوژمنی پاڵەوانی نێو ڕۆمانەکە، کاتێک بیر لەو مەسەلەیە دەکاتەوە، لەسەر جێگەکەی لەنێو دارستانەکانی کۆنگۆ کەوتووە و دوایین وشەی بریتییە لە: "ئەی هاوار، ئەی هاوار".

هەمان بیروبۆچوون لەکارەکانی دیکەی کۆنرادیشدا بەدیدەکرێن . لە ڕۆمانی (لۆرد جیم)دا پاڵەوانی سەرەکی خەون بە پاڵەوانێتی و ئازایەتی خۆیەوە دەبینێت ، بەڵام کاتێک ڕووداوێکی تووش دەبێت، ئەو پاڵەوانە ئازایەتییەکەی لەدەستدەدات و لە بەلەمێکدایە کە پڕە لە حاجی و بەرەو مەککە دەڕۆن. ئەو پشت لە حاجییەکانی دیکە دەکات و هەموویان دەخنکێن. بۆ هەتا هەتایەش ئەو پاڵەوانە خەم بە ترسنۆکی ئەو ڕۆژەیەوە دەخوات، بەڵام لەکۆتاییدا لۆرد جیم تۆڵەی خۆی دەکاتەوە بەوە دەکاتەوە کە کردەوەیەکی چاونەترسانە لەپێناو خەڵکیدا ئەنجامدەدات. ئەو لە دوورگەیەکدا ئەو کارە دەکات. خەڵکی دوورگەکە بەهۆی ئەو کردەوەیەوە خۆشیاندەوێت و دەیکەنە یەکێک لە خۆیان.

لە ڕۆمانی (سیخوڕەکە)دا کۆمەڵێک یاخیبوو لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، هەوڵدەدەن ڕەوشی شاری لەندەن تێکبدەن، ئەویش لەڕێگەی پرەنسیپە شاراوەو ئایدۆلۆژییەکانیانەوە .هاوکات سیخوڕەکانی حکومەت و ئاگرخۆشکەرەکان لەکۆتاییدا خۆیان دەتەقێننەوە، تاوەکو ئەو یاخیبووانە لەناوبەرن و بە هەمان شێوە پاساو بۆ کردەوەکانیان دەهێننەوەو پشت بە پرەنسیپ و ئایدۆلۆژیا شاراوەکەیان دەبەستن، بەبێ ئەوەی هیچ گرنگییەک بە مرۆڤەکانی بەرامبەریان بدەن .

ئەو ڕۆمانانە ئەوە دەسەلمێنن کە جۆزێف کۆنراد هیچ متمانەی بە حکومەتەکان و یاخیبووان و ئایدۆلۆژیاکانیان نەبوو. هەرچەندە کۆنراد بە ئینگلیزی ڕۆمانی دەنووسی، بەڵام ئەو ڕۆماننووسە لە تەمەنی بیست ساڵیدا فێری ئینگلیزی ببوو. ئەو خەڵکی پۆڵەندا بوو و وڵاتەکەی تووشی پارچەکردن و داگیرکاری ببوو لەلایەن زلهێزەکانی ئەورووپا، کە هەموویان لەژێر دروشمی گەورەکراوی شارستانییەت و مۆڕاڵگەراییدا کاریان دەکرد. هەندێک لە کۆنرادناسەکان دەڵێن ئەو هەمیشە وەفای بۆ بەهاکانی خێزان و کۆمەڵگە و نەتەوە هەبووە. بۆ کۆنراد شتەکانی دیکە هەموویان تەنیا لووتبەرزی بوون و بایەخدان پێیان تەنیا بەپێی بەرژەوەندی بووە.

ئەمڕۆ خەڵکی سووریا زۆر باش لەو "وەفادارییە" تێگەیشتوون. لەبەرئەوەی ژێرخانی داگیرکارانەی دەوڵەتی سووریا بەرەو ڕووخان دەچێت، ئێستا سوننەکان، عەلەوییەکان، کورد، مەسیحییەکان و دروززەکان ماونەتەوە. لەگەڵ هەر ڕووداوێکی قێزەوندا، هەموو نەتەوەکان ڕووبەڕووی دڵڕەشەکان دەبنەوە. کومەڵکوژی عەلەوییەکان لەماوەی چەندین سەدەی ڕابردوودا لەلایەن سوننەکانەوە، هەروەها لەماوەی چەند ساڵی ڕابردووشدا، پێش ئەوەی کۆمەڵکوژی سوننەکان بکرێت لە بەیازە. هەروەاش چاوەڕێدەکرێت کە لە ڕووداوەکانی داهاتوودا، سوننەی دیکە بکوژرێن، سەرەڕای کوشتنی عەلەوییەکان. نەتەوەکانی دیکەش هەوڵدەدەن خۆیان لەو گەردەلوولی کوشتنە بەدوور بگرن. چاوەڕێدەکرێت ئەو شەڕ و کوشتارە بەردەوام بێت تاوەکو ئەو "وەفادارییە" بمێنێتەوە.

*** دەیڤد ڕۆمانۆ، پرۆفیسۆری سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە لە زانکۆی ویلایەتی مزووری لە ئەمریکا و نووسەری کتێبی (بزووتنەوەی نەتەوەی کورد)، ئەم گۆشەیە بە تایبەت بۆ (ڕووداو) دەنووسێ.**


هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# سازی ناساز

هێشتا چەند مانگێکی ماوە بۆ دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکان لە کوردستاندا ، بەڵام لەوەتەی مام جەلال نەخۆشە و لە شانۆی سیاسیدا غائیبە، یەکێتی هەڵمەتی بانگەشەکردنی بۆ هەڵبژاردنەکان دەستپێکردووە . هەڵمەتێک کە ئەگەر چاوی پێدا نەخشێنرێتەوە، ڕەنگە ئەنجامی پێچەوانەی بۆ ئەو حیزبە هەبێت.

ئەو قەیرانەی لەوماوەیەدا تووشی یەکێتی بووە، هەر لە نەمانی مەرکەزییەت لە لێدوان و بڕیاردانەوە بگرە تاوەکو دەگاتە ناڕوونی لە سەنگەربەندیی سیاسیدا، دەریدەخات کە ئەو حیزبە گرنگەی کوردستان پەلەقاژەی خۆڕزگارکردنیەتی لەوەی کە ببێتە سێیەم یان چوارەم حیزبی گەورە لە کوردستاندا.

ئەو پەلەقاژەیەی یەکێتی، مادام دوورە لە توندوتیژی و بە شێوازێکی شارستانییانەیە ، کارێکی چاک و ڕاستە، بەڵام ئەو یارییەک دەکات کە زۆرتر لە یاری شەترەنجزانێکی ئەزموونديدە دەچێت کە لەپڕ لەترسی دۆڕان دەشڵەژێت و بە چەند جووڵەیەکی ریسکدار، خۆی وادەکات کە بدۆڕێت.


یەکێتی دەیەوێ بیسەلمێنێ کە سوودی لە هەڵەکانی هەڵبژاردنی ڕابردوو وەرگرتووە و ڕێگە نادات جارێکی دیکە جەماوەرەکەی ڕوو لە گۆڕان یان لایەنێکی دیکە بکاتەوە . بۆیەش لە هەڵوێستەکانیدا و لەلای هەوادارانی، خۆی وەک شەریکێکی لامل و ناڕازی بە پارتی پیشاندەدات. ئەو لاملییەش زۆرتر لە پرسی ڕاپرسی لەسەرکردن یان گەڕاندنەوەی پرۆژەی دەستوور بۆ پەرلەماندا بە زەقی دەردەکەوێت. هەرچەندە ئەوە تائێستاش وەک هەڵوێستی فەرمیی یەکێتی فۆرموولە نەکراوە و بڕیارسازانی ئەو پارتە وەک ڕای تاکەکەسیی خۆیان دەریدەبڕن، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە تەنیا کەسێکی بڕیارساز لەنێو یەکێتیدا کە مابێ لەوبارەیەوە قسە بکات و پیشانی نەدات لاملی دەکات بەرامبەر پێداگیری پارتی و بارزانی لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدە .

دیسانیش یەکێتی چاکدەکات کە ئەوکارەی بەشێوەیەکی شارستانییانە دەکات، بەڵام بۆ هەر چاودێرێکی ڕەوشەکە، ئەوە بەڕوونی دیارە کە یارییەکە لە یاریی شەترەنجزانە شڵەژاوەکە دەچێت.

بۆچی؟ لەبەرئەوەی یەکێتی هێندەی حیساب بۆ هێورکردنەوە و ڕاکێشانی ئەو دەنگانە دەکات کە دەیانەوێ بە ناکۆک لەگەڵ پارتیدا بیبینن، هێندە حیساب بۆ ئەو ریسکە ناکات کە بەهۆی ناسەقامگیری هەڵوێستەکانییەوە، گورز لەو هاوپەیمانێتییەی دەدات کە لەگەڵ پارتیدا هەیەتی. ئەگەر یەکێتی هاوپەیمانێتییەکەی لەگەڵ پارتیدا بدۆڕێنێت دەبێتە نێچیرێکی ئاسان بۆ ڕکابەرەکانی لە سلێمانی و ریسک بە پێگەی سیاسی و ئیداریی خۆی دەکات.

لەگەڵ ئەوەدا نیم کە دەستوور بەبێ تەوافوق بخرێتە ریفراندۆمەوە، چونکە دیتوومە و زانیومە کە لە پێشکەوتووترین سیستەمە دیموکراسییەکانی جیهانیشدا چەندە حیساب بۆ خاوەنی زۆرینەی دەنگ دەکرێت، هێندەش حیساب بۆ ئەوە دەکرێت کە نابێ ئەوانەی خاوەنی دەنگی کەمترن ببنە فاکتەری ناسەقامگیرکردن و قووڵبوونەوەی لێکترازانی نیشتمانی. بەڵام ئەوە منم و هیچ هاوپەیمانێتییەکی ستراتیژیم لەگەڵ پارتیدا نییە تاوەکو لە هەڵوەشانەوەی بترسێم. بەپێچەوانەی یەکێتییەوە کە ئەو هاوپەیمانێتییەی هەیە و لەو یارییانەدا کە لەم ڕۆژانەدا دەیکات بەڕوونی دیارە کە حیسابی بۆ دەرەنجامەکانی پاش هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانێتییەکەی نەکردووە .

تاوەکو پارتی و پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆن ئاوازی لەیەکدی جیاواز بخوێنن، پارتی بۆی گرنگە کە یەکێتی لە دەڤەری سەوزدا بەهێزبێت، بەڵام کاتێک گوێی لە سازێکی ناساز بێت لەلای هاوپەیمانە سەوزەکەی، ڕەنگە بیر لەوە بکاتەوە کە لەگەڵ ڕکابەرە وەنەوشەییەکەیدا خۆی هاوئاواز بکات. ئەوەی لەو نێوەندەشدا سازی دەشکێت یەکێتییە .




Rûdaw
Rudaw readers know more

خاوەنی ئیمتیاز : کۆمپانیای ڕووداو
سەرنووسەر : ئاکۆ محەممەد ako@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
بەڕێوەبەری دارایی و کارگێڕی : عەبدوڵڵا قرگەیی abdulla@rudaw.net
نوێنەری ئەوروپا : هێمن عەبدوڵڵا hemen@rudaw.net
دیزاین: بەختیار مستەفا، هونەر مەرجان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net | www.rudaw.net

